۱۰۰ نوقلە چیرۆك

# حەوتەکانی حەمەتاڵ

حەمە سەعید زەنگنە _ کەرکووك

## چەوتەکانی چەمەتاڵ

❁ بابەت : نوقڵە چیرۆك

❁ نووسینی : حەمە سەعید زەنگنە

❁ پێداچوونەوەو هەڵەگریی: نزار محەمەد سابیر

❁ بەرگ و نەخشەسازیی ناوەوە: دلێر زەنگنە

❁ تیراژ:

❁ چاپی: یەکەم ٢٠٢١

❁ بایی:

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان
ژمارەی سپاردنی (     )ساڵی ٢٠٢١ پێدراوە

به ڕۆحی بەرزەفڕی "جەمال کاکل ئاغای هەمەوەند"

پێشکێشە !

"٠"

## "حەوتەکانی حەمەتاڵ"

وشەی خواوەند! بۆ خۆی حەوت پیتانەو..واش قاوە!
بەشەش ڕۆژان گەردوونی چێ کردووەو..لە حەوتەمین ڕۆژدا! لەسەر عەرشەکەی پاڵی لێدایتەوە. ئاسمان حەوت تەبەقەو، گوایە زانستیش سەلماندوویەتی! ئەو ڕۆکێتانەی ڕووەو مانگ هەڵدەکشێن! حەوت جۆرە بەرگەگاز دەبڕن.
دڵگیرترین کەلوش! دیسانەوە لە حەوت ستێران پێکهاتووەو، لە نێو عەوامدا پێی دەوشن:
"حەوتەوانە!"

پێشـــانیش! عاجبایەتییـــەكانی دنیـــا حـــەوت بـــوون و، هەفتـەش حـەوت ڕۆژەو، مـۆری پەنجـەش لـە دادگـا! بـە حەوت ئەنگوستان نێوی دەبەن.

دەرگـەكانی قەیسـەریی كـەركووكیش حـەوتن و، دەنێـو فۆلكلۆریی كوردەواریشدا هەموومان! چیرۆك و حیكایـەتی حەوت برامان ژنەوتووەو. زۆر حـەوت و حـەوتووانی تـریش هـەن! بـە حـەفتاو حـەوت قورئـان! نامهـەوێ ئـەنگۆی لەگەڵ! بێوازبكەم.

بخوێنانی حەوتەیلی حەمەتاڵ!

وانـەزانن! ئەمـەی لۆتـانی دەگێڕمـەوە هەڵبەسـتراوە..یان چـیرۆكێكی دروسـتكراوە! یـاخود سـەرهاتێكی ئەفسـانە ئامێزەو.. بۆتانی باس دەكەم، نە! وانییە بـڕوام پێبكـەن. چـۆنم بیسـتەو..بە چ شـێوەم گـوێ لێبـووە، بـەبێ كـەم و زیاد، بەبێ ترش و خوێ! بۆتانی دەگوێزمەوە.

بابـام! بــەر دلۆڤــانیی خـــوا كـــەوێ.. لێـــل مـــردووی ئەنگۆدا..گشت جارانێ دەیگوتمێ:

"كاتێ داك و بابت.. وێككەیشتن و، بـە ژن و مێـرد بـوون! حـەوت شـەو و حـەوت ڕۆژان، خـەڵكیی حـەوت گونـدانی

دەوروپشـــتمان. بـــێ شـــەکەتبوون، حـــەوت دەمـــژمێران هەڵپەڕیون!"

دەشیگوت:

"پاش حەوت مانگ و حەوت ڕۆژان..دایکـت ژانگرتوویـەتی و..حەوت شەو و، حەوت ڕۆژان، ئـەم دایکـە بەسـتەزمان و هەناسـە سـەردەت! بـە تـۆوە جـەڕاوەو، شـێخ و مشـایەخ نـەماوە، هانـای بـۆ نەبـەین و.. لێـی نەپاڕێینـەوە! گـش ڕۆژێکی خوایی، ئێمە ئاژەڵێکمان بۆی کوشتووەتەوەو، لـە حەوتـــەمین ڕۆژو، حەوتـــەمین ئاژەڵـــدا خـــوا تـــۆی پـــێ بەخشیوین."

جا بەرێ خۆ بدێ!

حـــەوت شـــەو و حـــەوت ڕۆژ، شـــەوارەیان بـــۆ گرتـــووم و..شـــیرینی و شەوچـــەرەیان بەشـــیوەتەوەو، لەســـەر حەوتەمین شەودا، نێویان لۆ هەڵبژاردووم.

دوای حـــەوت دەمـــژمێران گفتوگـــۆو گەنگەشـــە! بـــەکۆی دەنگ. نێویان ناوم

"محەممەد!" کە ئەمەیشە حەوت پیتانە.

هەر چەندە مامێکم ناوی "مووحەمەد" دەبێت! لێ نـەنکم جێگەی بەهەشت بێت دەڵێت:

"ناوێکی پیرۆزو مەبارەکەو، دروستە حەوت مووحەمەدان لە ماڵێدا هەبن و، حەوت پشتانت "مووحەمەد" ناو بێت!"

بەڵان لەبەر سەختیی ئەو ژان و ئێش و وەزەنەی دایکم! بە حەمەتاڵیان نێوزەد کردووم!

نەنکم گلکۆکەی پڕ ڕووناهی بێت، منالێ بووم! گش جارانێ! پێی دەکوتم:

" حەمەتاڵێ! بێ ژن و بێ ماڵێ.. مەئموور مەرکەز چەمچەماڵێ، کە دیسانەوە لە حەوت پیتان پێکهاتووە.

پاشان لە میانی خزم و کەسوکارو ماڵباتەکەمدا! بۆ خۆشەویستیی و چاوەزار، بە حەوت ناوان گازیان کردووم: "حەمەتاڵێ، حەمەگوڵێ، کاکەتاڵێ، حەمە، حەمەشیرین، تاڵەو، حەمەی شەمە" لە سۆنگەی دایکی ڕەحمەتیمەوە بووە، کە نێوی شەمسە بووە.

کە دیسانەوە سێ لەو حەوتە، حەوت پیتانە.

حەوت براو خوشکان بووین.. یەکێکمان چووەتە بەر ڕەحمەتی خوا! وەك لە گەورەکانی خۆم ژنەفتووە..سەر لە بەیانیی کاژێری حەوتی، مانگی حەوتی، ساڵی پەنجاو حەوت.. یەکەم زیرەم لێوە بڵیند بووەتەوە.

واتە لە دایك بووم!

دوای حـەوت شـەو و حـەوت ڕۆژان.. لـە نێونـانم! تووشـی نەخۆشـییەکی سـەخت بـووم و.. حـەوت دەرمانـەم بـە گەروویدا کراوە، گوایە بە بۆن کەوتووم! لـێ پـاش حـەوت دەمژمێران هێدی هێدی ڕوخساری پێشانم بۆ زقڕیوەتەوە.

بەحەوت مانگی لەدایك بووم!

بەحەوت مانگی دانم دەرهێناوەو، بە حەوت هەیڤیش فێری گروگاڵ بووم! بە حەوت ساڵی وەبەر خوێنـدن نـرام و، لـە حەوت قوتابخانەو. حەوت گەڕەکی جیام خوێندووە.

حـەوت سـاڵ سـەربازی و، حـەوت سـاڵان و.. حـەوت هەیڤانیش فیرارو دەربەدەر بووم!

خێزانم پێکەوەناوەو، دیسانەوە حەوتین! سێ نێرو چـوار مێ.

لەو تەمەنەی، تاوێستاکە.. بەسەرم بردوون، حەوت کارانی جیاجیام کردووە، زیاتر لە دوو حەوتانیش کتێبم نووسیون و، بڵاوم کردوونەتەوە!

هەنووکەش زێتر بە حەوت نێـوی خـوازراو، جگـە لـە نـاوی خۆم دەنووسم!

زاڤتر لە حەوت بەرپرسـیاریی دیـارو نادیـارم هـەن و، حـەز دەکـەم ئـەوەژی ئاشـکرا وەکـەم! دە نێـو کانتۆرەکـەی

ماڵەوەمدا، حەوت قـاتی چـاکەت و پـانتۆڵ و، دووحـەوتان کـراس و، حــەوت حــەوتووان قــەرەوێتی پــان و.. حــەفتاو حەوت قەرەوێتی نۆرماڵم هەن.

له گەڵ حەوت جلکی کوردی و حـەوت پشـتێن، تەمـەنم لـە دووهـــەزارو حەوتـــەوە ڕووەو.. لێژبوونـــەوەو چـــەمینەوە چووە. لاشت سەیر نەبێت!! ئەم نووسـینە حـەوت جـاران هەڵــەگریی بــۆکراوەو، حەوتوویــەکیش پشــتی نووســینی وەشێنراوە.

* ئـــەم نوقڵـــە چـــیرۆکە( ژیـــانی خۆمـــە) لـــە ســـاڵی (٢٠٠٧) نووسراوەتەوەو، له کۆواری کانیی وەشێنراوە.

"١"

## "سەرهاتیێکی تەواو نەبوو..."

تـــەنیا خـــواو ســـەدام و جـــەللادەکانی بـــە ئاگـــابوون!
ڕزگاربوویەکی ئەنفال وا سەرهاتەکەی گێڕایەوە:
شەوێکی ئەنگوستەچاو! ڕەش ڕەش وەك هەناوی خۆیان.
ڕستێك ئیڤای چڵکن، کەپوویان لێك ژەنی بوون! بیابانێکی دۆزەخیی قووتیدان.

شەتڵەکچێکی ڕووهەڵبزڕکاو، لێوهەڵقرچاو.. بەئالی دایکە جـــەرگ ســـووتاوەکەیەوە ڕۆنیشـــتبوو، کـــە دوومنـــاڵی، سەگەڕەش خواردبـوونیی و، سـێیەکەی دیکەشـی، خۆیـان بەلایەکی شانی دادابوو، بەچپە بە دایکی کوت:

"دایکە! (دایکە! پیچەك ڕووی وەرچەرخاند) لەوەناچێت! بـــۆ گوندەکـــەی خۆمانمـــان بەرنـــەوە، زۆر دەترســـم! بمانکوژن!"

داپیرەیەك! بەرانبـەری.. بـە تـەزبیحەکـەی ملـی، لائیلاهـە ئیلەڵڵای دەکرد، باگۆیداوە:
"کچم! پشتت بە خوا قەیم بێت.. ئەوی ئەو ڕازیی لە سەر نەبێت! نابێت."

لێ دایکی بەبێدەنگیی دەستیی برد، توند توند کراسەکەی جەڕاند! بەمانای دەنگت بڵێند مەکەوە، نەکا منداڵەکان بەئاگابێن و بترسن!

هێندەی نەبرد! ئیڤاکان خاویان کردەوەو، وێستان.

ئەفسەرێکی ڕەشتاڵەی قێزەون! بە زوانی قورئان واتی:

" ئینزلووووو یاغەجەڕ"

ئیدی، لەمە بەدواوە تەنێ! خواو سەدام و جەللادەکان دەکارن، سەربوردەکەتان لۆ تەواو بکـــــــــــەن!

.................................

شەتڵەکچ : کچێ تازە خوێنی دیبێت، نوێ کەوتبێتە سەرخوێن. عادە

ئـــــال : لا، نك، کن، تەك.

ڕۆنیشتبوو : دانیشتبوو.

پیچەك : قیچەك، کەمێك.

تەنێ : تنێ، تەنیا.

"٢"

## "نەستەلە"

کـە لـە نەخۆشـخانەکە چـوومە سـەری، لاقێکـی لـە خـوار ئەژنۆیـەوە قرتـابوو! ڕووخسـارە بەفرئاسـاکەی، بـەخوێن نەخشابوو! کاتیێ گوێی لەدەنگم بوو.. پێڵـووی چـاوەکانی بەئاسـتەم هــەڵبڕین و، بــە دەم پاشمـاوەی هەنیسـك و، گریانێکی جەرگبڕەوە پێی گوتم:

"بابە ! ! شێنیێ بەبەرچاومەوە، بوو بەدوو لەتەوە."

هەفتەیەك زێتر بوو "شێنیێ و شێبا" چاوەڕوانیی باوکیـان دەکرد، دا مووچەکەی وەربگرێت و، بیانبات قاتی کابۆیـان بۆ بکڕێت! تـازە لـە بـازاڕ گەڕابوونـەوە، دەسـتی یـەکیان گرتبوو، وەکو دوو بەچـکە کوکـووختی لـە پـێش دەرکـەی خۆیان دەسووڕانەوە و گۆرانی:

"کــەرکووکی گــڕ شــاری.......................) یـان دەگوتەوە ! "

گرمەیەك.. کە لە هەمبێزیدا تـرس و مـەرگی بـەخش کـرد. هـێمنی و ئـارامیی ئــەو ئێـوارەی گەڕەکەکـەی کوشــت !

تەمێکی دڕندە و قێزەون، وەك خۆیان ناشیرین! ڤاڵایی شارەکەی تەنیی.

دایکیان ڕۆژی پاشتر.. لەپرسەکەیاندا! جلکە نوێیەکانیانی بۆن دەکردو، بەدەم لاواندنەوە دەیگوت:

"لە بازاڕ سەرو نەستەلە دەکڕن.

دڵیان نایەت بەبێ من بیخۆن! چاویان کوێربێت، هەها! ئەوەتانێ دە نێو بەڕکیاندا."

........................

هەمبێز : ئامێز، باوەش.

ڤاڵایی : بەتاڵایی.

## "٣"

## "کیـێچ"

کەدەهاتن! هەمیشەماڵی مـــە.. خانـەخوێیان بـوو! هـەر لەبەر مزگەفتەکە دەیانکوت:

"ئێمە خانەخوێی خۆمان هەس!"

"باشە بـــــــــرا!"

جگە لەوەی چی خـوا دابـێتی لـە پێشـیان دادەنـرا! گـش کـــەڕەتێکیش تراشـــیان دەکـــردو، کەلپەلـــەکانیان تـــێ دەوەشێنرا* و، دەکولێنراو دەشۆرا!

دایکـم بـە سـەری سـپییەوە، سەرشـۆرکەکەی بـۆ گـەرم دەکردن. لەڕۆیشتنیشیان دا.. دایکـم گـش کـاوێ نوشـتێك نان و دوو سێ سەلکە پەنیرو، پیوازی بـۆ لـە پریاسـکەیەك دەنان:

"ئەمانـە بۆئێمـە لـەم شـاخ و داخـەن! پێویسـتە وەکـی گلێنەی چاومان خزمەتیان بکەین!!"

دوای (١٠) ساڵ لە مێوانی و خانەخوێی.. دەمـێ باوکـــم! فڕۆکە دەیکوژێ و، دوو خوشکم ئەنفال دەبـــن و، شـوێن لەق دەبین!! دایکم کوتـی:

"بیســـتمەوە، فلانەکـــەس، مەنســـوولی ئـــەم شـــارۆکەو دەڤەرەیـە ! بـێ شـەرم و فـەدی، بـێ تـرس و سـڵکردنەوە ڕۆژێك چووم ! چەند پێیان کوتم:

(دایە حاجی ! پیاو نییە، سپڵەیە ! مەچوو)

بڕوام نەکرد، بەخۆم گوت:

"سیروان لێشت نەدەم هەر ئەمبەی؟"

ســلاوم لــێ کــرد، لــە ژێــر لێوانــەوە، منگەیــەکی لێــوە بڵیندبووەوە، کە هـەواڵی ژنەکـەیم پرسـیی، کـوتی باشـە ! بەپێکەنینەوە،

کوتم:

"لەوەیــە نەمناســییەوە؟ نەیهێشــت زۆری لەســـەر بــڕۆم

کوتـی:

"پیرێــژن ! زۆری درێــژە مــەدەرێ ! لەوەیــە چێشــتێکی ساواری.. ساردەوەبووتان پێدابێ، شەرمناکەن !

هـــەر یەکـــەتان دێـــت ! دەکوڕوزێتـــەوەو، بەچـــاومانی دادەداتەوە؟"

وەلا دایکیشم ناکاتە نامەردی، دوو تفی خەست.. لـە دووڕ چاوانی دەکا !

دایکم کوتـی:

"خەجاڵەت بوو، چ قسانی نەکرد ! !

زەنگێکی لێدا کوتی: ئـەم پیرێژنـە بەڵایـــــــــــــە، ببەنـە دەرەوە ! "

........................................

*دەوەشـێنرا: پێشـان ئەسـپێ و کـێچ زۆر بـوون.. کەلپـەل دەنێـو تـەنووردا تێـوەردەدرا.. بۆ ئـەوەی ئەسـپێ و کێچـەل بوەرێنـە نێـو ئاگرەکە، جا بەوە دەگوترا ، وەشاندن.

جاری واش بوو، تەنوور گەرم نەبوو، لە مەنجەڵێکدا دەکوڵێنرا.

پریاسکە: بوخچەی لە دەسرۆکە.

"٤"

## "تــــریّ"

سمێڵی قاچیی..ڕدێنی خەنە و شەکرد! پۆشاکێکی ڕەشی دووکـەڵاویی پۆشـیی، پانتۆڵەکـەی بڕێـك هەڵکێشـا، ڕووەو مزگــەفتیّ نــاوی خــوای هێنــا. ئــەو ئێوارەیــە! وانــەی دزەکردن، بـە نێـو ئـاپۆرای خـەڵك و، خۆپەراوێزخسـتن و، خۆحەشـــاردانیان هـــەبوو. لەڕێگـــە دای بـــە تەنیشـــت قوتابخانەیەکـدا! بـیری کەوتــەوە، سـبەی ڤـیّ دەمـیّ! کۆبوونەوەی داییبابە..لیّ ئەوی لەدنیایەکی دییە!هەر خۆی بەرسڤی داوە، جـا ئـەوەی کـەی کێشـەیە. کـاتیّ گەیشـتە مزگــەفتیّ.. دەزنوێژەکــەی تــازە کــردەوە! لــە ژوورێکــی پشـــتەوەی مزگەوتەکـــە، وێـــڕای دوو فێرخـــوازی دیکـــە، مرۆیەکی سادەو چـون خۆیـان، کـە هـیچ گومـانی لـە سـەر هەڵنەدەچنرا..وانەی مینی پیّ دەگوتنەوە.

خولەکە بەنێوی:

"خالیدی کوڕی وەلید" نێودێر کرابوو.

وانەکان تیـۆری و پڕاکتیکـی بـوون! ئـەو ڕۆژە کۆتـا ڕۆژی خولەکە بوو.

"مامۆستا سەلامولّلا"، وانەی پێ دەگوتنـەوە ! دەسـتپێك بەخێری هێنان، ڤێجا بەردەوام بوو، بەر لەوەی دوومـاهیی پـاژی یەکـەمی گوتـاری تیـۆریی وانەکـە بێـت ! یـەکێ لـەو سـێیە !لە دووانەکـەی دی بەتەمـەنتر بـوو، کـاوێکی تـریش هـەمان پرسـیاری ورووژانـدبوو، هێمـان سـێبەری گومـان دەسەریدا نەڕەوییبووەوە کوتی:

"ئـەو خەڵکـەی دەبنـە قوربانی..پێچـێ ! ژن و منالّیشـی تێدابن ! کێ گوناهباره ؟

مامۆستای خولەکە سەلامولّلای کوتی:

" کەس " ئەم زێتر جەختی کردەوە !

"سـەلامولّلا" نەیهێشـت بـەردەوامیی بەڕسـتەکەی بـدات، کوتی:

"عەبدولّا !

هەر یەکێ لە ئێمە بەر لەوە، لـە تەشـك و دامـێنی دایکمـان بەرەوەبین ، چارەنووسمان نووسـراوەو، دیـاریی کـراوەو، بۆمان بڕاوەتەوە.. کە چەند بژین! ئەوە گشتمان لەسەری کۆکین.. وایە ؟"

"عەبدولّا" دوو جاران سەری سەروخوار پێکرد.

"ئەوە ویستی خوای گەورەیە !

تۆ ویستەكەی خوا جێ بەجێ دەكەی! چون بەجێهێنـەری ویستی خوای تاك تەنیای، پاداشتیش دەدرێیتەوە "

"عەبدوڵا" زەردەیەكی تەبت و هـەداو ڕەحـەتی ڕوخسـاری داپۆشی.

شەوێ ویستی بچێتە پاڵ ژنەكەی..بیری كەوتـەوە! ئـەوی سـوبحەینێ لای حۆرییـەیلی بەهەشـتە! دوو سـوڕەتی قورئـان دەور كـردەوەو، لەسـەر گـازرای پشـت لـە بـان جێگەكەی كەوت! خەیاڵ بەدرێژایی ئەو ڕۆژە! یاوەرو، دە دەوروخولیدابوو، كەڕەتێكی دی ئامبازی بووەوە:

"لەسـەر كانییـەكی تـەنراو.. بـەپونگ و ڕەیحانـەو، گـوڵی ڕەنگامە وێستاوە.

بوهـار ئاخلێڤەیـە. دەشـتودەر تـەڤ خـەملێون! شـنەی شەمالێكی هەدار..بۆن و بەرامەو شەنگ و ئـارامیی! زاڤـتر بەوارەكە بەخشیوە!

تێنیی بوو ، دانەوییەوەو، بـەری لـەپی لەسـەر تاتەبـەردی كانییەكـە خسـت و.. بـینی بـە ئاوەكەوەنا!چـەندی دەخـواردەوە تاسـەو، تـوونێتیی نەدەشـكاو! نـازاڤ نـەدەبوو. لـێ تـا دەهـات جەسـتەی سـڤك و، ئۆخـژن وەگیانیدا دەزڤڕی.

چاوی لە ئاوەکە کرد! وێنەی خۆی لەئاوەکەدا دیت! گەنج بووەتەوە، تازە خەتی داوە! جلکێکی ئارمیشی سپیی گوڵدۆزیی زێڕی لەبەردایە، شاکامی و دخسینی بە خۆی دەبرد و، بەقای بە چاوەیلی ناکرد.

ناگەهان! کەنیشکێ بەژن زراڤیی سپیکەلەی چاڤ ڕەش.. خوشیك و دەهەندە، بەزەردەیەکی تژی گریشمەو ناز، ئەنگووستە شووشەییەکانی لەسەر شانی خستن و پێی گوت:

" هەڵستە دا خزمەتت بکەم!"

مچوڕکێکی پیاگەڕا.. لای کردەوەو، کوتی:

"تۆ حۆرییت؟"

"نا من یەکێك لە کارەکەرەکانی حۆرییەکانی تۆم"

درەختەیل! بە ئاسماندا وەرببوون، هەمبێزیان لێکنابوو..تێکترینجابوون، لەتیرۆژەیلی زیوینی هەتاو زویرو نارازی بوون، کەجارجارە! بۆ سەر زەوی دزەیان دەکرد. بەری درەختەیل چون کەزی و مەمی کچۆڵان زاریان ئاوڕێژ دەکرد.

كچــە بەعیشــوەو ناز..كەوتــە هاوشــانی و، نــەرم نــەرم دەچـوون، برسـی بـوو، مگێـزو ئـارەزووی چووەسـەر بۆڵـە ترێیەكی هەنگوینی!

بەخۆی كوت:

" چەوای لێكەمەوە"

هێمان كوتەكە دە زاریدا بوو! هێشووی ترێیـی تـاین شـۆڕ بـــووەوە! عەبـــدوڵا دەســـتی بـــۆ بـــرد، بـــەر لـــەوەی بیكاتەوە..بۆڵەترێی نارنجیی هاتە نیو ئەنگوستەكانییەوە، دەنكێكی لۆ دەوی برد، تـامێكی هێنـد بـە چـێژو تایبـەتی بوو، گیانی لەهەوەس سیخناخ بوو.

مرخی لە كچەدا..هزرو ئاوەزی لە لەشولاری هاڵان! خەریك بوو پڕی بداتیّ، كچـەی یـارۆ بـەنازێكی بـەدەوی كچـانەوە كوتـی:

"ئەگەر پێت خۆشەو بەمن ڕازیت! حەزو هەواو كـەفوكوڵی دڵت دامركێنیتەوە، من نۆكەریت دەكەم!"

لەم ئاخاوتنانەدا بوون!

چەند قریشكەیەك هات!

سـەری بـەرزەوەكرد، كۆمـەڵێ كچـۆڵەی كڕوكـاڵ، ڕووت و قـــوت.. بـــەحیلكوهوڕ و گریشـــمە.. دەســـتیان

بەجلكەكانیانـــەوە گرتـــوون و.. بـــەرزی دەكەنـــەوەو ڕایدەوەشێنن! بە تۆنیكی پڕ لە نازو سۆزو مەكرەوە هاوار دەكەن:

"نەكەی! ئارام بگرە، واهاتین!"

كچە دەستێكی لە كەلەی.. "عەبدوڵا" ناو، بـۆ ئـالی خـۆی بە كێشی كردو، بە دەستەكەی تری دیاردی كرد:

" هەها!! ئەوانەت دیتوون؟"

بواری نەدا زار هەڵبێنێتەوە، گوتی:

"ئەوانە گشتی هی تۆن"

ئەم مەیل و ئەلهاو كەڵكەلەو ئارەزووی.

یەشـتان لای وێ بـوو.. تـەواو ورووژابـوو! حـەزو هـەواو هەوەس.. مێشـكیان تـەنی بـوو.. كلیـزو لیكـاو بەلالێویـدا چۆڕاوگەی بەستبوو، گیـانی یـەك پارچـە ببـوو.. بەتاسـەو خولیاو شەهوەت، خەریك بوو سـووی دەبـووەوە، دەسـتی بۆ نێو گەڵی برد.

هەداو حەوسەڵەو تەنای نەمان!

تاقلێ خۆی لە ژێر پەتووی هاوژینەكەی نا!

ڕۆژی دوایـــی! ڕۆژنامـــەكان بەمانشـــێتێكی درشـــت نووسیبوویان:

"باخچەیەکی ساوایان.. بەتەنیشت قاوەخانەیەکەوە، بە سووتماك بوو."

................................

دەهەندە: بەخشندە، دڵاوا.

نازاڤ : تێر ئاو.

ئارمیش : ئاورێشم.

هەدا : سەبر، حەوسەڵە.

تەبت : ئارامی، هێمنی.

تەشك : داوێن.

مرخ : حەز، ئەلها.

هەوا : ئارەزوو، کەڵکەڵە.

کلیز : کەفشێك، لیکاوی دەم.

ئاخلێڤە : سەرەتای بەهار.

شاکامی: دخسین، حەسوودی.

تاڤلێ : تاڤل، دەستبەجێ

"٥"

## "بنكەی پۆلیس"

لە "بنكەی سێرێیان" لەواری قامیشەڵان، "عەلی بەگ قۆمیسەر"و "مامەحەمە غەریب"یش پۆلیس.

"مامە حەمە غەریب" دزێكی ژیر و، لێزان و، مەعلان و، بە ئەزموون دەبێت! سەرەڕای ئەم خەسڵەتانەی، هەرچیی ڕاوڕووتێك دەیكات.. وێڕای "عەلی بەگ" براوبەش لەتی دەكەن.

ڕۆژێك "میمكە ئامە"ی هاوژینی بە "مامە حەمە غەریب" دەڵێ:

"غەریبە، وازبێنە! هەرچی دز و چەتەهەن هەموو گیران"

"مامە حەمە غەریب" دەڵێ:

"بێ ئەقڵ من مەركەزێك بەخێو دەكەم! ئاخر پێمنالێی كوو دەگیرێم؟!"

....................................

مەعلان : لێزان، پسپۆڕ، شارەزا، بەڵەد.

قۆمیسەر: قومسێر.

"٦"

## "خەیاڵپلاو"

شەوانی لێ دەهات بەدەم خەیاڵی خۆش و.. سەیرەوە خەوی لێ دەکەوت.. ئەوێ شەوێ بە ڕێگەدا دەڕۆیشت! ناگەهان چەمەدانێکی دۆزییەوە! بۆماڵەوەی بردەوە، تماشای کرد.. گشتی بازنگ و، گوارەو، مستیلەو، ملوانکەی زێڕە.. ترسی لێ هات! ئەم هەمی ئاڵتوونە چی لێ بکات و.. چۆنی بە پارە بکات.. ئەوە ئاشکرایە هی پیاوێکی زێڕینگەرەو.. ئێستێ هەموو زێڕینگەرەکانی ئاگادار کردووەتەوە.. بیری کردەوە! جارێ نەیفرۆشێ و بۆسالێکی دی هەلگرێ.. یان ژی بچێ لە شارەکانی خواروو.. بەپارەیان وەکات، لێ سلی دەکردەوە.. زمان نازانێ و، لەوەیـــــە! بەخورتی و بە تۆپزیی لە چنگی دەربێنن. داما! ئەو شەوە خەوی لێ نەکەوت.

پاشترێ کوتی:

"ئەی بۆجانتاکە (١٠) دەفتەر دۆلار نەبێت؟!"

جانتاکەی ڤەکرد.. دەفتەرە دۆلار لەیەك هالابوون!! خانوویەکی بەهەشت دەفتەر کڕیی. ئاڵتوونی بۆ ژنەکەی کڕی! ماڵی کرد، ئۆتۆمبێلی کڕیی، هزری کردەوە! هەر

دوو خۆشكەكەی بێـوەژنن.. ئـەدی شـتەك بـەوان نـەدات؟ براكەی نەخۆشەو ماوەیەكە لەماڵەوە كەوتووە ! ئاوڕێكیان لێ نەداتـەوە؟ پارەشـی هـیچ بـە دەسـتەوە نـەما ! كـوتی جانتاكە بـا كـەمێك گـەورەتر بـێ و، (١٠٠) دەفتـەر دۆلاری تیـابێ ! كەوتــە پلانــدان و بەرنامەڕێـژیی ! ئیـدی تـەواو شاگەشـكە بوو..خزمـەكانی گشـت بەسـەركردەوە ! هـزری لەوە ناكردەوە پێی بێژن:

"تۆ ئەم هەموو پارەیەت لەكوێ هانیی؟"

كەچی ! بیری كەوتەوە ئەم گوژمە دۆلارانە.. گشتی لەسەر ژمارەیە ! ئەگەر ناسییانەوەو، پەنیی بوو چ بكات؟ خەم و جەخار دایانگرتەوە ! لەبیرازو چارەسـەر دەگـەڕا.. هێنـدە هێناو بردی، خەو زەفەری لێ هێنا ! مەلابانگدان ! ژنەكەی نوكەشەقێكی تێوەژەن:

"ئەحمـەو، ئەحمـەو ! هەسـتە نوێژەكـەت بكـە..درەنگـە بۆسەركار بچۆ"

چشـــتەنگاو، كەدەســـتیان بـــەردا.. لـــۆ وەی قیچـــەك بحەســـێنەوە ! خەیاڵەكـــەی بـــۆ هاوڕێكـــەی گێڕایـــەوە، هاوڕێكەی دەستی بە پێكەنین كرد و كوتی:

"ئەتوو باشی! من شەوی وایە! سێ جاران سەربەخۆیی کوردستان ڕادەگەیەنم و، حکوومەتی کوردی چێ دەکەم .. وەلێ هەر خۆشم تێکیدەدەمەوە."

....................................

چەمەدان: جەنتا.

"٧"

## "دایكێك"

بە پەڕلەمانتێرانی كوردستان پێشكێشە .

"وەرە وە دادوەرت دەكەم."

"بـێژە!"

"هەر كە بازێڕی كەركووك ئازادكرا! چەند هەیڤێكی نەبرد، ئێمـــە چـــوار بـــرا بـــووین: دووانمـــان بـــوون بـــەپۆلیس، برایەكیشم، دەكن پارتی بوو بە ئاسایش!"

"خۆشت یەكێتیی وانییە؟ هە هە هە"

"ئەریَ! هە هە هە ئەوە چۆنت زانیی؟!"

"جلوبەرگەكەت هاوار دەكات."

"دایكم لیرەو زنجیرێكی زێڕی كۆنی بی.. باوكی ڕەحمەتیم بـەبووكێنی بـۆی كـڕی بـوو، زۆری لا شـیرین بـوو! گـش جارانیَ پێی دەكوتین، ئەوە یادگارییەكەی حەمە عەلییـە! مەگەر گلّ، یاخود كوردستان ژ گەردنمی بكاتۆ."

"مەبەستی لە كوردستان چی بوو ؟"

"جاوا لۆت باسدەكەم."

"باشە ئەدی باوكت چ كارە بوو؟"

"کرێکار بوو! وەلێ مەردمێ گەلەك وریـا و دنیادیـدە بـوو، بەو کرێکارییە، هـەموومانی دە مەکتـەب نـابوو، بـێ دڵێـی نەدەکردین. ئێمە چوار براو، دووخوشك بووین.. دەبـەرایی نەوەدەکانی سەتەی ڕابردوو گیرا! تا نووکـە چارەنووسـی بزرە!"

"بمبەخشـە! بـرینم کولانیتـەوە، کوتـت بـەبووکێنیی بـۆی سەنیی بوو؟"

"بەڵـــــێ! جا ئەو یادگارە پڕ بەهاو ئارزشەی لۆ فرۆتین و، بەچوار چەکی بۆ داین! پێشـمەرگە! تاکوتـەرا نـەبێت، گش خۆیان چەکیان کڕیوە!"

"دەزانم! درووود بۆ ئەو دایکە مەزنەت."

"هـــەزاران جـــار (بەدەســـڕەکەی چـــاوەیلی گوشـــین) دایکـــــم! وێـڕای برایـەکم، کـە مفـەوەزی پـۆلیس بـوو، خوشـــکێکم، تـــازە وە بـــاوەخوێنیی گـــەڕابووەوە! لەتەقینەوەیەکی تیرۆرستیدا هەرسێکیان شەهیدبوون."

"ڕەوانیان شاد بێـت، خـۆزی ئـەم کۆسـت و کارەسـاتانەم نابیست، ئازارم دای! فەرموو قسەکانت تەواو بـــــکە."

"هاااا، جااااویستم! ئەوەت پـێ بەوشم، مووچەی خـۆم و هەر دوو براکەم و، بە شەهیدەکەشـەوە، نیـوەی مووچـەی

ئەنــــدام پەڕلـــەمانێك نابێـــت! ئـــەم شـــەو ژنـــەفتم! پەڕلـــەمانتێران داوای دەمانچـــەی سیمســـی ئـــەڵمانی و کلاشـینکۆڤی بـێ قۆناخیـان کـردووە! دایکمـم یادهاتـەوە، هەزاران درووود بۆ ئەو هەیهێزو خیرەت و نەفس بەرزییەی! خۆ مـن نایـژم بادەمانچـەو، چـەکیان نـەبێ! ئـەم حەمکـە پارەیە وەردەگـرن، دەبـا دەمانچـەیەك و کلاشـینکۆفێکی بۆپارێزگاریی خۆیان پێ بسەنن."

"ئەڤە پاژێکی گووتەیەلی پێشمەرگەیەکی کەرکووکی بـوو، ئـەمن بەتاکسـییەکەم لـە تـاخی ئازادییـەوە دەمگەیانـدە شوێنی مەبەست، دا بۆ گوندی خەرابەڕووت بگەڕێتەوە"

١٦ی٧ی ٢٠١٥

......................................

گش : گشت، هەموو، هەمی، تەڤ ، خڕ.

بەرایی : بەراهیی، ســەرەتا، دەســتپێك.

نووکە : ئێستە، هەوکە، هەنووکە، نها، نهۆ.

تاخ : گەڕەك

هەیهێز: غیرەت، ئازایی

"٨"

## "ســـەلمە"

ڕۆژانە بەدەست قالە سوورەوە ڕەزالەتم بـــــی.. هەمیشـە سیلەی کۆڵانەکەی لێ گرتبـووم! خـۆی لـێم بـە ئـەولیاکرد بوو! بە عەزرەتەوە بیم، بەو گوزەرەدا ڕێ بکەم.

"سـەگباب دەزانم! تـۆ نێوانـت لێـل کچـەیلی سـەلمەڕەش خۆشە"

"مامە قالە بەخودای من لە ئاوی کانیی پاکـــژ ترم!"

ئیدی کوڕو کـاڵی گـەڕەك.. چ قـودرەتبی، دوو جـاران بـەو کوچەیەدا، هاتووچـۆ بکـەن. ئەمـە چـی بـوو.. کەناچـەیلی "ست سەلمە" ئـەلمۆدەن! خـەڵکی گـەڕەکیش بەخەلیفـە قادر گازیان دەکرد. بە پلەیەك لـە خـوار خـواوە.. چـاویان لێ دەکرد..پاشترێ من کەوتمە کۆلێـژی و ئاگـام لـێ بـڕا! جار جار کە دەگەڕامەوە.. دەمـدیت و سـڵاوم لـێ دەکـرد. سـێیەم سـاڵی خوێنـدنی زانکـۆم بـوو.. دوای نیوەڕۆیـەك گەڕامـــەوە، قەرەباڵغییـــەکی زۆر لـــە کۆڵانەکـــە بـــوون.. باوکـــــم ماوەیەك بـوو، ناســـاغ بـوو، لـەباوکم ترسـام! کەچی!کە پرسیارم کرد کوتیان:

"مامە قالەیان لە ماڵی سەلمەڕەش گرتووە"

"چـۆن! ئـەدی وی دوو گوێچـکەی ڕواون.. خـەریکی خواپەرستییە؟!"

"شـەوێ مێردەکـەی سـەلمە دەیهـەوێت دەسـت بـە ئـاو بگەیـەنێ.. تارماییـەکی ڕەش دەبـینێ، کـەلێی نزیـك دەبێتەوە، دەیناسێتەوە خەلیفەیە..خۆی هەڵدەداتە سـەر دیوارەکـەو، ئـاودیو دەبێـت. جـا ئـەوە! پۆلیسـە هـاتوون بیبەن.. مێردەکەی سەلمە کوتوویەتی لۆدزیی هاتووە."

یەکێ لەو لایانەوە وێسابوو، کوتـی:

"لەوەشە وا نەبێ!"

بەڵان! مەردمێکی بەساڵاچوو دەستێ ڕانکوچۆغەی لەبـەر بوو، مشکییەکی مۆری بـە سـەرەوە بـوو، لـەولایان وێسـتا بوو، نزیك بووەوەو، کوتـی:

"ئێـوە منـاڵبوون! (قـامکی بـۆ مـە ڕاکێشـا!) ئێمـە دراوسـێیان بـووین، دواتـر چـوینە کۆڵانەکـەی ئـەو دیـوو، خەجە لـە دایـك نـەببوو! مەبەسـتم کچـە نۆبەرەکەیـەتی! خەلیفەیان دیتبوو، دەستی لۆ نێوگەڵی سەلمە برد بوو."

## "٩"

## "گویـــز"

پــاش ســڵاو و هــەواڵ پرســین، دانیشــتن.. زۆر بــاس هاتــە ئــاراوە، ڕەوشــی نێوخــۆ، دەوڵەتــەیلی ئیقلیمــی و پــەتای کۆڕۆنا. چای هێنرا و خورایەوە.

میوان! مامۆستایەکی بنەڕەتی بوو، پرسیاریکرد.

"ئەم کاکەیە لە خوێندن چۆنە؟"

(دەستی بۆ ئارامی کوڕی وەستا ڕەسووڵ درێژ کرد)

باوکی پیچەك داماو، چاوێکی لە ئارام کرد:

"وەڵا مامۆستا چ بێژمەتــە، خــراوە! تەمەڵــە! هــەرەبانیی زۆر دەکا! ناخوێنێ.

ئەوە نیــازم وایــە! ئــەم ســاڵ دەرنەچــێ، بۆگوندەکــەمانی بنێرمەوەو، لای گاگەلی کەم!"

ژوورەکــە چــەند چــرکەیەك کــپ بــوو، ئــارام زۆر بەخۆیــدا شــکایەوەو، ســەری لەمیانــەی ڕانــی خســت و، ئازگارێــك ڕەنگی پەڕیی، وەلێ متەقی نەکرد.

مامۆستا کوتی:

"ئەوە لۆ کاکە، خۆ تۆ ماشەڵا گەورەی؟"

ئارام هەر سەری هەڵنەبڕی.

مامۆستا لە قسان بەردەوام بوو:

"کاك ڕەسووڵ بەیانیان گوێزی بدەرێ گوێز!"

ڕەسووڵ کوتی:

"بەخوا مامۆستا گوێز و هەنگوینیشم بۆیان کڕیوە! ئارام ئەوە خۆیەتی"

(دیاردی بۆ ئارام کرد)

ئارام نەیهێشت باوکی زێتر بەردەوامی بە وشەکانی بدا..ڕوویکردە باوکی و کوتی:

"باوکە گوێز چییە؟"

باوکی ڕەنگی تێکچوو، لێ بەسەرخۆی نەهێناو، گوتی:

"ئەوەی هەموو بەیانییەك دایکت لە گەڵ هەنگویندا، بۆتان دادەنێ!"

مامۆستا هەڵیدایێ:

"هەها!

(ئەنگوستەکانی خڕکردنەوە)

" چون هەڵمات خڕە! توێکڵێ ڕەقی هەس! دەیشکێنی کاکڵەکەی دەخۆی!"

ئـارام قیچـیێ دەباوکـــــــــی ڕامـاو.. جـارێکی دی زاری بەشکردەوە:

"بەخوا بـــــاوە !من قەت نەمدیـوە"

مامۆسـتا جـوان لەشـتەکان گەیشـتبوو.. پرتـەقاڵیکی لـە سـەرمێزەکەی بـەردەمی، هـەڵگرت و کەوتـە پـاکردنی، زەردەیەك کشتەکی لێوەیلی کشان و، ڕووخساری تەنیی:

"لەم پرتەقاڵە چووکترە، لیێ ئەوی ڕەق و بەتینە"

ئارام دە بنی نەچوو! جارێکی دی کوتی:

"بە خوا مامۆستا هەر نەمدیوە !"

................................

کشتەك : چەند داوە دەزوویەکی پێکەوە بادراو.

میانە : نێوان، میان، ناڤبەر، نێوەڕاست.

ئەنگوست : قامك،، تبل، پەنجە، پۆنجك.

دیـــارد : هێما، ئاماژە.

## "١٠"

## "شێر"

شەمامەیەکی ڕەنگینی گوڵبەدەم، دەژێر سایەو ساباتی دایکیدا.. بێستانێکی بەر فرەی تژیی لە گوندۆرەی خەملاَند بوو. ورچیٚ چوارپەل قەویی تەمەن کردوو و، هێسکگران، چووە نێو بێستانەکەو، تا توانی شەقوپەق و لووشی کردن. دواتر گەڕا سووڕا شەمامەی بەدی کرد.

شەمامە سەراسیم و زارەترەك بوو، کەوتە لەرزیین و ترپەی دڵی هەوراز بوو، سووسەی کرد! دووماهیی ژیانێتی و.. ورچەبۆر مرخی لێخۆش کردووە و، ڕووەو وی پێنگاڤ دەنیٚ! ئێستە نا ئێستە دەمی تێدەژەنیٚ!

ئاوەزو هۆشمەندیی لیٚ هێنایە کارو، هاواری کرد:

" بوەستەو مەیەرە پێش "

هرچ کەوتە پێکەنین و بەشایی بەخۆبوونەوە بە خۆی کوت:

" بەزم خۆش بوو! ناسکۆڵە چەند جوان تێمدەخوڕیٚ "

ئێستێکی کرد. کوتی:

"بـۆن و بەرامــەو شــەنگی و ناســکیت حــەیرانی کــردووم، دەبێت تامت کەم و چێژت لێ وەرگرم؟)

شەمامە کوتی:

"ڕازیـــــــــــم!

وەلێ سەرهاتی شێرێکی بەلەسەو هـارت لـۆ دەگێڕمـەوە، وازێ خۆ بدە من!

ئــەرەکوو حەوســەڵەو ئــۆقرەت بــێ؟ ئــەوە دەزڤڕیتــەوە دەمی لاوی و.. هەنگینێ دەمبەخشی!! پێچەوانەکەشی ، ئــەتوو زەرەر و زیانــت نــەکردووە؟ مــن ژی (دەم نییــە هاکەم.. قاچم نییە ڕاکەم، قـوڕی کـوێ بەسـەر خۆماکـەم) هەر دەمخۆی!"

ورچی گۆرین کوتی:

"ڕازیـــــــــــم!"

شەمامە کەوتە گێڕانـەوەی سـەرهاتی شـێرو، بـەردەوامیی داێـی، ورچـی تـاینیش گـوێی بـۆ هەڵخسـتووەو، خـەیاڵ و ئەندێشــەی لاوی بردوویــە! ئاگــای لــەدەردووری خــۆی نەمایە! سەرهاتیش تا دێ پەل دەبێ و. ئـەویش هێنـدەی خواردووە، مڕ بووە، باوێشـك دەدا ، ناگـەهان شـێری هـار سەری ورچی خوارد! ڕۆژی پاشتر بووە تەمەری و

**خۆراکی ! مۆریەو جانەوەر دەمیان لە جەندەك و لاشەکەی ژەنیی.**

**شەمامەش ئێستاکانیٚ کۆمایە نـەوەو تۆرەمـەو زاتـۆرەی ! بێستانەکە دەڕازێننەوە.**

**.....................................**

سەراسیم: سەرلێشێواو

**هەربینا : هاکا، هەر ئەوەنەت زانی.**

**مۆریە : زیندەوەر، حەشەرە.**

**جەندەك : لاشە، تەرم**

**تۆرەمە : نەوە، زاتۆرە.**

**تەمەری : خۆراکی باڵندە.**

## "١١"

## "حەڵقـــــــــــە"

پـــوورم! لـــە بـــێ گوارەییـــدا ناچـــار بـــوو، حەڵقەکـــەی لـــە گوێخســـت. وێ لەشـــەڕی "عێـــراق – ئێرانـــدا" باڵـــەفڕ! شووەکەی کوشت و، کوڕەکەشی لەسۆنگەی هەواداریی بـە پارتێکـــەوە!! پـــارتێکی دی گرتـــی و، بـــە دوو قالـــب سەهۆڵەوەی گرێدا.. تا لاقێکی خـامۆش و چـاوێکی تاریـك بوو.

دواتر سەری خـۆی هـەڵگرت و، دەریـای ئیجـە لـە هـەناوی خۆی دا بزری کرد. ئاپۆشم کـوڕە زرتـە زەلامەکـەی دەری کرد بوو، بێ چاریی ئەویشی بەو دەردە برد.

خەســـووم! هـــەبووش بـــوو.. خـــودا لـــە نێویـــدا، وەك لـــە نێوچـوو.. وەختـا بـوو هـار بێـت! چـوو تـا حەڵقەکـە لـە شارێکی دی وەرگرێ! خوای من و تۆی کرد، نەگەیشت و، لـە ڕێگـە ئوتومبێلەکـەیان دوو سـەرماقولاتی لێـدا، پێـنج کەســی تــری.. چــون خــۆی تێــدا بــوون.. بــە ســەریەکدا تلیسانەوە.

ئەو حەڵقە لە گوێكردنە.. بوو بە دیاردەو مودێل و، وەكی كولتووری لێهات! خەڵكی دەیان دەستیان بەیەخەدا دەكرد، تا بە دەستی بخەن. بۆیە! بوو بەپەتایەكی گەورەو، زوو تەنییەوە و وایلێهات! هەر كوێ دەچوویت و، لە تەڤ كۆڕو دانیشتنێكدا ئامادەبایت! باس! هەر باسی حەڵقە بوو.

ئیـــــژن:

ئەم حەڵقەیە كۆمەڵێك، كە پشتاوپشتیان لە سەر چیاكانڕا! بەرەو خوار شۆڕ بوونەتەوە، دایانهیناوە.. هەموو جلكی فشۆڵ و سەریان بەپەڕۆ پێچاوە..بە ڕۆژ لەكون و، ئەشكەوتاندا خۆیان وەرشاردووەو، بە شەو، هێرش و پەلاماری كون و كەلەبەری تریان داوەو، خەڵكیان لێ گرتوون و، حەڵقەیان لەگوێ كردوون.

شەڤێ لە سەر نوێنی نووستنێم! پەپوولەی خەیاڵم مەرەخەس كرد.. وەلێ هیچم بۆ نەچنرایەوە. بۆ بەیانییەكەی پرسیم:

" ئەمانە بۆچی ئەوەندە شەیداو، بە پەرۆشەوەن! دا ئەم خەڵكە هەموو حەڵقەیان لەگوێچكەدا بێت؟"

بەرسڤەكەم لە داپیرەیەكی بە تەمەنەوە وەرگرتەوە:

"ئەمانــە خۆشـیان و بـاب و.. تەنانـەت باپیریشـیان! ئـەم حەڵقەیەیان لەگوێچکە کردووە. بۆیە وازیـــان بەوەیە! ئەو خەڵکـە گشــت چـون ئـەوانی لــێ بێـت و..خۆشـیان لـەو نێوەندەدا ونکـــــەن."

داقـــــــی! لەبازاڕی ڕەشدا ویستم بەهای حەڵقەکە بزانم!

"وتیـان سـەڵا لـە عـەقڵت!! بۆچـی نـازانی؟! بەسـێیان یەشتان دۆلارێکی ئەمریکی ناکات.

........................................

سۆنگە : هۆ، لەبەر، ئەنگێزە.

بەرسف: وەڵام، وەرام.

واز : حـــــەز، ئارەزوو.

یەشتان: هێشتان، هێمان، هێشتا، هێشتانەکێ، هێژکو، هێژان.

داقـــی: داوی، دوایـــی.

## "١٢"

## "خەتەنە"

دوو کچی شووی کردبوون! سێشی سەرو عوزر شۆر بوون.

"خاڵەسومەیە"ی نویٚ هاوسێیان، پێی کوت بوو:

"قومرییە! ئەنگۆ لە ماڵەوەی قاوەی دەخۆنەوە، گەرەکە کیــژەیل لــە خواردنــەوەی دووربــن* ئــەینا، کــە بــە مێــرد چوون، خوێن نابینن!"

قومریی ژن عەباسەفەنی دە پێش دەرکە، کە ئــەم ڕازە لــۆ عەتێی میمکەڕەعنا دەگوێزێتەوە!

هەڵاڵــەی دایکــی هێڤـــــار لــەو بــەرەوە، ســەروەقوڕ دێتــە کەنین و دبێژیٚ:

"سومەیەخان! شــەکراوی خــوارد، مینــا فیشــاڵەکەی مــەلا ئامینە"

عەتیٚ باگۆی دەداتەوە:

"مەلا ئامینــە بــــــــۆ؟"

"ئـــــەی!! ئەویش بە هێڤاری کچمی کوتبوو..

"لایبــە چــای دەســتی تــۆ حەرامــە، داکــت خەتەنــەی نەکردووی."

"ڕۆژانە چای دەستی من قوزەڵقورت دەکا!! وەکو ئەوەی من گەلێ خەتەنە کرابم"

عەتێ هەڵیدایێ:

"دەی خەنی لەخۆت..جاوایـــــە؟"

هەڵاڵە بۆنی سووتاوییەك وەتفنکیدا هات! وە پێکەنینـەوە وات :

"کچێ چێشتەکەشم سووزیـــــا!"

پاڵێکی وە دەرکەکەوە ناو.. بەر لەوەی ئاودیوبێت، بـەری وە ئالی عەتێیەوە کـــرد:

"لای ماڵباتی مــە.. وەکو حیزبەکانمان ئێژن:

"هێڵی سوورە.""

قومری و عەتێ دایان لە تریقەی پێکەنین و کوتیان:

"بــــــاوان شێواوە! بۆ قسەی قۆڕ سەری پێوە نییە"

* کوتەیەکی وا دەنێو عەرەباندا هـەس، زیـاتر بـێ ڕێزییـە هەمبەر مێینەو، نە خواردنی قاوە.

.....................................

باگــــۆ: وەڵام، پەرسڤ.

تفنـــــك: کەپوو، لووت، دفن.

# "١٣"

# "لەنگێزە"

حەوتوویەکی خشت.. ئاسمانی وارەکە.. کونەی تژی سەر وەرەو خوار بی. کادیرێك و دوو پێشمەرگە، دە ئەشکەفتێکدا هاتبوونە گیر.. بەهەرچیی چەرمەسەرییەك دەبێت، خۆیان بە کوێرەدێیەك دەگەیەنن و.. دەماڵی تەوار دایکێکی عادیلەئاسادا دەگیرسێنەوە. پشتی نووستن و، پشوو و حەوانەوە.. داپیرەی خەمی دنیا هەڵگرتوو! وە دەم، دەمدانی چاو، خۆشکردنی ئاوری پیرەسۆپای داربەڕووەوە ئێژێ:

"وم وەساقەی کوڕەیل.. من تەخال و ئایل بیم! ئەوە ئێسێ حەمەم هەس.. حەمەش خولەی هەس.. وا زێتر لە هەیڤێکیشە، خولا کەنیشکێکی بەدەوی دەقەبێڵ کردوون! تەمەنم چوو، ئەم کوردستانەی مە.. ڕۆژ وە دووی ڕۆژ دژوارو.. بەدرەو تر دەبێ! ئەنگۆ بەڵاتان دە من کەڤێ، وە تەواوی ئاوەزی خۆتانەوە.. وەم! تفەنگە ژەنگاوییەلەتان گەرەکتانە، ئەم حکومەتە زەبەلاحە بڕووخێنن؟"

کادرەکە ! وە چـمکێکی جەمەدانییەکـەی کـەپوو و تفنکـی دەکوشیٚ و.. دەستماڵیٚ وەڕدێنە زبرەکەیـدا دەسـاویٚ و.. بــڕەك هێڵــەیلی لێــوی دەبــزوێن و، وە زەردەیەکــەوە، دەوشیٚ:

"نــا داپــیرە نــــــــا ! نــایڕوخێنین! وەلــیٚ مینــا ئــەم مەگەزەیلـە هـەها !"وە قـامکی دیـارد لۆمێشـەیل دەکـا !" ئـەوە ئێســـە تـەزو سـەرد نـە بووبـــــــا ! بـەگیزەگیز هەراسانیان کرد بووین! ئێمەش وا! نـاهێلین شـەوێك! وە تەبت و ڕەحەتیی چاو گەرمکەن."

گــاڤیٚ کــارووخ ئــەم ڕازەی، وە دەم تاولەکردنــەوە لــە چایخانەیەك لۆ هەلۆ گوێزایەوە ! هەلۆ هەلێدایە:

""ئـەم مێشـەیلە چیرۆکنووسـەکەی وەیادهێنامـەوە.. لـیٚ ڤاژی و بەرەواژ""

کارووخ واتـی:

"چـــــــــۆن؟"

هەلۆ باگۆیداوە:

"چیرۆکنڤیســەك! ! بیرۆکـەی پـرۆژەی نووسـینەوەو.. وە کۆتاهێنـانی ڕۆمانێـك مێشـکی بـەرزەفت دەکـا.. لـیٚ گـش کەڕەتیٚ، دەواتیٚ بۆ سەرنووسینەوەی ڤەگەڕێتەوە ! چەند

مێشـــێکی بێزارکـــەر و ژانـــدار، مەگـــەر زەردەســـێری و زەردەواڵەشی لەتەك دەبن، بە گیزەگیز نزیکـی گوێیـەیلی، بوونەوەتـەوەو.. بـێ تاقـەت و جاڕز و وەڕزیـان کـردووە! ئـەوژی لـۆ بـەردەوامی و سـوور و مکـوڕ بـوون! ناچـار بەدەســـتێکی مێشـــەیلی.. لـــەخۆی پاســـکردووەو، وە دەستەکەی دیکەی سەرقاڵ و، مژوولی پڕۆژەکەی بووە"

کارووخ کوتی:

"قســـانی کادیرەکـــە هاتـــە بەرهـــەم و.. وە پـــەڕجوو حکوومەتەکە تەپیی!"

هەلۆ هەردوو بەری تاوڵەکەی دابەیەکداو وات:

"چیڕۆکنووســەکە کـۆڵی نـەداوە! بەڵانـەکینێ دوومـاهیی ڕۆمانەکـــە پێویســـتیی و هەوجـــەی بـــەو پـــەڕجووەی جەنابتانە"

.....................................

لەنگێزە: باو بۆرانی توندو بەهێز.

تەخال : مندالی بچووك.

تەبت : ئارامی و هێمنایەتی.

گاڤـێ : کاتێ، دەمێ.

ڤاژی : ئاوەژوو، بەروڤاژی.

"١٤"

## "زاڵگـــە"

دەزنوێژەکەی نویێ کردەوەو.. نەرم نـەرم ڕووەو هۆڵەکـە لقــی.. قــۆڵی کراســەکەی دە ئانیشــکیدا لــوول ببــوو، دەسەرەخۆ بازوو و مەچەکە تەڕەکـەی پـیێ دەشـاردنەوە. بـە هــەردوو بـەری دەسـتی.. چـەپ و ڕاسـتی ڕوخسـاری سڕیین! گازی کرد:

"ڕۆلە عەبدوڵا! نامگەیەنیتە مزگەوتەکە؟"

عەبـدوڵا! تــازە لــە زاڵگــە زڤڕیبــووەوە، مــژوولی پــارە هەژماردن بوو، کوتـی:

"بـــا! عەبدولڕەحمان بتبا، جاریێ ئەو لەماڵە!"

بەرماڵەکــەی دەژێــر هــەنگڵی نــاو.. لــە ئۆتۆمبێلەکــە سـەرکەوت. تەسـحیبەکەی لـەگیرفانی دەرهێنـاو، گوتییـە ئەوڕەحمان:

"عەبــدوڵا! ئــەمڕۆ هــەینی بــوو نــە دەبــوو.. وا زوو بگەڕێتەوە! ئەم هەتیوە تێری خواردووە.. بـەخوا دەبێـت هــەردووکتان دەرکــەن! پارەیــەکی بــەلاش و حــەلاش وەردەگــرن.. بــەخۆتانی ڕەوانــابینن.. هــەها! ماشــەڵا

دەلاڵێـی قـابیلی کـوڕانی شـێخەن! خـوا لێـی نەسـتێنیٚ! بەشەوەکەش بۆ ماڵەوە ناگەڕێنەوە."

گەیشــتنە پــێش دەرکــەی مزگەوتەکــە.. بەرماڵەکــەی دابەشانیداو، لەڕیزی پشتەوەی پێشەوە ڕۆنیشت! گوتاری ئــەو هەینییــەی مامۆســتا! لەمــەڕ دەلاڵێــی و ســەرانە و بەرتیلەوە بوو.. خـۆی وردیلـەو قـنج بـوو، ئەوەنـدەی دی چووك ببووەوە، وای وێناو سووسە دەکـرد! گـش سـەیری وی دەکەن.

حەوتەی داهاتوو کوڕەکەی پێی کوت:

"ها بابـە! هەم بۆ وێریٚ؟"

دیار بوو گوتارەکە! هێمان باندۆری مابوو کوتی:

"نە کوڕم! مەلا هێندەی نــاوی بوو، نــــاوکی نەبوو"

....................................

لقی : جــوولا، جمیا.

زاڵگە : بازگە، سەیتەرە.

هێمان: هێشتان.

باندۆر: کاریگەر.

## "١٥"

## "حەمەشیوعی"

دە نێـو برایەلیـدا! تـنێ وی فەقێیـەکی خۆنـەوارە بـوو.. پشـتی مردنـی بـاوکی، پشـکە زەوییـەلی خـۆی بەسـەر گوندنشـینـاندا بــەش دەکــات و.. دوکــانێکی وردەواڵــە فرۆشیی دەنێو گوندەکەدا دادەنێ!

ژن دێنێ و.. دوو کوڕ و کچێکی بوون.. دواتـر هاتـە شـار و زیاتر، پەرەی بە پیشەکەی دا.

لێ نێو و نازناوی "حەمەشیوعی" ی هەر پێوەلکا بوو.

ماڵەکـەی لـە خـەڵکی گونـدیان جمـەی دەهـات، کـە بـۆ ئاواییەکەیان دەڕۆیشـتنەوە! چـەند خـورجێ کەلوپـەل و شمـەکی.. بـۆ خەڵکـە کـەم دەرەماتەکـەی دێیەکـەیان دەپێچایەوەو، بۆی دەناردن!

وەلێ هەر بە "حەمەشیوعی" نێویان دینا!

بە دایکی حەجێك و دوو عەمرەی کرد، پارەشی وێ دەدا.. بەسەر خـەڵکی نـەبوو و هەژارانـدا بیبەشـێنێتەوە. دیسـان هەر بە "حەمەشیوعی" مایەوە.

جارەك پرسیاریان لێ کرد:

"کاکە حەمە تۆ مرۆیەکی چەپ و عەلمانیی.. کوو ئەو پارەیەی بەفیڕۆ دەدەیت؟"

گوتبووی:

"ئاخر دایکم خۆشدەوێت!"

لە کورتی وەیبڕمەوە، وشە لە پەسنی حەمەدا، بە چۆکدا دەهات.

دەگێڕنەوە پشتی چەپی دووکانە گەورەکەی.. کەلاوەیەك بووە، دەڵێك تەرەکیوە! "حەمە شیوعی" هەموو جەمێ پڕپۆڵەی شیری لۆ کردوون و بۆی بردوون!

"حەمەشیوعی" دە نێو خەڵکیدا نێو و نێوبانگ و، خەڵکی خۆشیان دەویست.

"حەمەشیوعی" تەنیا خەوشی لای هەندێ ئەوە بوو، نوێژی نەدەکرد! بەکوتەی زۆربەی خەڵکی گەڕەك و دەرودراوسێی، ماڵ و دوکانەکەی!

دەستی بەڕووی کەسەوە نەناوە و.. ئەوی داوای شتێکی لێ کرد بێت، بێ بەشی نەکردووە!

من ئەمەم بەچاوی خۆم دیت!

جـاریَ لــە دووكانەكــەی ژنــیَ.. شووشــەیەك هــەنگوین و سـێتێك پــەنیری، لــە بـن عەباكـەی نـابوون، كۆریژگەیـەك كوتـی:

"مامە حەمـە! ئـەو ژنـە شووشـەیەك هـەنگوین و.. سـێتیَ پەنیری لەبن عەباكەی نا!"

كوتـی:

"كاكە دەنگت بڵێند مەكەوە، باكوڕەیل نەژنـەڤن! لەوەیـە پیویستی پێی هەبن."

مەبەستی لە كوڕەیل، منداڵەكانی بوون!

"حاجی باباشـم" ئـەوی مـن بەچـاوی خـۆم دیتبیـتم! دوو سەگی، بە بیانووی گلاوی و، خوا نەحلـەتی لـیَ كـردوون! دەرمانخوارد كرد. دەمێكیش نێوی "حەمەشیوعی بهاتبا! دەیگوت:

"نوێژ نەكەرە، نزیك بوونەوەو، مەرحەبای دروست نیین!"

.......................................

پشتی : دوای، پاشی، ئەو دیوی هەر شتیَ.

پشك : بەش، پاژ، پار.

خــورج : هەگبەی لەبەن، جـــەواڵی چووك.

## "١٦"

## "ڕێــــــزلێنان"

ئەز گەلەك بەزەییم پێداهاتەوە.. "حەمە سەعید زەنگنـە" چـوو بـووە ژێـر باڵییـەوە.. دیـار بـوو، لـە (یانـەی هێـرۆ) دەهاتنەوە. گوێم لێ بوو، دەیکوت:

"زەنگنەی برام! وەنوقڵە چیرۆکێکی کە! ئاخر ناحەقمـە، ئـەم حکوومەتـە گەندەڵـە بـێ بەرنامەیـە.. هــەر ڕۆژە و بەبایـەك شـەن دەکـا! ڕێزلێنـانێکی دوو سـەت هـەزارییان پێدەداین! ساڵانە دوو جار.. هەرێ و سۆز و پەیماننامەیان پێ پڕدەکردینەوە! کـە لـە هـیچ دەزگـەو، فەرمانگەیـەکی هەرێم و، تەنانەت عێراقیش پارە وەرنەگرین! هەر دەگـەڵ هاتنی داعشدا، پارەکەیان بڕین.

کەچـی ئـەو نووسـەرانەی، کـە حیزبـی بـوون و.. سـەر بەخۆیان بوون! هەر یەکە و دوو ئەستێرە و، سێ ستێرەی کوژاوەو، داڵی تۆپیو، دە نێو ناسنامەکانیاندا بوو! تا ئەم دەمەش مۆل وەریدەگرن!"

زەنگنە بە زەردەخەنەیەکەوە چاوێکی لە مـە کرد:

"جا گەرەکتە پارەی ئەوانیش ببڕن؟"

"نا دەوشم کەر بووم! نە بووم بە جاش، بە جاسووس، بە بەعسـیی"

"دوای پرۆسەش کـەرتر بووم! کە بە حیزبێکدا، خـۆم هەڵنەواسیی"

.........................................

هــــەرێ: پەیمان، چۆڤان، سۆز.

"١٧"

## "سکاڵا"

ڕۆژانــە دەیــەها پۆلــە فڕنــدەی بیرۆکــە، لــە ســاپیتەی ئالۆسکاوی مێشکتدا دەنیشتنەوە. تۆش سووك، بەنەرمـە سەربادانێك! کشەت لێ دەکردن و..هەڵتدەفڕاندنەوە، بـێ ئەوەی بوارت دابان، شۆپ و ئاسەوارێك جێبهێڵن. کاسـەی سـەرت! ببـووە، کاروانسـەرایەکی جـەنجاڵ و، لـۆ چـرکە ساتێکیش! گوزەری بە تـەنا و ئاسـوودەیی ئۆخـژن نـادا! بنەیەکی خۆیان دەو ئاقارەدا بەجێهێشتبا! چـون سـوپای ئەندێشە دەلاقەکانی سەرڕێژ تەنیبوون.

نووکـە لـەم سـیلەی هەیوانۆچـکەیە! ڕۆنیشـتووی مـژوولی ئەندێشە هـەڵوەداو پەڕاگەنـدەکانتی. دییـەکانت بوونـە بـە دوو چەشمەی تەقی و.. بۆڵ بۆڵ ئەشـکی مـرواری ڕەنگـی شلەتێن، وەسەر گۆنا قرژە هومێـد پـەڕیوە بـێ نازەکەتـدا خلـۆر دەکەنـەوەو، بـە دیـدی خەیاڵ..هـەر جـارەو لـە درامایەکی نمایش کردوودا بەرجەستە دەبێت.

هەراو زەنایەکە زەردو سوور تێکچـڕژاون، ڕەشـبەڵەك تـۆز دەکـات! سـەدای دەهـۆڵ و زوڕناکـە، گشـتی بـە خـرۆش

هێناون..چەپڵەو سترانی کوڕوکاڵانی جەمت! چەشنە ئۆپێرایەکی ئەفسووناوی سەرنجڕاکێش، ئاشنای ڕۆحت دەکەن.

شاجوان و شاگوڵی ڤێ شایی و.. لۆغانەشی تۆی ناسکە هەرمێ، نوێ بووکێکی تا گەردنت، لە ئۆقیانووسی حەزو تاسەو بەختەوەریدا ڕۆ چووەو، دەگەڵ هەڵایساوی دەروونتدا، چەند پەیڤێکی هەڵپڕوکاو، بە دووی یەکدا پەیوەست دەبن و، ئاوا دەگەیەنن:

"سکاڵاو گازندەیی خۆم بەرمە لای کێ!"

وەپشت هەردووك پەنجەکەڵەت چاوەکانت دەگوشیت! ناگەهان! ئەم دیمەنەش بە تراویلکە دەبێت و، مژێکی نەرم هێدی هێدی.. دیدەکانی خەیاڵت تەڵخ دەکەن و..بە مۆنۆدرامایەکی تراژیدیی تژی لە حەسرەت وەردەچەرخێ.

خۆشت کارەکتەرەکەیت:

کازیوەیە و لە کونجێکی وەتاغێکی بێ گیاندا.. گرمۆڵەو هەڵکورماوی! سامی مۆتەیەکی ترسناکت ڕێنیشتووە، دەرەنجامی زەردێکی هەزار بە هەزارەو، نازانیت تیشکی دوور لە گەشبینیی چرای تەمەن چلۆن و، بە چ ئاوایەك دەکوژێنێتەوە.

منالڵ بوویت! هەر کە، کاکت لێی دابایت! دایکت بە ڕوویدا هەڵدەشاخی و دەیەکوت:

"ڕۆڵە حا! منالەو پشتی شلە، توخوا بەپشتیدا مەکێشە"

ئەوساو ئێستەت! سالاَنێکی فرەی.. پێشقەچوون و پێشکەوتن! ل بوارێن ژیاندا دەناقبەردا هەن! لێ ئەفسووس! تۆ لە کەش و هەوایەکدا پەروەردەو، هەراش بوویت! وا چەواشە کراوە، چواردە سەدەی دیش.. تۆی کۆیلەی دەست کۆیلەی بن چنگ و چەپۆکی خوو و..نەرێتە کۆمەلاَیەتێکان، نەکارن! کۆتی ئەو کۆیلایەتییە، لە ئاستۆ دارنن!

کەچی باجی ئەم چورتم و قەیرانەش، تۆی پاکیزە! بە کۆمەڵێ زووخالڵ دەیدات! و کەڕەتێکیکە ئاوای جارانت دەگەڕێیتەوەو، دەبییەوە بە زووخالڵ و، ئەم پرۆسەیە بە هەندەك دید بۆ هەتا هەتایی بەردەوامی دەبێت.

.......................................

مۆتە : مۆتەکە، شەوە، کابوس.

زەرد : تیشە شاخی زۆر بلّیند.

شۆپ : جێپیڵ، دەوس.

## "١٨"

## "مێژوویەک لەلوولەی تفەنگەوە"

عەبەی ئایشە، بخوێنێکی باش بوو، بۆی گێڕامەوە:

چەند ڕۆژێك بوو، کتێبێك بڵاو ببووەوە.. خەڵکی زۆر باسیان دەکردو.. لێرەو لەوێش هەندەك مژارو.. بابەتی دەماودەم دەگەڕا! چێشتەنگاو خۆم گۆڕی و.. چووم کتێبەکەم کڕی! لێ خودان کتێبخانە! نووسەرەکەی باش ناگووت. هاتمەوە بۆ ماڵەوەو.. پشتی فراوین و چایخواردنەوە.. دەستم بەخۆندنەوەی کرد! زوانەکەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام و، نێوەرۆك و ڕووداوەکانیش زێتر بەکتێبەکەوەی دەبەستمەوەو..نەیدەهێشت بۆساتێ پشوو بدەم. هەستم کرد! تادێت فشاری خوێنم هەڵدەکشێ و..دڵم دەکەوێتە تەپەتەپ و دڵەکوتێ! ئێوارەکەی هیچم پێ نەخوراو.. مەیل و ئەلها و مەگێزی گرارو خواردنم نەبوو، تەنانەت جارجارێ کەسیگارێم پێ دەکرد! کتێبەکە گازی دەرکردم و، دەیەکوت:

"ئەنگوستانت دەنێو تەلەنگم، زافتر گیرکە"

منیش هەروام دەکرد!

شەویٚ بۆ ئـەوەی بـڕەك هێـورو ئـارام ببمـەوە، هاوڕێیـەكم حەوتوویەك بوو..لەئەورووپاوە بەسـەردان زڤـڕی بـووەوە، قاپـیٚ وێسكی و..تەكەیەك جگـارەی نایـابی بـەدیاریی بـۆ هێنابووم! وێسكییەكەم لە یەخچاڵەكە دەرهانی و، سـەری شووشـەم بـادا! وێـڕای خوێندنـەوە، پـیرە وێسكیشـم دەخواردەوە..لیٚ هەر بەردەوام بووم و نەنووستم! بۆناوی خوا! پاش كازێوەیەكی درەنگ بۆ ساتیٚ..چاوەكانم گـەرم كردن! وێجا كە هەڵستام چاوەكانم ئاوسـابوون، دایكـم بـە دەم چای تێكردنەوە كوتی:

"چییتە!! باشت نابینم، ئەوە بۆچاوەكانت هەڵمساون"

خـۆم پـیٚ نەگیرا!فرمێسـك لەكالانـەی چـاومەوە خلـۆر بوونەوەو، كوتم:

"دایكە!ئەم شەو بە پێش چاومەوە، خەلیفـە عەبـدوڵڵایان كوشت."

دایكـم قوریـیـە چـاكە لـە دەسـتی بـەربووەوە كێشـای بەسنگیداو كوتی:

"ئەیەڕۆ"

دایكـم هـەر وای دەزانیـی خەلیفـە عەبـدوڵای هاوسـێی كۆنمانـە! لەوەیـە ئـەویش هـەر لـەو ڕێكەوتـەدا بـوو بـیٚ.

کچێکی بوو! کوڕێك حەزی لێ کردبوو، چەند جارێك ناردییە خوازبێنی، کچە ملی ناداو شووی پێ ناکرد. کوڕە زۆر ئێڤەلی و سەرسەری بوو.. شەوێك هەڵدەکوتێتە سەریان، کچە! کە پێدەزانێ ڕادەکاو.. خۆی هەڵدەداتە ماڵی دراوسێکەیانەوە، کوڕەکە! خەلیفە عەبدوڵا بەگیر دێنێ! خەلیفە زۆری لێ دەپاڕێتەوە نەیکوژێ! ئەوی هیچ تاوانێکی نییەو.. کچەکەی مێردی پێناکا! لێ سوودی نابێ و خەلیفە دەکوژێ.

دایکم قۆرییەکەی هەڵگرتەوەو، کوتی:

"باشە لەبەر چیی؟"کوتم:

"نەگبەتیی کوردە!"

* ئەم تایتڵە نێوی کتێبێکی کەریم شەهابە.

................................

ئێڤەلی : سەرسەریی.

یەخچاڵ: تەلاجە.

گرار : چێشت، ئاش.

فراوین : جەمی خواردنی نیوەڕۆ.

زاڤتر : زۆرتر، سوبگتەر.

## "١٩"

## "ژیانئـاوایی"

ئەوی ماوەیەك بوو.. لەگرتووخانە ئـازاد ببـوو. ئێوارەیـەك بـۆ نـان خـواردن بانگهێشـتم کـردو، شـەوێش مایـەوە. لەباخچەکە شووشـەیەك وێسـکیم بـۆ هەڵپچڕی و.. بـەدەم خواردنەوەوە، کەوتینە قسان و گەنگەشە! ئەو کوتی:

"دەمـیٚ! لـە بەندیخانـەی (ئـەمنی عاممـە) بەنـد بـووە.. کەسـێکی کۆمۆنیسـتی عـەرەبی ناسـیوەو، پاشـتریٚ بـووە بەزاوایی و، ئەو خوشکی خـۆی داوەتـیٚ. لـیٚ مخـابن! بـەر لـەوەی بیگوێزێتـەوە.. کـاوێکی دی دەگیرێتـەوەو، دا ڤـیٚ دەمیٚ.. چارەنووسی نەپەنی و نادیارە!

دەیـەکوت گەلـەك! بـە هەڵوێسـت و هەڵسـوکەوت و.. خۆگرییەکەی سەرسـام بـووە! دەسـەر برایـەکی.. کـە لـە کوردستان پێشمەرگەی شیوعی دەبێـت! دایـك و برایـەکی دەگیرێن. پاشتریٚ دایکی لە بەندیخانە گیان لە دەستدەدا.

دەیکـوت دەیـانبرد! بـە دارو کارەبـا شـەل و شـیتیان دەکردو، بە مردوویەتی دەیانهێناوە.. کەچی! کـە هۆشـی دەهاتەوە، چـیایەك ورەبـوو، پێناچـوو هـەر وی بووبێـت..

مۆچــیاری و تــەمێی دەکــردین! ژیــان ئــەوە نــاهێنی دە پێناوی خۆتدا! خەڵکی تووشی ئازار و ئەشکەنجە و مـردن بکەیتەوە."

فرەی کوت! دیار بوو بەوییەوە گرتبووی! کوتم:

"بوەسـتە! ئـەو کـوڕەی تـۆ لێـی دەپـەیڤی! وا زرنـگ و مێرخاس و، خۆڕاگر بووە! ئەز ژی دەیناسم"کوتی:

"چلۆن؟" کوتم:

"بـەژن کـورتێکی ئەسمــەری، داڵ گۆشـتی کـەپوو باریـك نەبوو؟ بوێسە! تەنانەت شوون خاڵێکی سـەوزی کـوێرەوە بوو، بە سەر تفنکییەوە دیار نەبوو؟!" کوتی:

"تۆیــــەکی ســــلیمانی و، ئـــــەوێکی بەســــرایی..کوو وێککگەیشتن؟" کوتم:

" پێکـــەوە ســـەرباز بـــوین.. مـــن نـــویَ دوو خوشـــکم ئەنفالکرابوون! زۆر ڕقم لـەوان دەبـووە! کەچـی وی زۆری خـۆ لـیَ نزیـك دەرکردمــەوەو.. دڵــی دەدامــەوە و ڕێـزی دەگرتــم.. دیدێکی جوانی بۆ ژیان و مرۆڤایەتی هـەبوو!" نەیهێشت زێتری دەسەر بڵێــــــــم! کوتی:

"تەماو ئاواتی بەشتیَ دەخواسـت.. هەمیشـە لەسـەر زاری بوو!" پێکەنیم و، کوتم:

"ئەوەشـت پـێ دەوشـم! گـش جـارانی دەیگـۆ: (بـە دار و درەخت سەرسامم.. چون بە پێوە، ژیانئاوایی دەکەن!)"

فرمێسکی بە روومەتدا.. خلۆر بوونەوەو کوتی:

"یادت بەخێـــــــــــــــر ڕەزوان."

........................................

مۆچیاری: ئامۆژگاری

تفنك : کەپوو، لووت، دفن.

تەما : ئومێد، ئاوات.

## "٢٠"

## "سیگار"

پشتی دووماهیی کۆڕەکە.. خڕ بۆ کافێیەکە چووین. سێ هاوڕێ لەپشتی مێزێکی لاکێشەییدا ڕۆنیشتین! کوڕێکی گەنجی ئازێر و خوێنشیرین.. لەوە دەچوو، ئاشناو ناسیاوی برادەرەکانی من بێت! هەرواش دەرچوو.. هات و ڕۆنیشت.

قاوەمان خواردەوە! ئەو داوای تێکەڵەیەکی میوەی کرد. پاشتریێ چەند هونەرمەندو نووسەری تر پەیدا بوون. دانیشتنەکە گەرم بوو.. کوڕە لاوەکە، کە من پێشتریێ ئەوم نەدیتبوو! هەر ئەو جارەو، ڕێکەوت خڕی کردینەوە! کەوتە هەمبەر من! گفتوگۆ و گەنگەشە دەستی پێ کرد. دەستپێك لەبارەی کۆڕەکەوە قسان کرا! ئەوجار هاتنە سەر مەی و، عیشق و، مێبازیی، دواتریش! سیاسەت و، گەندەڵی و، نادادی و، قۆرەخکاریی.. گش هاوڕا بوون! لەسەر ئەو پرسەیلە! کوڕە لاوەکە، کە تا ئەو دەم قسەی نەکردبوو، کوتی:

"هەر چەندە لەوەیە، ناشیرینیش بێت لەڕووی ئێوەدا! کە گش لەمن هەڵکشاوترو، هەموو خۆنەوارو، دەستەبژێری

ئـــەم شـــارەن! بەڵانـــەکێ ئـــەوی مـــن لـــە قســـەکانتان خۆندمەوەو، هـەڵم هێنجـان! گشـت یـەك ڕوانـین و دیـد و بۆچـوونتان بـۆ پرسـەیل هــەن! وەلــێ لەتەلــەفزیۆن و فەیسبووك و سۆشیال میدیا.. ئاخـاوتن و، نووسـینەکانتان پێچـــەوانە و بـــەرەواژە! کەواتـــە کوتـــەی دەم و دڵتـــان یەکنین!"

چەترێکی بێ دەنگیـی پیچـەك داپۆشـین! بـڕەك کەوتنـە، جوینـەوەی کوتـە سـواوەکانیان و، یـەك دوانێـك خـەریکی منجـــەمنج و..کاوێـــژ کـــردن و پاســـاوی بـــێ بنـــەما بوون..بەمتایـەکی دی! یــەك یــەك و دووش دەســـەرەخۆ هەڵدەستان و دەڕۆیشتن!

خۆمان ماینەوە.

پاکەتەکەم لەبەڕکم دەرێناو.. سیگارێکم پێکرد، ئاگـام لـێ بوو کوڕە لاوەکەش سیگارێکی ئاگردا! کێشانەکەی وەکـی قسەکانی سەرنجی بردم، کوتم:

"قسەکانت کەمێ توند بوون! نە دەبوو وا بەڕەهایی قسان بکەی."

ئەو قیچێك هاتە بەرەوەو.. دەستی بـۆ ئـالی ژێرجگەرەکـە درێــژ کــردو.. بــەتبلی دۆشــاومژەی، دووجــارانی بــەنێو

تەڵـەنگی جگەرەکـە کێشـاو.. سـتووەکەی وەران. ڤێجـار کوتـی:

"من داوای لێ بوردن دەکەم" پێکەنیم و کوتم:

"سیگاریشت لێ جوانە! چەند ساڵە دەیکێشی؟)) کوتـی:

"زۆر سوپاس.. نزیکەی دوو ساڵە!" کوتم:

"بەڵام جگەرەکەت زۆر خراوە!"

پێکەنی و بەئارامیی کوتی:

"وەڵا لەگەڵی ڕاهاتـووم.. چ بکەین هەر ئەمانەش لـە بـازاڕ هـەن! بەڵانـەکینێ ئوسـتاد! خـۆ جگەرەکـەی تۆش..لـە هەمان جگارەکەی منە!"

.................................

گەنگەشە: گفتوگۆ.

متا : شێوە، ئاوا، جۆر.

## "٢١"

# "پەڕلەمانتێڕ"

لە دەرکەی سەراوە ئاودیو بوو، ئاپۆڕەی خەڵکەکە.. ڕوو بەڕووی بووەوە! حەشیمەتێکی فرە خڕببوونەوە، یەکێك لە نێو جەماوەرەکەوە دەرچوو و، کورسییەکی هێناو، ئەویش بە پێوە چووە بانی. لەم دەمەدا.. کە ئەم کەوتە نێو لێشاوەکەوە! بیریکەوتەوە:

" کوڕە خۆ ئەمە فلانەکەسە! ئای ئەم پیاوە! چ ناحەقی و زەبر و زەنگی.. هەمبەر ئەو خەڵکە، سڤیل و ڕەش و ڕووتە دەکرد. خزم و کەس و کارەکەی زۆریان! بەهۆی ئەمەوە دەیان خەڵکی بێتاوانیان لەگرتووخانەکانی ڕژێمدا توند کرد. زۆریشیان خۆبەخۆی خۆیان فت کردن! پەیوەندی ژێر بە ژێری نەپەنی و ناشەرعیی، دەگەڵ چەندان ژن و کچاندا گرێ داو، لەکاتی پەنی و ئاشکرا بوونیشیاندا، بۆ ئەوەی ئەو ڕسواییەی خۆی پێ وەشارێ! شوون بزری دەکردن. ئەی ئەی!! ئەوەخۆ دواندەدا!"

"ئامـادەبوانی بـەڕێز! ئـەی ئەوانـەی بـەرگریی لەحـەق و ڕاستی و، دادپەروەری و، یەکسانیی دەکەن:
سڵاوی خواتان لێ بیت!
"خەڵکەکە کەوتنە بژی و بمێنی و.. مەدح و سەنای"
دیارە من پـڕ بـە دڵ سوپاسـی ئـەو هەسـتە جـوان و، ئـەو هەڵوێستە مرۆدۆستی و.. نیشتمان پەروەرییەتان دەکـەم! جارێکی دی و، دەیان جاری دی پـاتی دەکەمـەوە، وەکـو چۆن و بە درێـژایی ژیـانم! دە هـەوڵ و کۆشـش و خەباتـدا بوومـــە و.. بۆیـــەك چـــرکە لەخزمـــەت کردنـــی گـــەل و نیشتمانەکەم دا، درێخی و دوا نەکەوتوومە..!"
یەکێك لەنێو ئاپۆڕەی خەڵکەکەڕا هاواری کرد:
"بـژی پیـاوی ڕۆژە سـەختەکان، بـژی تێکۆشـەری شـەوی نووتەك و ئەنگوست لەچاو"
دوو جـاران دەسـتی سـەروخوار پـێ کـردن بەمەبەسـتیی تکایە! تکایە!
ئارام بن و گوێ بگرن! تێ هەڵچووەوە:
"هەمیشـە بـۆ داکـۆکی و بـەرگریی لـەخاك و.. لـە خـەڵکی ڕەش و ڕووتی میللەتەکەم، چۆن دوا نەکەوتووم و درێخـیم نـــەکردووە! هـــەروا دەمێنمـــەوەو... بـــۆ تـــەواوی ئـــەو

ئامانجانەی، کە لە پێشان خەباتمان بۆ کردوون و، تا ئێستەش دەسەر هەمان ڕێباز کۆشش دەکەم! دڵنیاتان دەکەمەوە، ئەو زەوی و زارانەی کە سالآنێکە.. دژمن دەستی بە سەراگرتوون و، تا ئێستاکێ ماون و، نەسێنراونەتەوە! یەکە بە یەکەیان دەست بخەینەوە"

چەپڵەیەکی زۆری بۆلێدرا!!

دوو مانگی نەبرد، بە تەلیفۆن دەگەڵ نەوژینی مامۆستا سالار لە "یۆتۆبۆریی" قسانمان دەکرد، دەمیانی قسەکانیدا کوتی:

"لەم ڕۆژانەدا، حاجیم دیت!"کوتم:

"کام حاجی؟" کوتی:

"ئەو حاجییەی هەها! خەڵکی گەڕەك لەکاتی ڕژێم زیرەیان لێی کرد بوو!" کوتم:

"چیی دەکرد؟" کوتی:

"لەولای منەوە لە نایت کلۆبێ.. دووکچی بانگ کرد بوون، وێسکی هەڵدەدا!"

پێکەنیم! کوتی:

"لۆپێدەکەنی؟" کوتم:

"هەوکە ئەندام پەرلەمانە!"

---

حەشیمەت: کۆبوونەوەی مەردمێکیی فرە.

هەوکە : ئێستا، نووکە، نهۆ.

## "٢٢"

## "ناوک"

گەواڵە هەوریٚ بێـزراو و قێزەون..چـون تامـانیٚ چڕو، دڕو، قرچۆك.. تـاوی تاوەکـەی تاسـاند! ڤـاڵایی تـۆپی زەڤـی! تــەمتومانیٚ هــیس ئاســا.. بــە شــەوێکی نتــوکی کــرد. کاوناکەوێك! بڵاچەیەك لە باکووڕا، دڕی بەشـەوەزەنگەکە دەدا! سـیٚ مـرۆی پـرزە لێـبڕاو و زگـار، وەسـیٚ پـاڵتۆی هاودامانەوە! سێکوچکەیی هـەر یەکـەو.. پشـکێکی مێـزە بازنەییەکــەیان دەهــەمبێزنا! لاوێکــی ڕیــش هــاتوو و سەراسیمە.. وێدەچوو گەردەلوولی ڕۆژگار بۆ ڤێرەی لوول دابێـت! بـتنیٚ لەسـەر مێزێـك.. بـەئالی وانـەوە، هـەر دە ئەنگووسـتانی تێکپەڕانـدبوون و..تـەوێڵی لەسـەر نـابوون! ئەندێشە ڕایدەکێشا. هەر کە! تەپەی پێی ئەوانی ژنەفت! سەری بێوازی بڵیند کرد. چاوەیلی بەگران لۆ هەڵـدەهاتن، چاوی لێنان و کوتـی:

"بارانە! وانییە؟ خڕی خاسە ئەم بەیانییە، ئاوەکەی بەژنە زەلامێك هەڵکشابوو."

لەگەڵ دوومـاهیی ئاخافتنەکـەی! سێکوچـکەیەکە تـەواو! بوون بە کوچك..ئۆردوویَ ستۆ زراڤی و، زار بەشـەوە بـوو، لە هیکەوە ڕووبەری ناڤبەر سێکوچـکەییەکەیان بـەرزەفت کرد. بارتـەقای بـەری درویێنەیـەك، مـل باریکـەیل کێشـیان سـووك بـوون و، دەمپەلـەکانیش گوڵـە ئەرخەوەنییـەکانی هـەناویان بەدەرکـەوتن و پـەنیی بـوون. کەسـێك لەوانـەی سێکوچــکەکەیان پێکهێنــابوو.. قــامکی لــە زاری کــردو جغزێکی قوپاوی ناهەمواری کێشا! دوانەکەی دی بە کڕیی تێیــان دەڕوانــی! بەلــەز ســەرنجەکانیان بــۆ نێــو جغــزە قووپاوەکە گوێزایەوە:

"گەر ئەمەمان بەسێڵ دانا!"

دوانەکەی تر ب هەڤڕا گوتیان:

"وا بەسێڵمان چواند"

"ڤێرە ناوکەکەیەتی"

دەستی برد! لای باشـوورو.. لـە دووڕ جغزەکـە زەنەیـەکی دانا! یەکیَ لە دووانەکە باگۆی داوە:

"چۆن"

قچۆکەیەك خۆی گورج کردەوەو کوتی:

"ئـاااااا ئاشـكرایە كـە سـێڵ یـا خانـە لـە سـایتۆپلازم، پرۆتـۆپلازم و، نـاوك پێكهـاتووە! هەڵبەتـە مەحاڵیشـە زیندەگیی بێ ناوك! جا ئێرانە!( بەتبلی دیاردی بۆ كـرد) دەكـارییـن بەناوكەكـەی بچـوێنین! ئـەمان لـە تـەماو مەبەستەكەی گەیشتن! یـەكێكیان كـە نسێی زەردەیـەكی هەدار و ئارام لێوی داپۆشیی كوتی:

"جا برا! ئەوی لەمەڕ خۆشمان هەر وای ناگوت"

هاوڕێكەی بۆی سەلماند:

"بەدی! لێ بە تەرزێكی بەدەو و شەنگتر لەم!"

لـەم دەمەیـدا! تاریكاییـەك هـات و، ئـەم تاریكاییـەی هەڵلووشـی، تاریكاییـەكی دیـش چـاوا خێـو هـات و سێكوچكەییەكەی بۆ هەتاهەتایی پەنهان كرد.

.....................................

زەڤی : زەوی، هەرد، عەرد.

جغز : هێڵی بە دەور، كێڕی كرۆڤەر.

تەما : نیاز. چاوا: مینا، وەك.

تامان : چەپەر. ب هەڤڕا: پێكەوە.

زگار : كزو كەنەفت و دڵ بەخەم.

## "٢٣"

## "کەڵەوەکێشی"

بلەکەچـــــەڵ لێـی ببـوو بـەخوو.. ڕۆژ نـەبوو تەشـقەڵەو گەڕ، بەیەك دوو کچ نەکاو.. خەڵکێك دەخۆی بێـزار و زویـر نەکا! چون جنگن و قیرسچمەو سەهەندە بوو، هەمیشـەش خۆی وەك براوە و پاڵەوان شان دەدا!

ئەو ئێوارەیە دەگەڵ کیژێکدا.. ئاوا پێکهەڵقژان و، دەمیـان تێکهاڵا.

لەبەرایی وی زۆری کوت و، ئەم بەئارامی و نـەرم و نیـانیی گوێی بۆڕاگرت و.. لەتەکیـدا دەپـەیڤی. دەیهەویسـت پێـی بسەلمێنێ، کە ئەم تەرزە خەسڵەتە! تنێ پیشـەی کەسـی دەروون نەخۆش و کـەمزان و، خلتـەی کۆمەڵگەیـە! وەلـێ ئەو ناچـــووە بن بار و نای سەلماند! تا دەهـات چـەنەی زۆرتـری دەداو، زەڤـتر دەنگـی بلێنـد دەکـردەوە! کچـەی گۆرین گەیشتە تینی، کوتـی:

"گووووو بخۆۆۆۆۆ!"

**بلە کەچەڵ! چاوەڕوانی ئەم پێشهاتە نەبوو.. ویستی لە چوارچێوەی گەمەیەکی شۆخیی هەمبێزەوە.. سەرکەوتنی خۆی شاندا! لۆیە باگۆی داوە:**

**"چۆۆۆۆۆن؟" کچەی تاین بـــۆ وەی هیچ بوارێکی بۆ نەهێلێتەوە کوتی:**

**"چۆن و مۆنی نەگەرەك! خۆت بیکەو، خۆت بیخۆ"**

........................................

کەڵەوەکێشی: سەرکێشیی، سەرسەختیی.

بەرایی : بەراهی، سەرەتا، دەستپێك

تەرز : تەحر، شێوە، جۆر، ئاوا.

جنگن : شەڕانی.

سەهەندە : ئاژاوەچی، نەسرەوت

"٢٤"

## "خاپینۆک"

"گوڵەباخ هەها! ئەم چەپکەگوڵە!"

ئەم چەپکە، بووە سۆنگەی لە هەمێزگرتنی شووەکەی.

"کەجوانە!"

"زۆر!"

"بـــــەدی!"

"لە گوڵەکانی باخچەکەی خۆمان شەنگ و پڕ بەرامەترە؟

نسێی زەردەخەنەیەکی تەوس لە خۆگرتوو، سیمای کردە ستارەو، کوتی:

"هەڵبـەت!"

"هەڵبـەت!"

ڕوخساری بەبەهێی پاییزە سووڕا و، چەند تنۆکە خوناویٚ خەجاڵەتیی! تەوێلی تـەڕکرد! زوانـی پـەڵت بـی، مێشکی ئاڵۆسـکا! کاسـەی سـەری بـوو، بـە تـەیمانیٚ سـفت و ئەندێشـەیەل تێیـدا، مینـا گەردیلـە خولیـان دەخـوارد. ژنەکەی چاتر لـە چـەپکە گوڵەکـە وردبـووەو.. خۆبـەخۆی کەوتە سەرنج و هەژماردنی:

"نارنجییەکە! پەمەیییە تێرەکە! مۆرە کاڵەکە! ئێییی ئەم کەوەیییەم لە چ جێی دیتووە؟! ئەم زەردە نامۆ نییە! بەخوا ئەمەشیانم بینیوە! بەس لە کوێ؟"

تبلە شووشەیییەکانی برد ئەو چڵەی لەنێو قەمچەکە دەرێنا! نیگای زاقتر تێگرت! ڕوانیی ڕەنگ و بۆنی گوڵەکە، بە ئەنگوستە کریستاڵییەکانییەوە لکان! بە خۆی گوت:

"کچێ خۆ کوتومت گوڵەکەی ئینجانەکەی نازکـــــــــە! تنێ لاسکەکەی جوایەزە"

چاوی لە مێردەکەی ناو گوتی:

"ئەمەش فێربووی؟"

"......."

سەرێکی بۆ لەقاندو گوتی:

"ئێستە زانیم!"

"چت زانیی؟"

"ئەمەیان سەمیحە! ئەمەشیان سووعادە!"

چەپۆکێکی بەلاشانی هاوسەرەکەیدا ماڵی و، بەدەم شەقاونانەوە بەرەو وەتاخەکەی دی، دەیەگوت:

"ئەی زۆڵ بۆگشتیان بڕوام دەکرد، وەلێ سووعادت لە کوێ دۆزییەوە"

ئەم ژی لە دڵەوە دەیەکوت:

"باخچەی گشتیی!"

....................................

سۆنگە : هۆ، ئەنگێزە.

هەمێز : باوەش، هەمبێز، ئامێز.

نسێ : سێبەر، سایە.

ستارە : ستێرە، ستێرک، ئەستێرە.

تەیمان: پەرژین.

خاپینۆک: فرێبۆک، فێڵباز، دادۆش، دۆشەر.

## "٢٥"

## "کتـــــــک"

لـــە نێــو شــارەدێیەکی پـــڕ لێـــڕەوارو شــاخاویداو، لـــە خانوویــەکی مــەزن و دیــاردا، خانەوادەیــەکی خانــەدان و ناسراو دەژیان ..ئـافرەتێکی ئـازاو قسـەزان و! دەمسـپی، سەرپەرشتی و کاروباری ماڵەکەی بەڕێوە دەبرد.

دوو کـوڕی ژیـر و ڕەوشـەنبیر و مـەعلانی بـوون.. کوڕەیـل ژنیــان بــوو.. وەلــێ تــەڤ پێکڤــە دەژیــان. گورپەیــەکی سوورەی چاو تەتکەبزانەیان بی!

نێوی "ســــــــــــۆن" بی.

هەمیشە نزیکی کوانووی دیوەخان و، دەنێو مـاڵ و.. مینـا یــەکێ لــە خانەوادەکــە دەژیــاو.. بــەرخوردی دەکــردو، وەردەکەوت.

هــەر دوو بــووکی ئــەو ماڵــە! پێشــترێ هــەدارو تــەکووز، سووندیان بەسەر یەکدی دەخوارد، وەلـێ پاشـترێ بـوون بــە دوژمــنی باوەکوشــتەی یــەکترو، هــەردەم نــاکۆك و پــڕ ئاریشەو گومان بوون.

کەسـیان ئەویـدیان بـاش نـاگوت. هەمیشـە دەسـتکاریی کەلوپەل و شمەکیان دەکراو، یـەك لـەوی دی پەسـت و بـە شك بوو.

دایکـی کوڕەیـل گـەلیٚ کۆشـا! بەرهـەمی نـەبوو. لـە دڵـی خۆیدا کوتـی:

" بۆ لەمەودوا! پێویستە بکەومە چاودێری و، زێـتر چـاوم لە دوویان و، زافتر هەوڵەکانم چڕکەمەوە"

شەوان نوستنی لە خۆی حەرام کرد. وازی لە چەند کارێکی ڕۆژانەی هێناو! کەوتە واسەگری و ئێشـکگرتن! وەلـیٚ بـە متایەك ئەو کارەی دەکرد، نەیدەهێشت، کەس بـەم ڕازەی وەزانیٚ!

شـەوێکیان لـە دیوەخانەکـە.. خـۆی کـردە نووسـتوو. بەترێکی شـەو چـوو، یـەکیٚ لـە کـونی دەرکەکـەوە، گـازی کرد:

"سۆن سۆن!"

"سۆن" لەسەرەخۆ چاوی هـەڵبڕی! کەسـەکەی ئـەودیوی دەرکەکە، زانیی "سۆن" بێداربووەتەوە کوتـی:

"جلەکان بێنەو، وەرە!"

"سۆن" هەست و خوستی ڕاگرتن ، بە ئارامیی چاوی بەژوورەکەدا ساوین! گورجێ خۆی ڕاکێشاو بڵیند بووەوە! بوو بە پیاوێکی بەژنبەرزی سووروسپی و، لەسەرەخۆ و بەشێنەیی لە دەرکەکەوە ئاودیو بوو. خەسووی بووکەیل گەڕناس و شێرەژن بوو، نەترسا و خۆی تێکنەدا، دڵنیا بوو کتکە سوورە. بەخۆی کوت:

"دبێژن زۆربەی پشیلەگەل جنۆکە و ئاوانگەلن! "

"سۆن" چون ڕێناس و فەرسد بوو! لە هەر ئۆدەیەك بوخچەیەك لە پۆشاکی هاوجایەلی هەڵگرت و.. بە کۆڵێداداو لە ئاوایی ون بوو. دایکی کوڕەیل ئێستێکی کردو، گوێی هەڵخست! زێتر هورد بووەوە، چاوی گێڕا! دیتی تیشك و ڕووناکییەك لە دوور دیارەو، دەنگی شایی و لۆغان و، ئاهەنگ و هەڵپەڕکێیە. سەرێکی لەقاندو، قسانی نەکرد! بەهەسپایی و هایش و کڕ بۆ سەرجێیەکەی گەڕایەوە و! شایەتمانێکی هێنا..کەسی بێدار نەکردەوەو، لێی نووست.

وەلێ لای پەنی و ئاشکرا بوو، کە ئەم پشێوی و ئاژاوەگێڕییە، خڕ لەژێر سەری "سۆنن" و، هەر ئەویشە

نێـوان وەوییــەکانی تێکـدەدات و، تــەناهی و ئۆخــژنی لــە ماڵەکەدا نەهێشتوون.

ڕۆژی پاشــترێ گــش لــە دیوەخانەکــە ڕۆنیشــتبوون، "سـۆن"یش دەپــاڵ کوانووەکـە چـاوا پیشــەی ڕۆژانــی دی هەڵتووتابوو! خەسـووی بووکـەیل ڕووی لـە "سـۆن" نـاو کوتی:

"ســـــۆن!"

"ســـۆن " داچەڵەکی و پیچەك چاوی لە مالخۆ نا.

"ئێمە سالآنێکە لەم ماڵەدا، داڵدەمان داوی! بە ئارەزوو و ئەلهای خـۆت! دێیـت و دەچـیی، دەخـۆی و دەخـەویت! کەسێك گوتووێی بەری چـاوت برۆیـە؟ ئازارمـان داوی؟ تـۆ بۆ.. وەوییـەکانم بـە شـەڕ دەدەیـت و..ئاریشـەو پشـێوی دەخەیتە نێو ماڵەکەمانەوە؟"

"سۆن" لەسەر دەستان هەڵتووتکابوو، گوێی بـۆ قسـەکان ڕاداشت بوو، بەلاچاوی خەجاڵەتی تماشای دەکرد. پیچـەك بزوا! کلکی لەگەڵی خست و، هێدی هێدی لە دەرکەوە بـە هێواشی ژوورەکەی جێهێشت و پێوار بوو. ببڕای ببڕ ئێـدی نەدیترایەوە!

پشـتی سـالاَنێکی فـره ! لـه وەلاَتێکـی دوورەوە "سـۆن " دەرکەوتەوە، یادەوەریی خۆی نووسـیبووەوە ، بەدرێـژیی لــەخۆی و خەسـووی و هێورژنــەیل و ماڵەگــورەو ئــەو ماڵباتەو.. ئەو وارە پەیڤی بوو.

وێسـتاکە لـەو دەڤـەرو، وەلاَتـە ! هـەر مرۆیـە کـارێکی لـەو ئاوایە بکات!

پێی ئێژن:

"دەڵێی: " ســـــــــــــــــــۆن"ە".

.........................................

کتـــــــک : پشیلە، پشیك. بەنێرەکەی دەوشن: کڤر یان گورپە.

هەدار : ئارام ، ئۆقرە.

فەرسد : شارەزا، بەڵەد

واسەگری : ئێشکگرتن.

وەردەکەوت : ڕادەکشا.

گەڕناس : ئازا، بوێر.

پێوار : ون، بزر.

هاوجا : هێورژن، ژنی دوو برا.

## "٢٦"

## "دەهۆ"

مانگانــە دووســیێ کتــێبی دەدایــە وەیــانخوێنیێ.. دوای خوێندنەوە.. کتێبەکانی دەگەڕاندەوەو، ئەویش پرسـیاری نێوەڕۆکەکـەیانی لـیێ دەکـرد. دا بزانـیێ تـا چـەند لێیـان تێگەیشتووەو، دەرۆستیان هاتووە! ماوەیەکی فرەی بەم ئاوایـە بـەڕێکرد، دڵنیـاو ئەرخـەیان بـوو، تـا دیێ ئاسـتی خوێندنــەوەی ڕووەو هــەڤراز هەڵدەکشــیێ. لــەدڵی خۆیــدا کوتی:

"خــووی پێوەگرتــووە، پێویســت ناکــات لــەوەی زێــتر.. لێپرسینەوەی لێل وەکەم"

هەر وەکی پێشان..هەیڤانە چەند کتێبێکی دەدایەو، بـەبیێ دەنگیی لێی وەردەگرتەوە، بەڵام تێبـینی ئـەوەی دەکـرد، زووتر لەجاران کتێبەکانی بۆ دەگەڕێنێتەوە! کەمتریش بیێ زاریی و بیێ تاقەتیی پێوە دیـارە! ڕۆژیێ سـەد دۆلارییـەکی دەنێو بەشی دواوەی کتێبەکە داناو، لێی نووسیی:

"ئەمە بۆ تـۆ، دەبریی خوێندنەوەی ئەم کتێبە."

دوای چەند ڕۆژیێ، مینا جارانی کتێبەکەی ڤەگەڕان و گۆت:

"بابە فەرموو ئەویشم تەواو کرد"

باوکی کوتی:

"ئافەرم! ئەمە کەمۆکەیەك لـە وانـی دی هیشـك و ئـالۆزتر بوو؟"

"بەدیی ! بەڵام من هەرکۆتام کرد، ئەدی کوڕی تۆ نیم؟"

باوکی دەستی گرت و، بە ئالی خۆی بەکێشی کردو کوتی:

"بەڵام من ببڕای فێڵم لەباوکم نەکردووە !"

.....................................

هەڤــراز: هەوراز، ئەوراز، ڤێهـــەل.

دەهۆ : فێڵ، تەڵەکە.

## "٢٧"

## "گومـــــان"

کادیرەکــە لەمزگــەوتی گوندەکــە.. ڕووی لــە کوێخــاو، دەمسپیی ئاواییەکە کردو گوتی:

"مام کوێخـا! ئاواییەکـەی ئێـوە نزیکـە جادەیـە! دیـارە ئەمــەش وا دەکــات، کــە ڕژێــم هــەوڵی ئــەوە بــدات! خەڵکانێکتان لێ بکڕن و، بیانکەن بەداردەست و، خزمەتی خۆیانیان پێبکەن.. لە هەمانکاتدا، دژی خەڵکی بە شەرەفی گوندەکەو.. هێزی پێشـمەرگە سـوودیان لـێ وەبیـنن! جـا پێمان باشە، ئاماژە بەو کەسانە بکەیت! زۆر هـاتوو چـۆی شاردەکەن و، گومانی ئەو جۆرە کارانەیان لێ دەکرێت!"

کوێـخا لە وەڵام دا گوتی:

"بڕواناکەم لە گوندەکەی ئێمە، کەسی وا هەبێت!"

کادیرەکە گوتی:

"دەتوانی کەفیلیی دێیەکە بکەیت؟"

کوێـــــخا گوتی:

"بـەڵێ.. ئەگـەر ئـەو چـەند کەسـەی، سـەر بـەخۆتانی لـێ دەرکەی!! ئامادەم بەخوێن بۆتی مۆر بـــــــــکەم."

..............................................

دەمسپی : دەمڕاست، دەستنێژ، بندار، نوێنەر.

# "٢٨"

## "مرواریی"

ئـەوی گـش ڕۆژێ بـۆ سـەر ڕووبارەکـە دەچـوو، وەلـێ نـە بەتنێ!

کاکەی لۆ وەی لەکۆڵی خۆی بکاتەوە، پێی کوت:

"شیرناوە! داوی ماسیییەکە بەرەو، بۆ سەر ڕووبارەکە بچۆ.. کەی ماسیییەکت ڕاو کرد! ئەوە ژنەکەت بۆ دێنم"

دەمێ چەنگلەکەی لە ڕووبارەکە کرد، هێنـدەی پێنەچـوو، داوەکـەی دەسـتی قـورس بـوو.. کـوڕە هەسـتێکی خـۆش دایپۆشـیی.. دەسـەرەخۆ و بـە ئـارامی، داوەکـەی بـەئالی خۆیـدا بـەکێش کـرد. هـەر چـەندی ڕایدەکێشـا، بارتـەقای ئەوە! ئۆخژنی پێ دەکـەوت. دا ئـەوەی ئەرخـەیان بـوو.. ماســـیییەکی لاوازی زەردبـــاو بـــە دەمـــی قولاپەکـــەوە قرخـەقرخێتی! لـۆ قولاپەکـە نـەوی! دا ماسـیییەکە لـێ بکاتەوە! ماسیییە لاوازەکە کوتی:

"منێکی باریك و بنێس ئێستە بشمخۆی! هیچ چێژو تـام و لەزەتێکت پـێ نابەخشـم! تەنانـەت بەشـی دوو پارووشـت ناکـەم؟ بەرمـدە! سـێ هـاوڕێی قەڵـەو و بـەخۆ و چـەورم

هـەن! بـەفێڵ و حیلـە دەچـم دەیـانهێنم! وا دەکـەم لـە داوەکــەی تۆیــان خــەم و، ئــەم چــاکەو پاداشــتەت بدەمەوە!"

شیرناو لە دڵی خۆیدا کوتی:

"ئەم سیسەڵەیە، دروست دەبێـژێ! ئەگـەرەکوو مـن ئـەو ماسییانە بگرم و بیانبەمەوە، ئەوا کاکـەم لـە خۆشـییاندا، قسەکەی خۆی دەباتە سەرو ژنەکەم بۆ دێنێ!"

ماسـیی لـە دەوی قـولاپ کـردەوە، ماسـی گـۆرین هـەر ئەوەندەی لە دەمی قولاب ڕزگاری بوو، ئاوڕێکی لە شیرناو دایەوەو کوتی:

"نەگبـەتی بـێ ئـاوەز! ! مـن مرواریيـەك وا لـە ئەوكمـداو تاســاندوومی، بۆیــە لاوازم! ئەگــەر بهاتبــاو بەدەســتت هێنابا! ئەوا سەراپا خانەوادەکەت.. خەنی و ماڵباتەکەتان بوونەو بێ کێشە دەبوون."

شــیرناو دەگـــەڵ ژنـــەڤتنی مرواریـــی.. خـــۆی بــــە ڕووبارەکەداداو، بە دووی چوو...

ئێستە هەموو بەیانییەك.. دەگەڵ خۆرکەوتندا! ژنێك دێتە ســەر ڕووبارەکــەو دەســتێکی دەکــات بەچــەترو، تاوێــك دەلاوێنێتەوەو دەچێت.

........................................

بارتەقا : باتەقا، هەمبەر

گۆرین : نێوبراو، تایین.

چەنگل : قولاپ

"٢٩"

## "ڕامیاریی"

"عوسمان تیرۆرکرا"دایکم بەهەڵاداوان خۆی بەماڵدا کرد..
گویم لێ بوو کوتی:
"ئەو سەگبابە کوا؟!"
هاوژینەکەم واتی:
" لە ژووری سەرەوە لە کتێبدانەکەیەتی" .
دایکم دەنێو خانەوادە و.. ماڵباتەکەی ئێمەدا، ژنێکی بەتوان و.. دەستڕۆیشتوو و.. قسەڕۆیشتوو بوو! تەنانەت لای باوکی کۆچ کردووشم! کوتەی ڕەت بوونەوەی نەبوو. وا ئاگام لێیە نزیك بووەوە، نووکەشەقێکی لە دەرکەکە ماڵی و، هاتە ژوورەوە، وەت:
"حەمە ئەوە مژوولی چیت؟"
"دایکە دەخوێنمەوە"
"حەمە من چەند جارم پێ کوتی، واز لەم نووسینە هەڵتم پەڵتمە بێنە! تۆ لە سەری باوکتەوە عارتنەنـــــا! پاش ئەم هەموو دەردە سەرییە، لە تەنیشت عەرەبانەکەیەوە سەریناوە، کورم شوورەییە، (مار لەیەك کونەوە

دووجارانـــت پێوەبـــدا) دەســـتم دامێنـــت! دەســـتمان بەکڵاوەکەی خۆمانەوە گرتووە با نەیبــــا! بیرتە منـاڵ بوویت ڕۆژێ هاتیتە ماڵەوە کوتـت: ((دایکـە دادە حـەلاو و مـریم! دەسـتیان لـە قـژی یەکـدی نـاوە، وا مـیم ڕەختـە نێوانیان دەکا)" کوتم:

"وەیبڕەوە تەواوی مەکە."

چـووم دەسـتیم مـاچ کـردو، هێنـام لەسـەر کورسـییەکەی خـۆمم دانـا! زۆر جـاری تـریش باسـم کـردووە، جـا! کـە ڕووداوەکەم بۆدایکم گێڕایەوە، کوتـی:

"لێیـان گـەڕێ ئـەوان سـەگ و سـرانگوێلکن" کـوتم دایـە! مریەم دەیکوت:

"بوەستە بۆم!! شەرتبێ سیاسەتت کەم!"

دایکم لە وەڵامدا کوتـی:

"سیاســـەت یـــانی: ئـــەتککردن، نێوزڕانـــدن و، دەرپێداکەندن!"

.................................

واتـــــی: کوتی، وەت، واتش.

مژوول: سەرقاڵ.

"٣٠"

## "تەسحیب"

زۆری کۆشا تەزبیحەکەی.. بەفێڵێك لە دەست بکاتۆ! کە نا ئومێد بوو، لەدڵی خۆیدا کوتی:

"چار نییە باڕێگەیەکی دی بگرمەبەر"

چووە تەنیشتێوە و، کوتی:

"ئادەی! وەڵا تەزبیحێکی نایابە، ئەبڵەقە؟"

ئەویش نیوەی تەزبیحەکەی لەمشتنا!

"کوا! بەریدە!"

خودان تەزبیح

کوتی:

"هەمووی وەکی یەکە، ئیدی مامۆستا بۆچی بەری بدەم!"

مامۆستا مۆڕەیەکی کردو، کوتی:

"دەست مەخە ڕێی مامۆستا! مامۆستا فەڕو پیرۆزو تژییە لەشکۆ!"

هەر چەندە ئەو نەخوێندەواریش بوو! لیَ دیار بوو فرە پڕ بوو.. بۆیە بەتوندی باگۆی دایەوە:

"مامۆستایەك دەپۆلێکدا کۆمایە قوتابی هەس! گەر نەکارێ یەکێ لەقوتابییەکانی پێ بگەیەنێ! ئاخر مەزنی و پیرۆزیی ئەو مامۆستا لە کوێدایە"

"مەبەستت؟"

"مەبەستم روونە"

دەستی هەڵپچورڕاندو، لەژێر لێوەوە کوتی:

"هەر هەمووتان بەرژەوەندی خواز و درۆزنن!"

.....................................

تەسحیب: تەزبیح، تەسبیح، تەزیی.

## "٣١"

## "بـــــــەرد"

دەگێڕنـەوە سـاڵانێكی فـرە.. بـەر لـە ئێسـتاكیٚ! بـەردیٚ، كوچكیٚ، كەڤریٚ! خۆت چ ناوێكییانت لاپەسەن و خۆشـە! لە پالٚ بەرزایی گردو تەپلۆسكێك، دەخزیٚ و بۆدەشتاییەك خلـۆرو تـەنیا دەبێتـەوە، سووسـەی ئـەوە دەكـا! بـەها و ئارزش و ئارامیی نەماون.

جەخار دایدەپۆشێت!!

پێشان.. ورنجـــە و ترنجـــەی خۆی هەبوو!!

"زڤســـتانان بـــاران دای دەكـــرد.. دەورووبـــەری شـــل دەبوونـەوەو، جەسـتەی پاكـژو خـاوێن دەبـووەوە، تـاو هیشـكی دەكـردەوەو، گـەرمی ڕادەهێنـا. بوهـاران بـە ســەوزایی و، گولیلكـــە ســوورەو، بـــەیبوون دەردووری دەتـەنران. هاوینـان! بـۆنی گیـاو گـوڵی هیشـكەوەبوو، سروشـــتی مەســـت و حـــەیران دەكـــرد. پـــاییزان! لـــە دەورووبەریدا. تا چـاو هەتـەری دەكرد! زێـــڕ ئاســا دەچریسكایەوە.

کەچـــــــــی نووکـە! بـە هـاڤین گـەرما داخـی دەکـاو، پاییزان! تەپوتۆز دای دەپۆشن و، بەهاران! لەو سروشـتە جوانەدا بێ بەشـە.. بـە زمسـتان، قـوڕو لیتـە تـەنگی پـێ هەڵدەچنن! هەر چـەندە وارانـیش دەبـارێ! ئـەم حـاڵی، بەدرەفتر و، خراوترە! قەت جوانی و پاکیی! پێشـانی بـۆ نازڤڕێتــەوەو، بــێ بایــەخ و بــێ ســەنگ لــە ســەر ڕێگــە کەوتووەو، هەر پیـادەو کاروانییـەك! بەوێدا، تیدەپـەڕێ، نووکە شەقێکی پیادەماڵێ!

بلێی ئەوە لە تۆڵەی ئەو هەموو ڕەقیی و.. بێ دەنگییـەی بێت! کە سروشت پێی بەخشیوە؟

گەر وایــــــە! خـۆ وی تـاوانی نییـە؟! لـە دڵـی خـۆی دا خۆزی و ئاواتی دەخواست! کەڤرێك دەبوو لەسەر کولانەی سەگێك ، یا لە نێو چۆمێکدا بۆ مێکوتەو، هـووردە ماسـیی چەترو حەشارگەیەك بووایە. یانیش پاژێکی چووکی ڕاگـری کۆلیتێکی بێنەوایان!

پاشــترێ بیریکەوتــەوە! ئـەدی ئەوەنـدە سـاڵە لـۆ هـزرو خوازیاری.. ئەمانە نەبووەو هەوکـە، کـە بـاری کەوتووەتـە لێـژیی! بـیر لـەم کـارە باشـانە دەکاتــەوە. دواتـر کەوتـە دلْدانەوەی خۆی!

"پێشتر خۆ هەرهیچ نەبووبێت، سـەنگێکم دەسـەر عـەردی هەر هـەبوو، کەمۆکەیـەك زەوی و سروشـتم خەملاند بـوو. ئەدی نا ئێـــــــــژن:

"هەر شتەو خوو و خدەو سروشتی خۆی هەن!"

زۆر ڕامـــــــا! فـره بـەزەیی بەخۆیـدا هاتـەوە.. خـەیاڵ بـــردی. پشـــتی گەشـــتێکی دوورو درێـــژ، ئـــەو پەنـــدەی بیرکەوتەوە بەرینانی کوردەیل دەوشن:

"بەرد لە جێگەی خۆی سەنگینە"

........................

دەردوور: دانــدۆر، دەوروبــەر.

واران : ڤاران، بــــاران.

ئاررزش :نرخ، بەهــــــا.

# "٣٢"

# "شاخک"

شێخ ئەمری خوای بەجێ هینابوو، خەڵکێکی فرە ئامادەی پرسەکە بوون.. سمکۆی شێخ عەلیش لەڕیزی پێشەوەی من دانیشتوو، مینا خەڵکی وێردی دەخۆند، وەلێ من دەمزانیی! وێردی ئەو یەك و دوو بوو، دا چـــــــــــــــــل!

جارێ ئەم پرسیارەم لێ کرد:

"تۆ لە پرسەکاندا ئەوی تێبینیم کردبێت..تا چل دەخوێنیی! لۆ چل؟"

کوتی:

"ئاخر فاتیحا بەسیی چرکان تەواو دەبێت، دەڵیم لەوەیە سووڕەتێکی چکۆڵەشی دەپاڵ بخەن"

کوڕەکەی شێخ حەمەدەمین ئەم بەیانییە پێی کوتم:

"باوکەڕۆ ئەو هاوڕێیەی تۆ چوختییە."

"کوتم چۆن؟"

کوتی:

"لەپرسەکەی دوێنێی شێخدا! کە خۆشتان ئامادە بـوون! من لە پشتیرا وێستا بووم، کە سەرخۆشـیی لـەکوڕی شـێخ کرد"

"کوتم چی کوت؟"

گوتی:

"دەستی دەنێودەستی دانابوو، خێرا خێرا دەیەکوت:

(بەرەکەت لە مەرقەد کەوێ..بەرەکەت لە مەرقەد کەوێ)"

ئەویش گەرم تر لەوی دەیگۆ:

"لوتفتان نواند،خوا پاداشتان بداتەوە"

..............................

شاخك: مەرقـــەد ، مەزار

چوختی: وریا

## "٣٣"

## "ڕستک"

کـــاری چنـــــگ نەکـــەوت! بەدڵشکاوی لۆزە لـۆز لـە مەیدانەکـەوە، ڕووەو مـاڵ بـووەوە.. دەسـەر شۆسـتەکە ملوانکەیەکی زێڕ، شەوارەی وە دیدەکانی کرد.

ئێستێکی کرد.. وازی بوو وە چۆکدا بێت!

ناگەهان بە شۆستەکەوە هیشك بوو.

"نا نااااااااا نەکەی"

"ئەرەکوو بچەمیتەوە ئەوا قـووتی چـەند هـەیڤی منالـەیلت فەراهەم دەکەم."

"نە، نا! تۆ بڵێند بەرەوە."

"مرۆڤەکان هەر دەم دەحانی من نەوی بوونەتەوە"

"نا! تۆ بەرز بەرەوەو، بێرە بەڕکەکانمەوە"

"وێدەچێ ڤێ بەخششێ نەواتی؟"

دەگەڵ لێـو هـەڵ قورتانێکدا "هـاپۆ عەبـــــە" بـە چـەند پێنگـاڤێکی لـەز، دەرکـەی حەوشـەی واز کـردو.. هێمـان زارۆکەکانی دە خەوێدا بوون!

**گـــورجیٚ دەپـــاڵ هـــاوژین و.. ئایلەکانیـــدا وە ئـــارامی هەڵایـــــــــــــژا.**

.........................................

ڕستك : ملوانـکە، گەردن بەند.

ناگەهان : لە پڕ، دەمودەست.

پێنگاڤ : هەنگاو، شەقاو، گاڤ.

واز کرد : کردییەوە.

حان : ئاست.

ئایـــل : زاڕۆ، زارۆك، منالٚ، زارۆڵە.

## "٣٤"

## "نـــزا"

"ئامــانج سەروەر"مامۆســتای بــەرایی لــە هوتێــل لــۆی گێڕامەوە:

"کـاك هەڵکـەوت! تۆباسـی هاوسـێیەکتان دەکـەیت.. کـە ساڵێکە مێردەکەی لەسەرجێ کـەوتووە، هـەر خـۆی پـاکی دەکاتەوەو خزمەتیدەکا! تۆمەڵێ هەر ژن لـە پیـاو دڵسـۆز تـرو میهرەبـان تـرە.. دەبـا ئـەز ژی ئـەم سـەرهاتەت بـۆ بگێڕمەوە"

"سەیداکی هـەڤاڵێ مـن! پشـتی ئـەوەی ژنەکـەی تووشـی نەخۆشییەکی کوشندە بوو، ئەوی لە توانـای بـوو، درێخـی نەکرد! بۆ تورکیای برد، بۆهندسـتان چـوون، خانوویـەکی بوو! لۆی فرۆت.

ئــەوێ رۆژێ لــە ژووری بەڕێوەبــەر دانیشــتبووین ، زۆرم بەزەیی پیێ داهات! کوتی مامۆستا!

((ئەوی نەبێ لە ماڵت نازانێ بە حاڵت!))

ئـەویی دەســەر مـن ئـەرك بـوو، خـوا بـۆ خـۆی ئاگـادار، تەنەخی و درێخیم نەکردووە! شەرع شەرمی نییە! سێ

ساڵە توانی سەرجێیشی نییە!

ئەوە لەوێ بوەستێ!کەچیی ڕۆژانە پێم ئێژێ"

"سالار! گش دەمێ دوعاو نزامە، خوا پێکەوە ژیانمان لـێ بستێنێتەوە."

..............................

فرۆت: فرۆشت.

## "٣٥"

## "دلۆڤانی"

دە ژوورە لاکێشـەییە تەنگەکـەدا.. بـەئالی دەرکەکـەوە، شاعیرە شێتە قشتە، بەژن زراڤە گوتـە نەرمەکـە.. کـە لـە گوڵێکی ئاوپرژێن کراوی دەکرد! بەدیار کۆمپیوتەرەکەوە. لـە کەشـێکی ئـارام و نیمچـە تاریکـدا، شـیعری عیشـق و ئەڤینـداریی.. بـۆ نووسـەرە لێزانـە سـەر باقوبریقەکـە دەخوێندەوە.

بەلاّنـەکینیّ! وی لـە دنیایـەکی شـاعیرانەی پـڕ فانتازیـا و ڕۆمانسـیدا! لێـوە گێلاسـییەکانی کچـەی لـە نێـو زاریـدا هەڵدەگلۆڤ. گاڤێ دوا چۆڕی پێکە شیعرەکەی هەڵدا! دڵی کەوتە تەپەتەپ و.. نێو دەوی بوو بەزنەو، بە گـوژم ئـاوی لـێ هەڵـدەقولّی، دەنگێـك لەئەشـکەوتی ڕوخسـاریدا بلّنـد بووەوەو، لە نێو ژوورەکەدا کەوتە پێکدادان:

"بموێرابـــــــا! لە پای ئەو چەپکەگوڵە شـیعرەت.. ئـەو لێوە شیعراوییەتـم شیعر مـژ دەکرد!"

ئەو تێبینی کرد بوو! ڕۆژانێکە هەستێکی وای لەکن گەلاڵـە بووەو، دووگمەی حەزو خۆزگەیـەکی وا لـەناخی نووسـەرە لێزانەکەدا..چووقەرەی کردووە ! لەدڵی خۆیدا کوتی:

"سەدان لێوم بە دەفـری بـێ گیـان و.. شووشـەی سـەردو سڕی بێ نەشئە بەخشی ! ! لێوم کاڵ نابێتەوەو.. بەمـەش وە سـۆزانی نـابم ، ئەگـەر حـەزو خۆزگـەو تـەمای ئـەم ئافەریدە چەپێنراوە بهێنمەدی ! "

بزەیەکی بۆ کردو، لێوەکانی بۆ تەڕکردن و.. دوایی کردنـی بەشکۆفە ! بەچاو دیاردی بۆ کرد:

"وەرە هەڵیـــــــانمـــژە ! "

بە درێژایی تەمەنی هەمبەر وێ.. وێنای وێنـەی وای نـەکرد بـــوو! ڕوخســـاری، کـــە لەوەوبـــەر دەتگـــوت جـــاوی سـپییە ! خوێنی تێگەڕایـەوە، هـەر چـەندە هـەموو گیـانی دەلەرزین! وەلێ دەرفەتەکەشی بە فیڕۆنـــەدا:

"دەبا چاوێکی ڕاڕەوەکە بکەم"

پاش سێ پێنگاڤ چوون و.. دوو شەقاو گەڕانەوە، تونێتیی چـەند سـاڵەی ڕۆحـی ڕەوانـی لـە زنـەی زەمزەمـی زاری تێرکردو.. سەرووی زرانییەکانی تەرەشوعیان دەردا.

بەڵام وەکو خۆی کوتی:

"ئەوجار دەمرم بە تاکێکێوە "

**نهۆ لەو شوێنەدا !**

**هـەموو ڕۆژانێـك سـەرابێك دێـت و، بەخـەڵكی ئـەو نێـوە دەڵێت:**

**"ئالێرەدا ! ! شاعیرە شێتە دلۆڤانەکە.. سۆزو بـەزەیی و مهرەبانیی خۆی، بە نووسەرە لێزانەکە بەخشیی."**

**لەو مێژووەوە ! هەر کەسێك بەو جێگەیەدا گـوزەر بکـات.. وێـــڕای بزەیەکی کاڵ، سێ جاران سەر نـەویی دەکـات و، سـێ درووددانـیش بـۆ بـوێری و.. ئـازایی شـاعیرە شـێتەکە ڕەوانە دەکات.**

..............................

زراڤ: باریك، لاواز.

زنە : کانیی چـــــــکۆلە.

زرانی: ئەژنۆ، زانۆ

## "٣٦"

## "پێڵاوی لاستیک"

پشتی ساڵانێکی فرەی پێشمەرگایەتی و دەربەدریی.. بە کۆڵێ خەون و خەیاڵ و هێڤییەوە.. بۆ بازێڕەکەت هاتییەوەو. ڕۆژێ لەو چایخانەی بەر ساڵانێ! بە قۆچانی ڕەش چێشتخانەی باوکت بوو، دانیشتی و.. چایەکت گاز کرد، لە گەڵ تێکدانی چایەکە، چاوت بە خەڵکەکەدا ساوین. نیگات لەسەر ئەو پیاوە تەپلەڕەشە لەنگەری گرت.

منداڵ بوویت! داکت و دوو خۆیشکت، لە سۆنگەی پێشمەرگایەتیی باوکتەوە بۆ بەندیخانە بران! ڕێکەوت وایهێنا دەمێ بۆماڵەوەتان هاتن! تۆ لە قوتابخانە بوویت. بۆیە لەماڵی هاپۆتدا گیرسایتەوە.

لێ خەم و ناسۆریی و دووریی خێزانەکەت. ئەو ساڵەی خوێندنتی بەفیڕۆداو، نەتتوانی سەرکەوتن بەدەست بێنی!

مامت ڕۆژانە دەفلسی دەدایێ، تۆ پێنچ فلست خەرج دەکردو.. پێنج فلسەکەی دیت لە قووتویەك دەنا! هاوین بوو، زۆرت ئەلهاو ئارەزووی تۆپێن بوو، تۆپێکت بە سێ

پـەنجایی کـڕی و..بـەرەو مـاڵ دەبوویتـەوەو، شاگەشـکە بوویـت! چـێژی ژیانـت لـە تۆپەکەتـدا خڕکردبـووەوە! لـە سـەر کۆڵانەکـە، دووجارانـت بـە هەردەکـەداداو، نـەتزانی شەقێکت پیاماڵی! تۆپی تاین بڵێند بـووەوەو، بـە لاشـانی ئەو پیاوە کەت، وا ئێستێ، پیر بووەو، تەپلەیەکی ڕەش و گۆچـانێکی دەنێـو لنگـی نـاوەو، لـە بـن چـاویلکەکەیەوە تماشای شاشەی مۆبایلەکەی دەکات و، جارجـارە قسـان، بۆ ئەو خەڵکـەی دەکـا! وا لـە دەورووبـەری ڕۆنیشـتوون و پێدەکەنن.

زور ترسایت! دەستت بە گریانێ کرد.. زۆر پاڕایتەوە، لـێ ئەوی بێ بەزەیی و نامەردانە پەلاماری دایی! وێڕای تـووك و جمــان.. زلەیــەك و شەقێکیشــی لێــدای! بەوەشــەوە نەوەســتا! تۆپەکــەی گرتــی و، قەڵــەمبڕێکی لــە بــەرکی دەرێناو! لەتوپەتی کرد.

ئــەو ڕۆژە تــا ئێوارەیــەکی درەنــگ گریــایی و.. کوڵــت نەنیشتەوە! شـەوێ بـەوە داسـاکای و.. دڵخۆشـیی خـۆت دایەوەو، سۆزت بـە خۆتدا..کـە گـەورە بوویـت! ببیـت بـە پیشـمەرگەو، تۆڵـەی خـۆت و باوکـت! لـەو پیـاوەی ڕژێـم بکەیتەوە، کە هۆکاری گرتنی دایکە هەناسە سەردەکەشت

بوو. خوشکێکت لە گرتووخانە گیانی لە دەستداو، باوکت دەشەڕی خۆکوژیدا پەنهان بوو. تاقیکردنەوەی شەشی ئامادەیت نەداو، داك و خوشکە تاقانەکەت جێهێڵاو، هەریٚ و پەیمانەکەت بەجیٚ گەیاند. لیٚ سویٚ و ئازاری جوێن و.. تەقانی تۆپەکەت! هەر لە بیرەوە نەچوو و! هەمیشە لەگەڵتدا دەهات. ئاخر تۆ ناحەقت نەبوو، دوو هەیڤان، لە دەویٚ خۆت گرتەوەو.. سکی خۆت هەڵلووشی! تا ئەو تۆپەت پیٚ کڕیی. پریشکی گوللەی تۆپیٚ! چاوێکی قرپۆك و کوێر کردی و، لە شەڕێکی دەستەو یەخەدا! بەزامداریی گیرایت و.. دوای دوو ساڵ ئازار و ئەشکەنجە، بە لێبووردنی گشتی ئازاد بوویت و، بۆ چیا چوویەوە. دەشالاوی ئەنفالدا ژن و، منالاکانت لەئەشکەفتێکدا گیران و، تا نووکە، هەواڵیان نازانی!

زەنگی مۆبایلەکەت بە ئاگای هێنای! هێشتان کەوچکەکەت لە نێو پیاڵەکەدا گردەدا. سەرت هەڵبڕی! پیاوە تەپلە بەسەرەکە دەبینی، شیعری نێو مۆبایلەکەی بۆ خەڵکەکەی دەوروپشتی دەخوێندەوە:

که هاتنەوە، بۆ نیشتمان!

بە جووتەك پێڵاوی لاستیك

بەجلکێکی شڕو چڵکن

بەسواری کەر.

هیچتان نەبوو...

قوڕگت پڕ لە گریان بوو، هەناوت نـانی دەبرژانـد! چـاکەت سـاردەوە ببـوو.. دەسـتت لـە بـەڕکت نـا.. تـەنیا پێـنچ هـەزارو، دوو سـەدو پـەنجا دینـارت پێبـوو.. دوو سـەدوو پـەنجا دینارەکـەت، لــە بــن پیاڵەکـەناو، چـایخانەکەت بەجێهێشت.

..................................

قوچانی ڕەش: تابلۆی ڕەش

ئەلها: ئارەزوو

تووك: نەفرەت

پەنهان: ون

هەیڤ: مانگ

## "٣٧"

# "پەیڤەک"

من لەوەتەی هزرم پێگەیشتووەو.. میوەی تـرش و شـیرین و تاڵی بەرهەم هێناوەو.. خۆم ناسیوەتەوەو، لـە چـەمکی ڕاسـت و چـەفت و، بـە ڕەهەنـدەکانی گـەرمی و.. سـەردی ئاشنا بووم! ڕك و کینەم لە شتەك هەڵکشاوەو نامهـەوێ.. ببڕای ببڕی بیبیستم و، پەردەی گوێیـەکانم بئانگـاوێ!!! یان ژی بکەوێتە سەر تۆڕی دیـدەکانم و، خـۆی وەکاسـەی سەرما وەکات. مرۆ بەدەسـتی خـۆی نییـە، هەنـدەك شـت هەن! لەویست و حەزو مگیزی بـەدەرن.. ئەمـەش شـتێکە لەوان. هەڵبەت دەگمەن و ناوازە نییە!چـونکوو بـەر لـەمن تشتی وابووەو،..بیستراوەو گوتراوە:

ڕکـم لـە درۆیـە، قێـزم لـە ناپـاکیی دەبێتـەوە، هێڵـنجم لـە ڕامیاریی دێت، یان شەڕم ناوێت! تەنانەت هەیشە ڕقـی لـە پـــەیڤی ئـــازادیی، یـــاخود خوێنـــدن، یـــان ژی یەکســـانیی دەبێتـــەوە! وابـــزانم ئەمانـــە گشـــتی تـــا ئێـــرە! ئاســـایین! دەوجا بزانە ڕك و ناحـەزی و دوژمنایـەتی مـن لـە چـییەو، دەگەڵ چییە!

ئەز ڕکم لە وشەیەکە!

لە گش ئەمانە چووکترو، بزێوترو، خۆلەپێشترە!

هەر ئەوەندە چەند وشانێکی دیت! بلەز لە نوایان قوت دەبێتەوەو، بە چەپەرو تەیمان و تانۆك دەبێت. دەست لە هەموو کاروبارێك وەردەدا! لەهەمی کۆڕو کۆبوونەوەو سیمینارێکدا تەیارە. من ئەم وشەم لە مەژگمدا سڕیوەتەوەو.. تەنانەت لە نەستیشمدا کوێرمکردووەتەوەو، گومان نابەم شوێنەوارو دەوسێکی هەبێت. بەهیچ ئاوایەك لێی نزیك نابمەوەو، نێوی نابەم! خواستیش ناکەم کەسێك بیلاوێنێ و، بەبەژنیدا هەڵبدا!! یاخود ڕەنگ و تۆن و فۆنەتیکیم ڕووبەڕوو وەکاتەوە. دە هەڤپەیڤین و ئاخاوتنەکانیشمدا، لەکاری نابەم و، ئەرەکو هیچ واژەیەکیشم بۆ ڕام نەبێت! هەر پێی نائاخڤم! تەنانەت لە خوێندنەوەی ڕۆژنامەو کۆوارو.. کتێباندا بەسەریدا بازدەدەم و ئەیبوێرم. ئەوەخۆ لە هۆزان و چیرۆك و نووسینەکانمدا! مەحاڵە یەکجارێکیش ئامێتەی واژەکانم بێت. دەمێکیش گوێ بۆ ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕیکۆردەر هەڵدەخەم! پێش ئەوەی ئەو خۆی شاندات! من لای خۆمەوە دەنگبڕی دەکەم و.. بە لەوسیدا دەکێشم.

گەلەکم ڕك لێیە گەلەك!!

دژمنی باوەکوشتەمە، بەخوێنی سەری تێنووم!

لە کۆمپیوتەرو.. ئینتەرنێتیش! بەر لەوەی تووشم بێت و.. نیگامان تێکبپەڕێت! دیلیتی دەکەم و، دار بە ڕۆحیدا دەدەم و، وەك گورپە هەڵدێت. لە دوورەوە گوێم لە زایەڵەی بێت.. زراڤییەکانم دەلەرزن و..فشاری خوێنم هەڵدەکشێ. ئەگەرەکوو بۆم لوابا! لە تەڤایا بڵاوکراوەو، کتێب و فەرهەنگانم دەردەهانی و.. گڵپەستم دەکرد. چونکم ڕۆژانە ئەم وشە ناجسن و ناقۆڵاو بیژییە.. وا بەسەری زوانی خەڵکییەوەو.. بە کاری دەبەن.

ئەوێ ڕۆژێ دەگەڵ برایەکمدا دەسەر ئەم نەحلەتییە دەستمان لە بینی یەکترنا چونکە کوتی:

"...."

"هەی سەلکە سەگی چەتوون، من چەند کەڕەتت پێدەلێم، ئەم وشە نەگریسەم بەگژڕا مەکە!!

"ئاخر..."

"دووبارەی مەکەوە، ئێژیی مەتەڵ مێشم لێ دادەهێنیت، هەی بەڵامدا لە چارەی تۆو...."

بـڕوا بكـە ! ئـەز لـە سـەدەی ڕابـردووڕا، وازم لـەم وشـەیە هــانیوەو، دەســتبەرداری بــووم و.. بــبڕای بــە ئــالی دا نەچـووم ! نامهـەوێت بیژنـەفم و.. لەســەر شـریتی نەسـتم تۆمـاری بێـت. چـون دووبـارەو، سـێ بـارەو، سـەت بـارە بووەتەوەو، سواوەو ئێكسپایەر بووگە. پێمباشە وشەیەكی دی لە شوێن نـێین و، هەتاهەتایـە گۆڕنێـژی سـەرانگوێلكی مێژووی وەكەین.

وەلێ هەندەك دەبێژن:

"ئەمـە دروسـت و لـۆژیكیی نییـە، وشـەیەك لەفەرهـەنگی زمانەكەمان.. كوێركەینەوەو دەستبەرداری بین.

ئەم وشە قوڕمساخە.. مینا سەگی هار وایە ! ئـەوجار بـێ شەرم و شكۆ و شوورەییە.

هەڵەوەڕ، خۆلەپێشكەر، فشەكەر.

هەر سێ چوار وشان لەگەڵ یەك ڕیز دەبـن ! ئـەوی وەكـوو مـەیموون دەپێشـیاندا قـوت دەبێتـەوە. دەشـێ بپرسـیت بۆچی چییە ! !

لێتكــردین بــە كــابرا ! ڕادیــۆ و تەلــەفزیۆن و ســیمینارو ڕۆژنامەكانی بەرزەفت و كۆنترۆڵ كردووە !

ئاخر ڕێگریی چی کردووەو، تومەت و تاوانی چـیی ئـەنجام داوە ! نابێت بزانیین؟

قسەکانت دەسەلمێنم! وەلـێ سـڵ لـەوە دەکەمـەوە.. لـە کارو کردەوەکانیت ئاگادارکەمەوە ! خونچەی لێوت شکۆفە وەکات و، تیری هەمان وشە پـەردەی گوێیەکانم بئەنگاوێت و..کۆشکی ئەفسانەیی ئەوەندە ساڵەم! هەرەس بهێنی و، بڵێی ...

..............................

دەوس : شۆپ، جێپێ.

نوا : پێشەوە.

چەپەر: تەیمان، تانۆك.

## "٣٨"

# "خێڤزانک"

خانوویەکی هاکەزایی بە قایە دروستکراو، قاپییەکی ساجی گۆپکـــەداری ئاســـن، لـــە دەرکەکـــەوە دەچـــییە ژوورەوە! دالآنێکـی نیمچـەدرێژی تـەنگ پێشـوازییت لـێ دەکـات. تـۆش وەجێیـدێڵی و..دەگەیتـە حەوشـەیەکی لاکێشـەیی. چـەند شـەقاوێتر دەچـیت! نزیکـی ئـەو ژوورە دەبییەوە، کە هەمبەر دالآنەکەیە..ئۆدەیەکی خاڵییـە تـنێ کومبارێکی نیوداشت و.. چـەند دۆشـەکەڵەیەك، بوونـە بـە چارشـێوی زەوی ژوورەکـە. وێدەچـێت ئەمـە شـوێنی چـاوەڕوانیی بێـت. بـە تەنیشـتییەوە! وەتـاغێکی دی دەبینیـت، بـەڕەنگێکی کەسـکی تێـر بۆیەکراوە..چـەن کتێبێکی ئەستوورو بزورگ و.. هەمە چەشنەی تێدایە.

لـەم شـانەی وا دەچـییە ژوورەوە، بـەرماڵێك بـە سـنگێکا ئـاوێزان کـراوە، سـێیەکی زەویـی ژوورەکـە دەبڕیـت! مرۆیـەکی ڕەقەڵـەی سـوورو سـپیی.. لەسـەر قاڵییـەکی نـاوازەی گوڵگـوڵاویی ڕۆنیشـتووە، تەسـحیبێکی درێـژی (١٠١) دانەیی ئیمامەسەوزی بەدەستەوە گرتـووە.. سـەری

بـــە ســـینەیدا بەرداوەتـــەوەو، لێوەكـــانی بەیەكـــدادێن. وێدەچێت شتەك بخوێنیٚ.. لەژێرەوە تێتـدەڕوانێت! تـۆش دەنوشتێیتەوەو، سیٚ جاران! لا شانی ڕادەمووسی و.. بـە كرِوكپی لـە كـنی پـان دەبییـەوە. جوانییەكـەت بـۆ وی لـە ئەمپوولێكی بەنج بە بانـدۆر و كاریگـەرترە. هـەر بۆیـە بـە یەكـەمین نیگـا! ئـالوودەت دەبێـت و مرخـت لـیٚ خـۆش دەكـات. چـون نۆشـدارێكی سـایكۆلۆژیی بـە سـەلیقەو ئەزموون.. مامەڵەو بەرخوردت لە تەكدا دەكات:

"كچم بە خێربێیت!"

"خودا دەس وەتەمەنتەوە بگرێت، مامە شێخ گیان."

"بێژە بزانم"

"چی بێت لە ئێوەی مشایەخ نـەزانراو بێـت! وا بـۆ حـەوت ساڵان دەچێت.. مێردم كردووەو منالّم نابێت."

"بەلیٚ"

"جـا ئێسـتەش! بـۆ خزمـەت جـەنابت هـاتووم، تـا نووشتەیەكم بۆ بنووسیی"

"ئینشائەللا..."

"مێردەكـەم فـرە خـراوە، گـەف و هەڕەشـەی ئـەوەی لـیٚ كردووم! گەر منالّم نەبێت! ئەوە تەلاقم دەدات."

"نەئیشەڵڵا، نەئیشەڵڵا"

"بەقوربانی دەم و نفوستبم! مامەشێخ گیان، خۆم خستە بەختی تۆ، دەبێت! دوعایەکم بۆ بنووسی و چارەسەرێکم بۆ وەدۆزیی"

"بەسەر چاو .. بەسەر ڕۆح! ! ئێمە لەسایی خواو، لەسۆنگەی جەدیی باو و باپیرانمانەوە! هەمیشەو، هەردەم! لەکاری چاکەو بەسوود! پەنا بەخوا درێخیمان نەکردووەو، نایکەین! بەڵام ئەم شتەی تۆ کەوا لێی دەدوێیت! پێویستیی بە نوشتەیەکی گەورە هەیە"

"بەڵێ"

"ئینجا ئەوە لە شەرعدا شەرم نییە" (چاوێکی لە چاوت نا!)

"بەڵێ مامە شێخ گیان بفەرموو"

"پارچەیەکی وەك ئەم کاغەزە (دەستی بۆ کاغەزەکەی بەردەمی بردو، بەرزی کردەوە) عەیب نەبێت! لە ناوکت بەرەو خوار، لەسەر سکت ڕایدەخەم، بەم قەڵەمە سەوزە! (بەهەمان دەستووری پێشوو، قەڵەمەکەشی بڵیند کردەوە) دەکەومە نووسین و وێردو لائیلاهە ئیللەڵڵا! لە هەر شوێنێك قەڵەمەکە چەقیی! ئەوە ئەو جێگەتە لە کار

کەوتووە. پێویستە دەرمانێکت لە ڕەشێنەی چاوی گورگ و، دڵی پەپوولەو، خوێنی داپیرۆچك بۆ بگرمەوە! سێ ڕۆژان لەسەر یەك، ئەو شوێنەتی پێ چەوردەکەیت! نوشتەیەکیشت بۆ دەنووسم! لە ئاوی دەکەیت، لە پاش ئەوەی کوتم ((لەشەرعدا شەرم نییە)) لە گەڵ مێردەکەتدا جوت دەبن! غوسڵی خۆتی پێ دەکەیت! ئینجا هەوکە لەبەر ئەوەی درەنگەو، فریای ئەم هەموو کارەت ناکەوم! دەچییەوە، سوبحەینێ دەگەڵ خۆرکەوتندا، پێویستە لێرە ئامادەبیت!"

"بەسەرچاو"

هەڵستای بە هەمان پێودانی جاری پێشووت! سێ جارانی دیت، لاشانی مامەشێخ ماچکردو، ژوورەکەت جێهێلا. لە نێو دەرکەکە هەڵوێستەیەکت کرد، سەرت قیچەك بڵیند کردەوەو، لە دڵی خۆتدا کوتت:

"دیارە ئەمەیشە ئۆدەی ژن و منداڵەکانێتی!"

ئیدی هەنگاوەکانت هەڵێنایەوەو، ڕووەو دالانەکە جمیایت و، حەوشەکەت کردە دوو سێگۆشەی تیژ.

ئەو شەوە بۆ ساتێکی کەمیش! چاوانت لێکنەناو.. خەو باروبنەی لات نەخست. هەر گینگڵت دەداو، هزرت لەکن

نوشــتەکەی مامــە شــێخ بــوو. هــیچ ڕازو نهێنییــەکت لای شووەکەت نەدرکاندو، هەر بەو گوزەرەشدا نەچوویت.

بۆ ڕۆژی دوایی، دەگـەڵ خۆرکەوتنـدا، مامەشـێخ دەرکـەی دەســەرت کلۆمــداو، تــۆش لەســەر پشــت کــەوتبووی، دا نوشتەت بۆ بنووسێ:

"شەرمێ مەکە..کراسەکەت تا سەر سینەت هەڵماڵە!"

"........"

"ئەمە چییە؟"دەستی بۆ ژێرپۆشەکەت برد!

"ئەمەشـیان هەڵکـە! دەبێــت کاغەزەکـە لەســەر گۆشـتە ڕووتەکە بێت."

کراس و ژێرکراسەکەت تا سـەر سـینەت بردن!مامـە شـێخ دەحەیبــــەتان زاری ببــــووە کــــانی و.. لیکــــاوی لــــێ دەچۆڕایەوە. زۆرت فەدی بەخۆ بوو، چین چین عارەقـەی شـین و مـۆرت دەڕژانـدن! ئـازای جەسـتەت کەوتبوونـە لەرزین:

"شەرم کردن لە ڕووی ئێمەماناندا هەستەمە.. چونکە ئێمە لەلایەن خواوە ئیزندراوین!"

وەکـو چـۆن خـۆی کـوتی، پارچـەیەك کاغـەزی هێنـا، لـە خـوارووی ناوکتـەوە.. بـەلای دامێنتـدا بەسـکتدا درووی و،

ئانیشکی لەشلکەی ڕانت گیرکردو، کەوتە ڕەشکردنەوەی کاغەزە سپییەکە.. لالەپی لەسکت دەخشاندو، قەڵەمەکەی دەبزواند.

ئێستێکی کرد! کەوتەوە نووسین.. قیچۆکەیەکی دیکە وێستا! نەخێر کەوتەوە جووڵە.

تا لالەپی نزیکی ئەو شوێنەت کردەوە، سانسۆری لەسەرەو، مرۆ بێ ڤیزەو پاسەپۆڕت بۆی نییە! ئەو کەوشەنە ببەزێنێ! نەرمایی لەپی لەسەر سێ گۆشەی بەرمۆدە خست. پاپۆشەکەی داماڵیی، ناگەهان هاواری کرد:

"دۆزیمەوە، بینیمەوە! هیچ خەوش و نەنگییەکت لێ شك نابەم! تەنێ ئەوە نەبێت، بە منداڵیی خەتەنە سوورە نەکراوی! ئێستەش لە هەڕەتی ئەوەیدا نەماوی! بۆیە چاوەکانت بقووچێنە! تا بە نێو لەپی پیرۆزم هەندێکت بۆ لێ ساوم! تا دێیەوە عادەت!"

چاوەکانت نووقاندن و، جەستەت خاوکردەوە.. مامە شێخیش لێتیدەساوی!

دەماری ژنایەتیت بزاوت، هەوەس پەلکێشی کردی، جڵەوت بۆ ئارەزووت شلکرد!

ئاگات لە خۆ برِا، کاتی بە ئاگاهاتییەوە، مامە شێخ دەنێـو لنگتدا، کەوتبووە ڕەوتاری مارمێلکە.

...................................

خێڤزانك: فالْچی، فالگر، گیرِان، فال ڤەکر.

وەتاغ : ژوور، ئۆدە.

باندۆر : کاریگەر، تەئسیر

نۆشدار: دکتۆر، پزیشك.

گینگڵ : جینگل، ئەم دیو و ئەو دیوکردن لە بەر خەوزرِان.

فەدی : شەرم، خەجاڵەتی، فەهێت.

داپیرۆچك: داپیرۆشك، جاڵجاڵۆکە، داوەتەنە.

ژێر پۆش: ژێرکراس، ئەتەگ.

پاپۆش : ئاوەڵکراس، دەرپێ

"٣٩"

## "پاداشـــت"

مەگـەر تـەنیا خـۆی سۆسـەی کردبـا.. چـەندە شـەکەت و ماندووە! دا ئەو چـەپکە گـوڵ و خونچـیلە کێوییـەی.. دە پـاینی کەژەکـەدا بـۆ چـنیی! جەسـتەی چـون لـە ئـاودا ڕسکابێ، هەناسەشی بڵندو نەوی وەسینەی دەکرد.

ئەویش دە شەخەڵەکەدا، وە بان شاتاوێرێکەوە..لە ڕۆخـی ڕووبارەکە، گوێلێ هوردەکوچکی، دە نێو مشتیدا نـابوون، بە کاوەخــۆ دانە دانەی لە وردەماسییەل دەگرتن.

کە بۆی درێژ کرد! بە ساردییەوە لێـی وەرگـرت و، پیچـێك لێــی ورد بــووەوەو، بــە زاری ئاوەکەیــدادا. ئــەمیش لــە هەژمەتدا!! هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو..چاوەکانی لـە دووی نــاردن و، مینــا نــەمامێك، لەوێنــدەرێ چــەقی! لـــــــــێ بڕوای لەق نەبوو.

............................

شـــــەخەڵ: شوینێ پڕ گیاو داری نوێ شین بوو.

سۆسە: هەست

"٤٠"

## "حـــۆریی"

"عەبوود! "پیاوێکی ڕەبـەنی زگـورتیی داڵگۆشـتیی قـووچ بیـی، تـا بـواتی هـێمن وشـۆخی و قۆشمـە بیـی. ئـاکنجیی یەکیٚ لەو دێیانەی دەردووری شار بیی، برِێك جاران مـەلای ئـاوایی پێـی دەوشـی! کـە نوێـژەکانی بکـات. ئـەگینا بانـــەڕۆژیی بـــەدرِەف و، لـــە ڕۆژی پەســـڵان و زینـــدی بوونەوەشدا! شـوونی چـەقەرەکەی دۆزەخ دەبێـت!! لـیٚ هەمی جاریٚ هەر یەك دەستەواژەی لۆ مەلای پیٚ بوو:

"کە کەس ناچێتە گۆڕی کەسەوە"

ئــەو عەســرەی لــەپێش دەرکــەی مزگــەوتی گوندەکــە، حەشـاماتێکی فـرە ڕۆنیشـتبوون، جـاریٚ دی مـەلا سـەر دەخاتەوە سەری و، پێی ئێژیٚ:

"عەبـــــوود!"

عەبوود، کەمۆکەیەك خۆی گرد دەکاتەوە و دەڵیٚ:

"بەڵـیٚ! مامۆستا فەرموو"

"دەزانیی! ئەگـەرەکوو بگەڕێیتـەوەو، نوێـژەکانت بکـەی، خودای پەخشندە، لەو دونیـا پاداشـتت بـە ( ٧٢ ) حـۆری دەداتەوە؟"

عەبوودیش وە دووی وەڵامدا ناگەڕێ و پێی ئێژێ:

"وەڵا مامۆستا ئەگەر وابێ ئامـادەم! وەلـێ بۆنایـەی مـن، ئەو حەفتاو دوو حۆرییە ببەخشمە تۆ، دەبـری وان! تـەنیا تۆ، شەوێ مەلا ژنـــــــم وێدە"

.......................................

قـووچ : بـاڵا بڵیند ، بەژن درێژ.

شۆخـی : گاڵتە، جەفەنگ.

بانەڕۆژ : پاشەڕۆژ. نوا: پێش.

گەڵەتێ : جـــــــارێ، کەڕەتێ.

وێدە : پێدە، وێم دە، بمدەرێ.

"٤١"

## "پاڕادۆکس"

دەگش کۆڕو فیستیڤاڵ و، بۆنەیلی ڕژێمی بەعسدا، ئامادەو شیعری دەخۆندەوە. وا دەزانم ئێستەیە! زڤستان بوو، کەش و هەوا فرە سارد بی.. نمە نمە باران دەبارییی. لەسەر چەند تەنەکەیەکی ژەنگاویی.. پشت مێزەشڕکەی "حەمە سەعید زەنگنە" کە فرەی لیٚ ڕۆدەنیشتین! کەڕەتێك پێی کوتم:

"فلانیی! من لە شیعرەکانم دا..جگە لەپیاهەڵدان و نەبەردی و دیرۆك و سەروەریی کوردان زێتر! شتێکم نەکوتوون، دا خۆمی پیٚ لەکەدار و خزمەتێکم بە ڕژێم کردبێت!"

سایەو سێبەری مەردمیٚ، دوا زنجیرەی وشەی ڕستەکەی قاچی.. چێنەر زەنگنە بوو.. پێدەکەنی! پاشتریٚ بازنەیەکی تەواو سووڕاو، هاتەوە هەمان پنت و، کوتی:

"تەبەت یەدا."

شاعیرەکە لەفیکەی خۆی گەیشت. وەلیٚ من باگۆم دایەوە:

"تەبەت یەدا!"

هۆزانڤانەکە، بەدەنگێکی کەرخەوە، بەچێنەری واتی:

"چییە دەخەنیتەوە؟"

"بە تۆ دەخەنمەوە!"

چێنەر قسەلەڕوو و فرەبڵێ و پیچەکیش کەڵەوەکێش و چوختی و سەرسەری بوو، لاقی واڵا کردبوون، دەستی دەنێو بەرکی پانتۆڵەکەیدا وەرشارد بوو، چاوی دە دووڕ چاڤی نابوو، وە کرپیش بنێشتی دەجاویی.. پشتی قیچۆکەیەك بیٚ دەنگی پێی کوتەوە:

"ئازیزم! هەر بەریی هەفتەیەك دەبیٚ و نابیٚ، لە ڕاگەیاندنەیل نەتژنەوت! هەڵبەستڤانێکیان گوللەئاژەن کردووە، کە سەرۆکی بەشێر چواندووە؟!"

من متەقم دەخۆم بڕیوە، کەچی ئەو دەڵێت:

"چما بۆ؟"

"پێیان گوتبوو، کەرە! کوتای توێژینەوەو پشکنیین و سۆنەر، دەرکەوتووە! تۆ بەلایەنە ئاژەڵییەکەی دە سەرۆك پەیڤیوی!"

گفتوکۆکە زۆری برد! من ئەو دوای ناگوێزمەوە.

ساڵانیکی فرە، بەسەر ئەم ڕووداوەدا چوو، لەم ڕۆژانەدا هۆزانڤانێك شیعرێکی پڕمانای نیشتمانیی دە بۆنەی داستانێکی نەبەردیدا، پاش خوێندنەوەی لە تۆڕی کۆمەلایەتی فەیسبوودا، جارێکی دی نمایش کرد بووەوە، وازم بوو کۆمێنتێکی دەستخۆشیی لە شنگ و شەنگی و وێنە شیعرییەکەدا بۆ بنووسم، دوا کۆمێنتی شاعیری لە مەڕخۆمانم بینیی، تووشی شۆك هاتم نڤیسیبووی:

"کۆیلەو بەبەغاکانی حیزب.. ڕووی جوانیی نیشتمانیان قێزەون کردووە."

....................................

دیرۆك : مێژوو.

هەڵبەستڤان: هۆزانڤان، شاعیر.

شنگ : تین، توان، هێز.

## "٤٢"

## "وەفـــا"

"ژوور و کتێبدانەکەت! سەرنج ڕاکێشن"

"سوپاس"

"ئـــەو ســـێ تابلۆیـــەش ..گـــەلێ ســـەرنجییان بـــەکێش کردووم!"

"کامـــە؟"

"ئا! ئەوانە" (بەقامکی دیاردی بۆسێ کەڤاڵەیل کرد.) وی ئاخێکی هەڵکێشاو سیگارێکی ئاگردا.

"بمبوورە! لەوەیە.. نارەحەتم کردبـــی"

"................."

ئەمیش جگەرەیەکی پێ کرد.

"هەموو تابلۆیەك! کە لە ژوورەکانمان ئاوێزانی دەکـەین.. یـان ئـەوەتا، زۆر دەگـەڵ هـــزر و بیـــر و بۆچـوونەکانمان دەگونجێ! یاخود چیرۆکێکی لە پشتەوە هەس!"

"جا ئەوی تۆ لەم سێ تابلۆیە کامـەیانن! دەشـیم چـتێکی لێ هەڵێنجێنم؟"

"لۆنـــا!"

"بەینەت"

"ئەمەیان واژووی هاوڕێیـەكم بـوو، هەمیشـە ئـەم واژەی.. دەسـەر زار بوو..تـۆ خـۆش! وەلـێ ئـەو هـەر لـەدڵی منـدا زیندووەو، دەژیــی!"

"ئـەدی ئەو دووەی دی؟"

"ئەوانـە! تەواوكەری یەكدیـن!"

"چـلۆن؟!"

"ئەمەیان (دڵشكان نامانكاتە دوژمن! وەلێ مینـا پێشـانی لێ نایەتەوە)"

"ئەدی وێنــەكە؟"

"وێنــەكە! خودانی ئەو چەند دەستەواژەیەیە!"

"مــاوە؟"

"بەدیــی! وەلێ لەدڵی من دا مردووە!"

"ئەدی!! بۆ بە هەڵواسراوی ماوەتەوە؟"

"ئاخـر! بەینەت!"

.................................

كەڤاڵ : تــابلۆ.

بــەدی: بەڵێ، ئارێ.

"٤٣"

# "گلەیــــــــی"

دە کەناری چۆمی خڕی خاسە! کۆمەڵە وێـژەوانێکی بـەژن حوشترلۆك و خڕنووك.. کۆزیلکەیان بەست بـوو! دەبزاڤـی هونەر و وێـژەی دەڤەرەکـە دەئاخـاوتن! دووکەسـیان لـێ جیابوونەوەو، قیچەك لەولایانەوە، سـەریان بەیەکـداکرد و، یەك بەویدی کوت:

"کاکە دەبێت تاوانی ئێمەی شاعیر چی بێت؟ بخوێنی ئێرۆ کەم دەخوێننەوەو، ئاستی ڕەوشەنبیرییان نەوییـەو، پـەی بەهۆزانی نوێگەریی نابەن!"

ئەویـدییان کـە ئـەم گەردانـە واژە چـاوەڕوان نـەکراوەی لێـــوەرگرت! چـــون ئـــەوەی ڕازێکـــی گرێـــدراوی بـــۆ ڤەبووبێتـەوە، خـوێن بـەرەو ڕوخسـاری بازرەقـەی بەسـت و..گۆنایەلی سوور هەڵگەڕاندو، کوتی:

"ڕۆژانـــە لـــەملاو لـــەولاوە دێنـــە کـــنم و.. پەیوەنـــدیم پێوەدەکەن و، دەڵێن:

"مامۆسـتا تـۆ بـەچ حـەقێك پەپوولـە چـەکدار دەکـەیت؟ بەنـدەش خێـوی خەسـڵەتێکم هـەرگیزاو هـەرگیز سـاز

نەبوومــە ! ئایدیـــــاو هــزرو نێــوەڕۆکی هۆزانــەکانم بــۆ خۆشەویســترین کەســی نــزیکم پــەنی و ئاشــکراو شــرۆڤە بکەم"

هاوڕێیەکەی لۆی سەلماند:

"ئــەوەمافی خۆتــــــە، بخــوێن پێویســتە ئەوەنــدە وشــیار بێــت! خــۆی شــتەکان شــیبکاتەوەو، کۆدەکــان ڤــەکاو، سێمبۆلەکان شی و شرۆڤە بکات! بزانێت شاعیرەکە لـە چ کات و سەردەمێك دەپەیڤێت و مەبەستی لە چییە؟"

یــــەکێك لەکۆزیلکــــە بەســــتووەکە وەکــــو چڵەگوڵێــــــــك لەقەفتەکە لاربووەوەو کوتی:

"هــەر چــەندە لــۆی ئاخاوتنەکەشــتان دەقاچــم! وەلــێ ئــەرەکو بەلاتانــەوە ئــەرك نییــە! تێمناگەیــەنن ئــەوە لــۆ ماوەیەکە شاعیران هەر بە ئاوەوە سەرقاڵ و مژوولن؟"

یەکێکیدی هەر لەو کۆمەڵـە زۆر قۆشمـەو بیـژیی دیـار بـوو ژنەفتی!

بەری بەئالیانەوە کردو کـــــــــــوتی:

"بەرسڤی ئەو پرسیارە دەکنە منە!"

شەش چاو یەکترییان ئەنگاوت.

"ئـاخر سـەرجەمیان ئـەو ئاوەیـان لـە یـەك سەرچـاوەوە هەڵهێنجاوە !"

ئەم تارمایی زەردەخەنەیەكی شـۆخیی هـەمبێز ڕوخسـاری كۆنترۆڵ كردو، ڕووی بەئالی واندا زڤڕاند.

ئــەمان بەپێكــەنینێكی تــژی شــەرم و هێســتریائامێزانە سەریان بەیەكەوە نایەوە:

"ئــەز دەلــێم بارانــە ڕوومــەت پەمەییــەكان.. تەنەكــە ژەنگاوییەكان.. كۆڵانە جەرسكراوەكان"

ڕستەكەی بـە كۆتـا نەگەیانـد! ئـەوی جـاری پێشـوو لـە قەفتەكـەوە دەرچـوو، جـارێكی دی ڕوخسـاری وەلایانـەوە چەرخاندو كوتی:

"فــەرموودەكانتان بەجێیــە، چــونكە وەكــی سەرمەســت سەرسام دەڵێ:"

"ئێوە گش خەڵكی بە چوێلەكە دەزانن!"

........................................

كۆزیلكە: نزیكبوونەوەو، سەربەیەكدا كردن.
بخوێن : خوێنەر، خوندڤان.
هۆزان : شیعر.
واژە : وشە، پەیڤ.
ڤەبوو : كرایــەوە
قەفــت : دەسك، چەپك، دەسكە گوڵ و گەنم.
زڤڕان : سووڕان.

## "٤٤"

## "قـوربانیی"

پـاش ئـەوەی بـابم! تەمـەنی درێـژی بـۆ وە جێهێشـت و..چوویە بـەر دلۆڤانییـا خـودیٚ! جگـە لـە کـارو، ئـەرکی ڕۆژانەی فەرمانگەکەم.. ئێڤاران ژی کاری ترم دەکرد! بۆ وەی براو خوشکەیلم بیٚ بابییان.. پێوە دیار نەبێت. هـەر واش بـوو! ! دوو بـراو خوشـکێکم کۆلێـژیان تـەواو کردو..خوشـکێك و برایەکیشـم پەیمانگـە. کوڕەیـل ژنیـان هێناو، کچەیل بۆ ماڵ و مێردی خۆیان چوون.

منـیش لەسـۆنگەی وانـەوە! بەرەبـەنی مامـەوە.. ڤێـڕای دایکێکی پیرم! دە کەلاوە کۆنەکەی بابم دەژیـاین. کەچـی لەخزم و دەرو دراوسێم دەبیستەوە، دەیانکوت:

"پیاو نییـــــــــه! "

تا ڕۆژێکیان بەگوێی خۆم ژنەفتم.. پوورەفاتیٚ بەکیژەکەی کوت:

"هەڕو لەماڵی پلکە نارنجی، ئەو ئاوانەی بێنە"

((پوورە نارنج دایکی من بوو))

دوێتەکـە !تازەگی خـەتی دابـوو، بەسـەر دایکیـدا بۆڵانـدی کوتی:

"ئاخر کووی بچم! تەنێ "شەوکەتە فەنیی" دەماڵێدایە"

دایکی باگۆی داوە:

"کچێ لەچ سڵ دەکەیتەوە ! ! خۆ "شەوکەتە فەنیی" پیاو نییە..دا پەلامارتبا"

.................................

دوێت: کیژ، دوێتە، دۆ، کەنیشك.

## "٤٥"

## "ئاسمان خـــــڕە"

دەسـەر بـەرزایی شۆسـتەی دوکانەکـەی ڕۆنیشـتبوو.. بـە جەسـتە لـەوێ و، بەخـەیاڵ شـوێنێکی دی! دام بـە تەنیشـتیداو، چـوومە ژوورەوە! لـە سـەر کورسـییەکە دانیشتم! پەشکیرێکی هێناو، لە بەرۆکمی خست:

"دیار نیت! قژت زۆر هاتوون"

"کۆڕۆنا، گشتمانی دەکوندا ناوە!"

قاقایەکی لێدا.

"بەشـەرەفم کامـەی تـۆ دەڵێـی کۆڕۆنایـەتی! دەچـم لـە ئامێزی دەگرم! کۆڕونای چی! گەندەڵانە! خۆیان چێیان کردووە!"

"ئەدی وڵاتانـــــــــی تر؟"

"ئەوەیـــان جوایەزە!"

کوتەکـــەی "مــەلا محەمـــەدی مــوفتیی چەمچـــەماڵم یادهاتەوە!" زارم کلۆم کرد.

لـەماڵیان! لەگونـدی کـانی شـەیتان دانیشـتبوین. لـە پـڕ پیاوێك خۆی بە ژووردا کرد.

مامۆستا کوتی:

"فەرموو حاجی موراد!"

ئەویش باگۆی دایەوە:

"خـاوەن فـەرموو بـی، ڕاسـتیی مامۆسـا! بـۆ پرسـیاریٚ هاتووم؟"

مامۆستا کوتی:

"بلّـــــــی بزانم؟!"

"لـە گـەلّ کەریمەسـوور گرەومـان کـردووە، ئێـژی:( زەوی خڕە!)"

مامۆستا فەرمووی:

"ئەدی تۆ چ دەلّێـــی؟"

"من دەلّێم ئاسمان خڕە!"

مامۆستا کوتی:

"منیش دەلّێم ئاسمان خـــڕە."

ئەو چوو.. چاوێکم لە مامۆستا کرد! کوتی:

"قسـان مەکـە! دەزانم دەلّێـی چـی؟ ئەمانـە پێویسـتە.. ئاوایان دەگەلّ بەرخورد بکەیت! تۆ هەر بێژە نێرە! ئەوان هەر ئێژین بیدۆشە.. قسە! هەر قسەی خۆیانە."

تراشـەکەم تـەواو بـوو.. لـە سەرکورسـییەکە هەڵسـتام!!

برێکم کۆلۆنیا بە لەپمدا ساوی، کوتـی:

"لێ گەرێ!! ئەمە لە دەستت بپرژێنـــە."

چەکمەجەکەی ڕاکێشا! کوتم:

"جا ئەمە باشە؟"

کوتـی:

"لە نەخۆشخانەی چرۆی حکوومی، بـۆم دێـنن! ڕێژەکـەی لە سەدا نەوەت و نۆیە! لە بازار بەردەست نییە" کوتم :

"هەر ئەمەت هەس؟"

دۆڵابەکـەی ڤـەکرد! پێـنج شـەش شووشـە ڕیـز کرابـوون.

گوتم:

"ئەمە شتێکی باشە! لە ماڵێش هەر ئەمـە بـە کـاردێنن؟"

گوتـی:

"بەڵـــــێ!" کـە پارەکـەم وێــداو، ویســتم دەرچـم، کوتـم:

"جوانیان کوتووە: (کورد بدوێنە شەرعی خۆی دەکات.)"

..................................

پەشکیر: خاولـــــــــی.

بەرخورد: مامەڵـــە.

"٤٦"

## "ویــژدان"

بان زوانی و بن زوبانی گەندەڵی بوون.

"گەندەڵیی" لەم ڕەوتارەی.. تاقیایەك بێ تووك و زویرو هەرەسان بوو. چەند کاوێك بە ڕێگەو شێوازی تایبەتیی خۆی، ئاگایی و هۆشداریی دابووێ، کە شوولی لێ هەڵکێشایەو، پێویستە بەخۆیدا بچێتەوە و، مەرزێك بۆ پێشێلکارییەکانی دانێت! چون وی دوا پلەو.. دوا پێگەی گەندەلی بڕیوەو، وا دەخوازرێت! مینا وان! هەڵسوکەت کا! لێ ئەو بە هەنگی نەگرت و، لەمیدیاو، سۆشیال میدیاو، بڵاوکراوەیل دا..لە قسەکردن و نووسین بەردەوام بوو!

لە گفتوگۆ و گەنگەشەی ڕۆژانەشیدا خۆی وەکی کەسێکی بێ لایەن و سەربەخۆ شاندەدا. ئەمەژی زیاتر ڕك و توورەیی و بێ زاریی "گەندەڵیی" بە دووی خۆیدا هێنا.

شەوێکی "گەندەڵیی" خۆی لە وێنەو تەشکی مێردەزمە ناو، لە شیرین خەودا! پڕی دایەو، ئەنگوستانی لە ئەوکی

گیرکردن و، سواری ملی بوو. دەوی لە گێجی گوێچەی ناو بە سرتە پێی گۆت:

"دەمناسییتەوە؟"

زارەترەك بوو، زمانی پەڵت بوو.. کەوتە سەرئاو! کوتی:

"گاهەس! واتە لەوەیە"

ئەم وەڵامە نیشانەی گۆساخی و ڕووداری و دەرخەری بێمنەتی و بەهەند نەگرتن بوو! بۆیە زێتر ئەستۆی جەڕاند، تا کەف کەوتە لالێوی ئەو جار درێژەی دایە:

"ئەوی ژار و زووخاو و ڕشانەوەی من بنۆشێ و ، تێکەڵاو و ئاوێتەی خوێنی بێت! پێویستە سەرکزو.. لاڵ و ویژدان مردە بێت، نەك وەکی تۆ! خۆت لێبووە بە "عیسای مەسیح" و.. ناڕەزایی و ڕەخنەو تانەو تەشەر.. لە هەمان ڕێگەو ڕێکارو.. یاساو و ڕێسا دەگریت! کە خۆت پێدا چوییت و.. بەم پلەو پۆست و سامان و، پێگەیە گەیشتووی!، زارت لێکنێ! پێنووسەکەت وەرشارەو ، لەوەی زیاتر! با شەرم ئامبازت نەبێت؟ ئەمە دواکوتەمە"

شەرم هاتە دەنگ و کوتی:

"خۆتان لەمن دوورگرن! من تنێ دەگەڵ ئەوانە هامڕازو هاوڕێ و یاوەرم، کە ڕاسال و ڕاستگۆنە! "

خـەريك بـوو بناشـت و دەمەقالـە بکەوێتـە نێوانیـان، لـێ فەدی! پەنهان بوو.
"گەندەڵیی" چاتر تین و توانی خۆی خستە سەرو کوتی:
"تۆ کولانەیەکت نەبوو.. هەوکە ڤیلات هـەس! ئەسـپێ لـە شـــوون دراو، دەبەڕکتـــدا ســـەوزەڵەخانمی دەچـــڕیی! ئێستەکانێ هێندت هـەن! دەسـەری دەنـووی. کـەر نـەبوو سواری بیت! نووکە ئۆتۆمبیلەکەت دوا باشقەو مۆدێلـــــە. پێمبێژە کێهە ئەمانەی بۆ فەراهەم کردی. بێ بەینەت؟"
بەینەت گوێی زرینگایەوە کە باسی وی دەکرێت! کوتی:
"تکایە! من مەیەننە نێوان خۆتان .. بوونا من د ئالێ تـەو ڤان مروڤادا تونەیە!"
"گەندەڵیی" ڕکی زافتر هەڵکشاو، نەڕاندی:
"تۆ کەریـــــــت؟"
کـــــەر بەزەڕینێ ناڕەزایی کلکرد! خاترجەم بوو هەڵەی کردووە.. داوای بەخشینی لەکەر کرد. بایدایەوەو کوتی:
"بێ مێژگی کەمئاوەز بێمروەت! بـا بەسـادەگی و سـانایی پـێتی بەوشـم: مــــە لــە سـۆنگەو ئـانگێزەی خــەڵکانی ئێوەوە! حیزب و حکوومەت و دەوڵەتمان بـەرزەفت کـرد، ئەنگۆش دۆشیتان و دەوڵمەند بوون! کەچی ڕۆژانە پـەڵ و

پەلار و کوچك دە حیزب و حکوومەت و دەوڵەت دەگرن و، خۆتان نەبان و بێبەریی دەکەن! "

ئەوی یەشتان ملی ناداو ناچووە بن بارەوەو، نایسەلماند!

لێ ئەوەندەی نووزە لێ بڵیندبووەوە!

کوتی:

"ئەدی بە چی خۆم داپۆشم؟"

"گەندەڵیی" بەرسڤی داوە:

"تنێ گووی بخۆ و سەرشۆڕو کپبە! مەگەر مە وامان پەروەردە کردوون؟"

ئەو متەقی نەکرد. "گەندەڵیی"" بەسەریدا شیڕاندی و، زاڤتر تین و توان و قورسایی نایە سەر، تا بایەکی لی بووەو، فیڕاندی. ماڵ تەژیی بوو لە گوو. ئەوی شڵپەی ئەهات! هاوژینەکەی لە تەنیشتییەوە نووست بوو بێدار بووەوە و کوتی:

" بۆن دێ!! هەستە! ئەو بۆنە چییە؟"

عارەقەی شین و مۆری دەردابوون، دەلەرزیی..

کەمۆکەیەك چاوی هەڵگلۆفین و کوتی:

"ژنەکـە "گەنـدەڵێی"، بـەگێیری بردبـووم، دەسـتی لـە بینەقاقام نابوو، خۆم پیس نەکردبا ! دەخنکام."
ژنەکەی دەستێکی بە کەپووی گرتبوو، بە دەستەکەی تری بەهێواشیی لێفەکەی لەسەر لادەداو دەیەکوت:
"ڕاستەوەبە، "گەندەڵی"چی، تۆ خـۆت گەنـدەڵێت، ئـەوە ویژدانت بووە ڕاچەنیوە"

.......................................

تەشك : بیچم، شكل.
گۆساخ: بیٚ شەرم، ڕوودار.
بناشت : دەمەبۆڵە، شەرەقسە.
گـــێج : دەور.

## "٤٧"

## "گاو گەردن"

دەمێ بۆ لای چووم! بەرزە پێ لەبەرم هەڵستا.. گەلێ ڕێزی لێنام، خێرهاتنێ فرەی کردم. وێستا! دا من دانیشتم. دەستێ جلکی چاکەت و پانتۆڵی گرانبەهای پۆشی بوو، قەرەوێتێکی وەنەوشەیی، ببوو بەنەخش! دەستێکی لەسەر خست و ئەوجار هامبەرم بەئالی مێزێ مەڕمەڕەوە ڕۆنیشت. قامکی لەسەر دوگمەی زەنگەکە دانا! بەردەستەکە هات! کوتی:

"چای یان قاوە؟"

من کوتم:

"قاوەی ناخۆمەوە."

ئەو گوتی"

"کەوایە هەردووکمان چای دەخۆینەوە."

دەرکەی ئاخاوتنێ واز بوو، پێشکارەکە بە دوو چایەوە گەڕایەوە. هەر یەکەو چایەکی لە پێش ناین! ئەو وەدەم قسانەوە لە پیاڵەکەی سەرمێزەکە نەوی، دوو جارانی بنی پیاڵەکەی.. بە ڕەخی بن پیاڵەکەدا خشاندو.. قیچەکی چاو

لێکرد. هەنگینێ هێنای نزیکی ئەو لاقەی خستەوە، وا ئەوی دی لەبن خۆی نابوو. بەکاوەخۆ دوو جارانی.. بە گۆرەوییەکەیدا ساوین و، ڤێجار بڵێندی کردەوە، ئاست لێوی و.. لەسەرەخۆ فرێکی لێداو کەوتە مژلێدانی. من ژی واقورماو.. چاوم لێدەکرد. وە ڕەوتارێکی دەگمەن و ناوازەو سەیرم دەدیت! گاڤێ هەڵستام و چووم! بەدەم ڕێگەوە، چەندێ کردم و کۆشام و مەژگی خۆم وشیی. دەرکەی ئەو ڕازەم لۆ واڵا نەکراو.. دەروستی نەهاتم! پەڕندەی ئەندێشەم وەدووی چوو!

نەگەیشتێ و، نەگەیشتێ و، نەگەیشتێ!!

ئێڤارێ، لۆ بابام گێڕایەوە! زەردەیەکی پانوپۆڕ نیشتە سەر لێوانی و، کوتی:

ئەوە قوربانیی بەویاندا، دە پێناوی ئەویاندا

........................................

گاوگەردن: قوربانی.

ڕەخ : ڕۆخ، قەراخ، لێوار.

واز : ئاواڵە، کراوە.

"٤٨"

# "شوو"

داپیرە شەوگەرد ئەم سەرهاتەی! بۆ نەوەکانی گێڕایەوە:

تاو بار و بنەی خڕکردنەوە و وازی بوو.. لە کۆیەکە، ئاودیو بێت. لێ لەسۆنگەی شەکەتی و، تیشکە کزو بێ تینەکەیەوە، ئەوەندەی دی بوهارە تەڕەکەی خەملاند بوو.

سیسرکەزەردەیەك، زەردەی خۆرەکە، مینا زێڕ دەیچریسکانەوە، دەستی وە ژێر چەنەی نابوو، خەیاڵ و ئەندێشە کەلەپچەی کرد بوو!

قالۆنچەیەکیش لە نزیکی ئەو، عارەقەی شین و مۆری دەردا بوو.. تۆپەڵێك تەرس و شییاکەی خڕ کردبووەوە، دەیهەویست خڕیکات.

سەری هەڵبڕی تیشکەکەی دیت، بەراهی بە پاژە گەوهەر تێگەیشت، چون بەلاچەی دەدا! لێ کە زێتر سەرنجیدا! ئاهێکی پێداهاتەوەو.. وردە وردە لێی نزیك بووەوە، دا هەمبەری وێسا! کەوتە نیگاکردنی.. شنەبای هەداری

ئۆخژنی بە دڵ و دەروونی هێنا..خورپەیەك بە دڵی كەت و، مرخی لێ خوش كرد. لە دڵی خۆیدا كوتی:

" تۆ بڵێی مێردم پێ نەكات؟"

گازی كرد:

"هێیییییی! دەگەڵ تۆمە!"

سیسرك، وازی لە خەیاڵەكەی هێنا، سەری بەئالی دەنگەكەوە زڤڕاندو، گوێچكانی ڕەپ كردن، كەوتە سەرنجدانی. شەماڵێكی ئارام زۆرتر شەنگیی بە سیسرك بەخشیی، باڵەیلی ورنجیان دەوەشاند! هێندەی دی عیشق و خۆشەویستیی قالۆنچە هەڵكشاو، حەیرانی بوو.

كاوێكی كە هاواری لێكردەوە:

"هێییی دەگەڵ تۆمە شازادە؟!"

سیسرك كوتی:

"چ بەڵاتـــــــــــــە ڕەشۆ؟"

قالۆنچە گۆتی:

"ئارامیی دڵ، خۆشمدەوێی"

سیسرك كوتی:

"كورە وانەڵێی!"

قالۆنچە كوتی:

"شــووم پێبکــە ! تــا لــەم سروشــتە جوانــەدا، پێکــەوە دەســتلەملانی یەکــدی بــین و، خــەم و ناســۆرییەکانمان بەبادەیـــــن"

سیسرك كوتی:

"کوو دەبیی ڕەشە ! "

قالۆنچە کوتی:

"لـــۆ دوندی جوانیی ! "

سیسرك زۆرتر لەخۆبایی بوو کوتی:

"ئاخر تۆ ! ! بەم ڕۆژگارە.. خەریکی خڕکردنەوەی تــەرس و، شــییاکەیت !کوو داوای شــوو لــەنازدارێکی وەکــوو مــن دەکەی؟"

قالۆنچە،چاوی پڕ لە فرمێسك بـوو ..چـاوەڕوانیی بەرسـڤی وانــەبوو! هێنــدەی دی ســیابووەوەو..باڵەکانی تونــد و سمێڵەکانی ڕەقکردن.. وەلێ عیشق و ڤینەکەی کێمایەسی و بەچۆکیاندا نەهێنا !

کوتی:

"وەڵا کوتیــان تــۆ لەباڵەخانــەی حــەوت نهۆمــدای! چــما سیسکۆی ناشیرین، تۆ خۆت بەچی دەزانی؟"

سیسرك کوتی:

"دوندی جوانیی!"

قالۆنچە باگۆیداوە:

"دوندی جوانی بووی! وەلێ ئێستە تۆمشەخۆری نێو تیتیخانەو سەرانگوێلکی"

سیسرك بەخۆیدا شکایەوەو، زاری داخستن. لێ هەر مێردیشی پێ نەکرد!

........................................

تـــاو : تاڤ، هەتاو، ڕۆژ.

تیتیخانە: سەراو، سراو، ئاودەستخانە.

مینا : بینا، چاوا، وەك، چون،.

"٤٩"

# "ڤۆدکە

من و حەمــەی مامــە شــێخ، زۆر هــاوڕێ و هــامڕازی یەکدی بووین. مامە شێخ زۆر جاران.. دەسـتی پـیرۆزو مـەبارەکی بەسەرمدا دەهێناو دەیگوتمێ:

"حەمــە! بــە خــولاّی لەگــەڵ حەمــەی کــوڕم جیاوازیــت ناکەم!!"

حەمـە سـەری ڕۆیشـتبا نوێـژی نەدەچـوو، لـێ مـن ناچـار نەبووبام! نوێژم نـەدەکرد، وەلـێ ڕۆژانـی هـەینی هـەڤڕاو، بەکۆمەڵ! نوێژی هەینیمان لە تەکێیەکەی تەنیشـتی مـاڵی شێخ دەکرد.

حەمە بەژنێ زراڤ و ناسـك و سـپی و.. دوو چـاوی کەسـکی هەبوون! لێ وەکی من بـەگفتولفت و، قسـەڕەوان نـەبوو! ئەو قیچێکیش شەرمنۆك بوو، بۆیەش هەردەم پێیدەکوتم:

"لۆ بڕەك شوێنان! من شانداو، خۆت قسان بکە"

حەمە فرە ڕموودەو ئۆگریی من بوو..بێ مـن مـەحاڵ بـوو، بـۆ شـوێنێ چـووبا! مـن کرێکـاریم دەکـرد! حەمـە بـاوکی هــەبوو بــوو، پێویســتی نــەبوو، خــۆی هــیلاك بکــات. هەردووکمان بزێو و ناڕەحەت بووین! سـەرمان بـە هـەزارو

یەك كوندا دەكرد. پێكەوە بۆ تۆپـان و مەلـە و چـایخانە و سینەماو.. تەنانەت ماڵە سۆزانییەكانیش دەچووین، كە بۆ شـارانی دی چـووباین و مابایندەوە! سـەردانی مەرقـەس و تیاترۆخانەشمان دەكرد. زۆر بەكەمی نـەبێت نەیدەهێشـت دەســت دەبــەرِكم بنــێم، گەلــەك جــاریش بــۆ شــۆخی دەیگوتمیّ:

"دراوی دەروێشـان فـرەن! ئـەوی گیرفانـت لـۆ داكـتی بـە كەباب بدە!"

دەیزانیی دایكم زۆری ئارەزوو و مەگێزی بە كەبابە.

سووسەی كردبوو ماوەیەكە، بیّ كارو كاسبیشم! نەخاسمە ئەو سـاڵەش بـیّ بـارانی و.. هیشـكە سـاڵیی بـوو. خـەڵكی بێوازو بیّ هیوا! چەند كەرِەتیّ "نوێژەبارانە" شیان كـرد! لەوەیـە خـواش غـەزەبی لـەو میللەتـە گرتبـووبیّ! ئـاخر میللەتیّ هێندە خۆخۆر و چاوچنۆك و، هەر هەڵپەی سـكبیّ و، سـەربەخۆیی و سـەرفرازیی نیشـتمانەكەی لا گـرینگ و پیرۆز نەبێت! شایانی ئەوەنییە! بژێوی و قووتی ژیانیـان لیّ وەربگرێتەوە؟

هەمیشـە پێكـەوەش مـەیمان دەنووشـی! بـبرِای نـەشمان دەهێشت كەس پێمان بزانیّ! ئەو نا! لیّ مـن زۆر بەكـەمی سەرخۆش دەبووم!

شـەوێ لـە مـاڵی ئەوانـداو. لـە ژوورێکـی نزیکـی دەرکـەی حەوشــــــە.. پێکــــــەوە مێزمــــــان ڕازانــــــدبووەوەو، دەمـــــانخواردەوە!! زۆربــــەی جــــاریش ڤۆدگــــەمان دەخواردەوە، حەمە دەیەگوت:

"ڤۆدگــــە بـــرای عەرەقە!پەســـنییەکەی لـــە نـــەبوونی بۆنەکەیدایە!"

ئێمە لەم قسـانەدا بووین! لـە دەرکـە درا، حەمـە شـەمزا، گوتـی:

"چ بکەین بەگەورەیی خوا باوکمە!"

ناحەقی نەبوو! بـەم یـەکی شـەوە، کـێ زاخ دەکـات! لـە دەرکەی ماڵان بدا، حەمە گوتیەمن:

"شتەکان لە ژێر مێزەکە وەرشارم"

خۆشی بۆ دەرکە چوو بیکاتەوە. من شـتەکانم حەشـارداو. ئـەوی لـە دەرکـەی ژوورەکـەوە ئـاودیوبوو! منـیش بلـەز بـەدووی چـووم.. حەمـە دەرکـەی حەوشـەی کـردەوەو.. دەستێکی لەمبـەری دەرکـەو، دەسـتێکی لەوبـەری دەرکـە دانان! تەواو سـەرخۆش بـوو! نەیـدەتوانی خـۆی بـەپێوە بگرێت! تماشامان کرد، دەروێشە قنجەی هاوسێی خۆیانە، شەوی لـێ گـۆڕاوەو.. هـاتووە بـە مامەشـێخ بڵـێ، یاشـێخ نزایەکمان بۆ بکە! تا لەم قاتوقڕی و نەهامەتییە ڕزگارمان

بێت! حەمە کە دەروێشی دیت! ئاوەزی لە شەقەی باڵیدا. بە توندی و تووڕەیی، بەسەریدا شیڕاندی و کوتی:

" ها چت گەرەك!"

دەرویشی تاین ڕێزێکی نواند و کوتی:

"یاشـێخ هـاتووم هیممـەتێك بکـەی! خـوا دەروویـەکی ڕەحمەت! لەو خەڵکەی بکاتەوەو باران بباریێت!" حەمـە تەواو پەست ببوو لە بێزاریدا کوتی:

"باشە! بڕۆ بەیانی، باران دەباریێت!"

قاپییەکەی بەتوندی بەسەردا پێوەدا. ئیدی ڕەوشەکەمان لـێ تێکچـوو، شـتەکانمان تاقـەت کـردو، مـن بۆماڵـەوە چوومەوەو ، حەمەش ژوورێکیان لـە سـەرەوە هـەبوو! بـە هەسپایی وە پلیکانەکاندا چوو تا بنوێ. بەیانی هەڵستاین بـاران بـاریی بـوو، لافـاو هەڵسـتا بـوو، ئاشـگێڕیك ئـاو بـە کۆڵانەکاندا سەری دەکرد..

دایکـم تاشـتی ئامـادەکردبوو، شـادیی وەڕوخسـارییەوە دەدیترا.. لەسەر بەرماڵەکـەی وێـردی دەخۆنـدو سـەڵاواتی لێدەدا! ڕووداوەکەم بۆ گێڕایەوە، لێ باسـی مـەیم نـەکرد. دایکم کوتی:

قوربانی هیممەت و بەرەکەتیانبم! زاتێکی گەورەن، کورم شێمحەمەد زویر نەکەی! بە خوا دەگێڕنەوە بابە گەورەی، حەوت ساڵان جلەوی مانگ و ڕۆژی ڕاکێشاوە!

.....................................

ڕمووده: ئۆگریی.

هەڤڕا : پێکڤه، وێڕا.

"٥٠"

## "خورشـــــید"

مناڵەکە! خەرجیی بەیانیی لەمشتناو، چاوەڕێی خورشید بوو.. دوکانەکەی بکاتەوە. پیاوێك لە مناڵەکەی پرسی:

"خورشید بۆ نەهاتووە؟"

مناڵەکە لە بێ تاقەتیدا گوتی:

"دایکی مردووە!"

ئەمیش لەگەڵ (نـــــــا)یەکدا لێیدا ڕۆیشت، لە ڕێگە برادەرێکی خۆی دیت:

"دەزانیت خورشید دایکی مردووە؟"

"نا! دەبا تەلیفۆنێ بۆ هیواو ئومێد بکەم. هەلەو.. خورشید دایکی مردووە!"

"بەداخەوە."

"چی بووە کوڕم؟"

"دایکە! خورشید دایکی مردووە"

"دەك دەستم بشکێ! گوڵچین ئادەی بچۆ بەڕەحمەو خاتوون بڵێ خورشید دایکی مردووە"

ئاپۆڕەی خەڵکەکە گەڕەکەکەی خرۆشان و.. کۆڵانەکەی تەنییەوە. یەکێك بەڕێگەوە دەهات مۆبایلەکەی دەرێناو گوتی:

"خورشید! ئەوە دایکت مردووە! بەخوا نەمانزانی.. یاخوا! خوا عافوی کات."

"دایکم مردووە؟"

تەلیفۆنەکەی داخستەوەو.. بە هەردوو چەپۆك بەسەری خۆیدا دەداو.. بەڕێگەوە، هەر کەس پرسیاری لێ دەکرد دەیگوت:

"دایکم مردووە!"

.........................................

ئاپۆڕە : قەرەباڵغـــــــــی، گەرەمۆل.

## "٥١"

## "ئاوات"

فێنکی ئێوارە بی.. هیوای کوڕی وێڕای ئایلەیلی گەڕەك.. دەگەمان و یاریی کردندا بوون. پوورمەنیجیش دەسەر لەتەبەڕێك لە هەیوانەکە ڕۆنیشت بوو.. دەستی لە ژێر سەری نابی.. لاقێکی لەئەژنۆ و زرانیدا چەماند بوو.. سۆمای چاوەیلی لە بنمیچ و ساپیتەی هەیوانەکە چەقی بوو. جڵەوی لۆ ئەندیشەی شل کرد بوو.

"ئێستەکانێ پۆلی چوارە.. تۆ بڵێ چوار، دووساڵیش لەیرە، شەش ساڵیش لەوێ! حەمەی میم ئامیین دەیگوت: "خوێندنی دختۆری شەش ساڵە! "کەوابێ سێزدە ساڵی دی هیوا دوختۆرە!! باوکە ڕەحمەتییەکەشی هەر هیواو ئاواتی ئەمە بوو. دوختۆر هیوا، ئای کە ناوێکی خۆشە، بەکوبانییبم."

لەم خەیاڵپڵاوەدا بی، زرمە لە دەرکەوە بڵێندبووەوە! هیوا بە زۆڕەزۆڕ خۆی لەپەناو بن دەستی دایکی ناو کوتی: "دایکە! دایکە!! منالانی گەڕەك نامکەن بەکەر"

........................................

ساپیتە: میـــچی خانوو، سەقف.

بێـــلا : هەیـــوان.

## "٥٢"

## "سیڵفی"

ئەو شەوە بە هەلی زانیی، کەسیان لە ماڵ نەبوون! مێزی ڕازانەوە.. کەوتە خواردنەوە. ناگەهان لە یەکێ لەقووتییە بیرەکانەوە.. جنۆکەیەك دەرچوو و، دە هەمبەری ڕۆنیشت! تەزوویەك بە لەشیدا گەڕا. کوتی:

"تۆ کێی؟"

جنۆکەکە وەڵامی دایەوە:

"ئارام بەو مەشەمزێ و خۆت تێکمەدە.. منیش ئافەریدەی خوام و. نێوم مەحموودە! هاتووم دا یارمەتیت بدەم و، لەم ژیانە چەرمەرسەریی و کولەمەرگییەت ڕزگار کەم."

لەچاو تترووکانێکدا لە ئاسمانەوە! مێدەك و سفرەیەکی لۆ هاتە خوارەوە، دەگەڵ یەك کەوتنە خواردنەوە. ڤێجا جگەرەیەکی چرووی پێ کردو کوتی:

"نورەدین چیت گەرەکە دا بۆتی وەکەم؟"

خاوەن ماڵ سەری سوڕما! چۆن نێوی دەزانێ! قیچێ تر هێور بووەوەو، کوتی:

"وەکو چی؟"

مەحموود کوتی:

"پـــــــــارە، ژنی جـــوان، دەسەڵات."

نورەدین بیری دەکردەوە کامیان هەڵبژێری!

مەحموود کوتی:

"من دەکارم یەك شتت لۆ بکەم. بۆیە دوو بژارەت دەخەمە بەردەست!

دراو یان دەسەڵات؟"

نورەدین لە دڵی خۆیدا کوتی:

"من گەر پارەم بێت دەسەڵات بۆ خۆی دێت بـابڵێم پـارە" کوتـی:

"پـــــــارە! بەڵام چۆن دەمدەیتێ؟"

مەحموود کوتی:

"ئەمن بۆخۆم بەڕێوەبەری بانکی ڤـەژەنم! بـانکی ڤـەژەن شارەزای؟!"

نورەدین سەرێکی بۆ لەقان.

"سبەی ڕۆژ بووەوە، گونییـە بێنـەو وەرە.. تـا لـە دۆلاری سەررێژکەم، ئۆتۆمبێلت هەن!"

نورەدین کاوێکی دی سەرێکی لەقاند.

مەحموود چاوی لە دوورِ چاوی نابوون! نورەدین حەپەسا بوو!

مەحموود كوتی:

"بیر لە چی دەكەیتەوە بۆ قسان ناكەیت؟ ئەوەتا منیش مرۆیەكم وەكی تۆ"

نورەدین بڕیك زێتر ئارامیی داپۆشی! كوتی:

"ئاخر كە هاتم بڵێم چی؟"

مەحموود كوتی:

"بێژە بۆ لای بەڕێوەبەر دەچم! منیش پاسەوانەكانم ڕادەسپێرم پارەكەت لۆ لە گونییەكە كەن و، هەنگینێ لەنێو ئۆتۆمبیلەكەتی نێن."

نورەدین كوتی:

"زۆر سوپاس! لە پیاوەتیت دەرناچم."

مەحموود كوتی:

"زۆر ئاساییی وەریگرە! من ئێستێ بزردەبم! بیرت نەچێت، سبەی دوای دەمژمێری نۆ چاوەڕوانتم؟"

نورەدین كوتی:

"بۆ ئەوەی بەیانی بە جوانیی بتناسمەوە، ئاساییە سێڵفییەك پێكڤە بگرین"

مەحموود کوتی:

"بە خۆشحاڵییەوە."

هاتە تەنیشتی و دەستی دەسەر شانی دانا. سێڵفییەکەیان گرت و، مەحموود ون بوو.

ئەو شەوە هەر بیری لەوە دەکردەوە، کە گونییە دۆلارەکەی هێنایەوە، لە ماڵێ چۆنی تاقەتکا!

سپێدە لە خەو ڕابوو! ئاوێکی بە خۆیدا کردو، لە خۆشیاندا، قاوەڵتی نەکرد. سواری ئۆتۆمبێلەکەی بوو، بەرەو بانکی ڤەژەن تێی تەقان. هێشتان هەر بەڕێوە بوو خەیاڵ بردی.......

کە گەیشتە بەردەم بانکی ڤەژەن. نەیانهێشت مۆبایلەکەی بەرێتە ژوورەوە. کوتی:

"با تماشایەکی سێڵفییەکە بکەم!" تا بەجوانیی کاك مەحموود بناسمەوە!"

کە سەیری وێنەکەی کرد، سێڵفییەکەی لەگەڵ پشیلەکەی ماڵ خۆیان گرتووە.

پشیلەکە دەستی لە سەر شانیەتی.

..................................

مێدەك: خوان، سفرە.

## "٥٣"

## "شـــــــەوگەرد"

لـــە قاوەخانـــەی شـــیلان.. کۆمـــەڵێك قەڵەمبەدەســـت دانیشتبوون. دە نێو خۆیاندا، خۆیـان بـە دەستەبژێر نێـو دێر دەکـرد. سـەرجەمیان خەسـڵەتی ئـەو شـەوگەردانەیان تێـدابوو، کـە "دارویـن" دە کتێبـە بەنێوبانگەکەیـدا لێیـان دەپەیڤیٚ.

خۆیـان بەڕواڵـەت شـەش بـوون! وەلـی لـە مـاك و نـەژادو بنەمادا دوازدە کەس بوون.

لە کەرەسەیەکی گەن و بەدرەف دەپەیڤین! کەچی هەمان کەرەســـتە و مـــادە.. دە خوێنیانـــدا دەگـــەڕا. ئەمانـــە ڕووماڵکران و گەیشتنە چاپخانە!

هەڵبـەت نێـو و وێنـە و بەشـیٚ لەکوتەکانیشـیان هاتبوونـە شاندان.

وەلـیٚ بـەر لـەوەی بڵاوکراوەیـل بوەشـێنریٚ! کوتـەکانیان دزەی کـردە نێـو خەڵکەکـەوە و بڵاوبوونـەوەو، پێیـان زانیین!

ڕۆژی پاشتریٚ دەهەمان کافێیەدا، ئامادەبووان.. بەتیلـەی چـاو لـە کارەکتـەرەیلی نێـو ڕۆژنامەکـەیان دەڕوانــی و.. سەریان بادەداو، لەژێرەوە بزەیان دەهاتیٚ.

ئـەوانیش هەریەکـەو ڕۆژنامەیـەکی وە دەسـتەوە گرتبـوو، وەك ئەوەی ئەوان نەبن، قاقا پێدەکەنین.

..................................

شاندان: پێشـــــــــاندان.

## "٥٤"

## "هەنگ"

ڕۆژێ كۆمایە زەردەسیرە.. بەئالی چیایەكی بژوێنی كەسك دا تێدەپەڕن! چاویان بە كەڤرێكی مەزنی، قلّشت تێكەوتوو دەكەڤێ.. كە هەنگێكی فرە لە دەوری.. قلّیشتەكە دێن و دەچن. كانییەكی ساردای ڕوونیش لەپایینی، كەڤرەكەوە هەلّدەقوولێ و.. بەجۆگەیەكی باریكی.. قەوزەگرتووی پڕ پونگ و گوڵی هەمەجۆر..ڕووەو پێدەشتیی شاخەكە ڕۆدەچوو.

ئیستێكیان كردو كوتیان:

"شوێن و ئۆلّكە و ناوانێكی دلّگیرو ڤالایــــە.. ئەگەر ئەمە زێدو مەڵبەندو نیشتمانی ئێمە بێت! ئەوە سالانێكی! فرە لەوشكەسالی و..بێ خۆراكی و قاتوقڕیی ڕزگارمان دەبێت و، زەخیرەی پشتاو پشتمان مسۆگەرە!"

بۆ ئەو مەبەستە كۆبوونەوەیەكی كورت دەكەن. یەكێ لە نێویاندا هەر پەڕ دەگرێت، كە گازی دەكەن! دەوشێ:

"ئەز لەو وارو وەلاتە دەركەن! چون تا ماوین، دەبێت بلّێین ئەم نانە بەو ڕۆنـــــــــە!"

واز لەوی دێنن و.. دەنێو خۆیاندا دەکەونە هەڤپەیڤین و گەنگەشە.. پلانی کورت و چڕو کەمخایەن دادەنێن !

وەلی! لێی پەژیوان دەبنەوە. دەگەڵ ئەوەش گفتوگۆو و ئاخاوتن هەر بەردەوامیی دەبێت..تا یەکێ لە زەرگەتەکان، نێوی ڕێوی دەبێت! دەڵێت:

"ئەوەی لۆ کاکی خوتان دانێن!!"

خڕ چاو لەیەك دەکەن! ڕێوی ڕازو نیازو پلانی خۆی ئاشکرا دەکاو، هەر خۆشی، ڕۆژی پاشترێ.. دەست بەپلانەکەی دەکات.

زنەیەکی چکۆلە لەکن کانییەکە.. بە گوڵەباخ دەورە دراوە! ڕێوی دەچێت لایەك و باڵێکی دەنێو ئاوەکەدا دەنێ و، بەلایەکەی تر، بەدەم باڵەفڕکەو هاوارەوە، مەگەر خەریکە دوایی بە ژیانی دێت!

داوای یارمەتی و کۆمەك دەکا! هەنگێکی ساویلکە دوو جاران.. بەسەر ئاوەکەدا دەزڤڕێتەوەو، ڤێجار تەڵێ پووشی باریکی هیشکی، بۆ لە ئاوەکە دەنێ .. زەردەسیرەی گۆرین دەچێتە سەری و گوایە ڕزگاری دەبێت.

ئـەو پرۆسـەیە دەبێتـە پـردی پەیوەنـدی و، هاوڕێیـەتی دەنێوانیانـدا چـێ دەبێـت. هـەنگ خـۆی بەچـەترو سـێبەر دەکاو..دەگەڵ خۆیدا زەردە سیرەی تاین بۆ نێـو قلێشـتە بەردەکە دەبا.

لێرەدا! پرسـیارێك دەورووژێـت! کـە ئایـە ڕێڤـی چ سـۆزو هەرێ و دڵنیاییـەکی وە هەنگەکـەدا! دا بـێ سـڵکردنەوە، زەرگەتەکە بۆ نێو شارەکەیان بەرێت!

ئەوە لۆ شرۆڤەی هنـــــگۆ جێدێڵێن!

زەردەزیـــڕەی تـــایین! ماوەیـــەك دەنێـــو شـــارەکە مایەوە..دەستی بەخواردنی نێو شانەکان کرد.. دا شـێوەو قـــەبارەی وەکـــی وانـــی لێهـــات.. کـــون و قـــوژبنی نێـــو قلێشـتەکەی پشـکنی و، زانیـاریی وردو، فـرەی لا کـۆم و کەڵەکەبوون!! شـوێنی شـاو کارەکـەرو، پاسـەوانی دەورو پشـــتی شـــای جـــوان مـــەیزە و، نیشـــان کـــرد. ئـــەوجار بەهاوڕێکەی کوت:

"ئەو چاکەی لە بیرناکات و، ڕندو بڵیندی دەنرخێنێت! لـێ ئێسـتێ دەیهـەوێ.. بـۆ نێـو کەسـوکاری ڤەگەڕێتـەوە و پشوویەك بدات، لەپاداشتی ئەم کارەشی داوەتێکی بزورگ و شاهانەی بۆ بکاو، بە کەسوکاری ئاشناو بناسێنێت!"

ڕۆژی پاشـتریٚ بەهـەمان جـاری بـووری.. هـەنگ! سـایەو سێبەری بۆ دەکاو، لـەکون و قلّیشـتی ئـاودیوی دەکـات و. بۆ کن زەردەسـیرەیل دەزڤڕێنـەوە..گش خۆشـحالّ گێجـی دەدەن. سەرەتا لەمەڕ پلان و پرۆژەو ئامانجەکەی دوانیٚك دەدا ، هـەنگینیٚ دیٚتـە سـەر ئـەوەی چـۆن بـەکردەوەی بکەن؟

وەلیٚ ئەوەمان لە یاد چوو، کە پیٚشتریٚ دەگەلّیانـدا پلانـی هەبوو.. هەرکە پڕۆسەکەی وێڕای هـەنگی تـاین دوومـاهیی دیٚت و دەزڤڕنەوە! ئەوان هێرش و شالاٌوی بکەنە سـەرو.. کەللـەی خـالّیی لـە ئـاوەزو سـیخناخ لـە بـیٚ بەینـەتیی پانکەنـەوە!! چـون ئـەم بـەناپاك و خـاینی دەزانـی و ..گەرەکی نییە تۆو ماك و گەرای ناپاکـی دە نیٚویاندا چیٚ بیٚ.

هەر واشیان کرد!

دواتر ڕیـێوی لەمەڕ ژیان و.. گـوزەران و جێگـەو ڕێگـەی هەنگەیل ئاخاوت و، هاتە سەر هێـرش وپـەلامار و چۆنێتی خۆپارێزییان.

پلانێکی کورت و چڕو پڕو خێرای بۆ دانان و، بەفەرمی بوو بە دەمسپییان. لەبەر وەی شارەزاو ئاگاداری شتەکان

بوو، لە پێشەوە ! کاوێکی دی چوو و.. کاتێکیشی بۆ وان دانا ! بۆ شالاوکردنە سەر شاو کۆنترۆڵکردن و داگیرکردنی شارەکە.

ڕۆژی پاشتر پلانەکە هاتە جێبەجێ کردن، ڕێوی چۆن بەرنامەو، پلانی لۆ دارشت بوون بەو ئاوایە ! دەست بەسەر شارەکەدا گیراو! شاو دارودەستەکەی ونجڕ ونجڕ کران، ڕێوی بووە سەرکردەو فەرماندەیان. چەند فەرمانێکی دەرکرد ! یەکێ لەوانە ! ئەوەبوو! ئەوی پەڕگیرو، بەگەڵیان نەکەوت بوو! لە پێش شارەکەی بە دارێوەبکەن !

................................

بژوێن: سەوزەڵان، زەمەن.

ئۆڵکە: ناوان، نێوچە.

تاین : نێوبراو.

مەیزە: تماشا.

## "٥٥"

# "ڕێڤەبەر"

جەنابیان! لە ژوورەوە تاقمە دانەكەی.. دەچەكمەجەی مێزەكەیدا وەرشارد بوو. دوو هەرمێ كرۆسكی دەملچانەوە! ئەوانەی بەر دەرگاكەش ئەوقیان دابووەوەو.. بە سەریەكدا ترشابوون.

یەكێك لەنێو ئاپۆڕەی خەڵكەكەرا، دەنگی لێ بڵیند بووەوە:

"ئینجا بۆ دەبێت كۆبوونەوە! لەدەمی دەوامدا بێت؟"

دەرگەوانەكە! بە ئاوماڵێك چۆڕاوگەی جۆگەلە بەستووی.. عارەقەی سەركاشییەكەی ڕاپێچی.. كونجی ئاوەڕۆكە دەكرد. لە بەرخۆیەوە منگەمنگی بوو:

"میللەتێكی سادە و ساویلكە و خۆش باوەڕن!"

دواتر نۆرم و دەنگ و ڕیتم و ئیقاعەكەی گۆڕی و هاواری كرد:

"كاكە گەڕەلاوژێ مەكەن.. كۆبوونەوەكەی جەنابی بەڕێوەبەر! زۆر گرینگ و پڕ بەهاو چارەنووس سازە، میوانەكانی لە پایتەختەوە هاتوون."

ڕێڤەبەر: بەڕێوەبەر.

ئەوق : قەتیس، دەرەتان لێ بڕاو.

ئاومالْ : ماسیحە

## "٥٦"

## "وارپاریز"

لـەو دەمـەی! ڕادەسـتی خاکیـان دەکـرد.. ئـاخ لـەداخی ئاخـەئاخی بـوو! دەنێـو گۆڕەکەیـدا هـەر گوڵـە سـتێرەی سوور بوو، دەچوونە پاڵ یەکترو، ئاوێتەی گڵەکە دەبـوون. کـوڕە هەراشـەکەی بـەدیار قەبرەکـەی باوکییـەوە، مینـا پەیکـەر وێسـتا بـوو. لـەولاتر بەچـوار مـەتران.. کـوڕە چکۆڵەکەی دەپاڵ کێلی گۆڕێکدا، کروشکە ببوو دەگریا. بـرا گەورەکـەی قیچـۆکەیەك لێـی نـۆڕی و.. چـوو لەپـەلی نەوی و، بۆسەر گۆڕەکەی باوکی هانی!

پێی گوت:

"مەگری تۆ پیـاوی! ئـەوە باوکتـە جـوان چـاوی لێکـەو.. باش سەرنجی بەرێ! دەیبینی؟!"

برا قنجەکەی بە دەم هەنیسکدانەوە کوتی:

"بەڵێ کاکـــــــــــە"

ئـەو دیمەنـە تراژیدیایـە ئێمـــەی.. ئامـادەبووانی بـەخاك سپاردنی باوکی کوڕەیلی کرد بە دوو لەتەوە:

"هێمایـــــــــه بۆ براکـەی! ئـەوی پشـت لـە میللەتەکـەی بکات، ئەڤە ئاکامەکەیەتی! پێویستە بیچێژێت!"
"نانا! مەبەسـتی بـوو لەبراکـەی بگەیـەنێ.. نەخەڵـەتابی لەبیری کەی ها!! ئەوانەی باوکتیان وا ونجڕونجڕ کردووە، شۆڕشگێڕو، وڵاتپاریـــــــــــــزنین!"
تا وێستاکەشی پێوەبـــــێ.. دە نێوخەڵکیدا چـون پرسـی هێلکـــەو مریشـــکەکە! ڕۆژانـــە ئـــەو قەوانـــە ســـوواوە لێدەدرێتـــەوە.. کەچـــی دەکـــن ســـەرتاپای گوندەکـــەیان پەنییە!
لەســـەر کیژەکـــەی ئـــەو توومەتـــە مەزنـــەیان لـــە پاڵنـــاو، بەسیخوڕ و جاشیان کردو، هەنگینێ بەسەرەن.

...............................

ئاخ : خـــــــــاک.
سەرەن: وەکی بێژنگە، لێ کونەیلی درشتترن.
مینا : بینا، وەك، چون، چەشنی، نۆڵ.

# "٥٧"

## "دەم"

گلاّبەيەك! خيز و چەو.. وە ئالى شەقامەكەوە ڕۆكرا بوو.. ئەويش وە چينچكەوە! وردە وردە.. وردە بـەردى ڕەش و سـپيى هەڵدەگرتـەوەو، جـار جـارەش تبلەكەڵـەى لـێ دەسوين. پيچەكم چاولێكردو گوتم:

"ئەو هوردە بەردانە..چى لێ دەكەى؟"

"دامـــەى پێ دەكەم."

"جـــا باوى دامە ماوە؟"

"بۆ من مــاوە!"

"چـــۆن؟"

"كاتى پێ دەكوژم!"

"تۆ كات دەكوژى يان ژى كات تۆ دەكوژێ!"

"........................"

كە لێى دووركەوتمەوە! وە ئاستەم گوێم لێى بوو دەيگۆ:

"ئەز كات دەكوژم! وەلێ تـــــــۆ كات، دەتكوژێت."

.........................................

**دەم: كـات، گاڤـــ ، تـــاو، سات، وەخت.**

**خيز: زيخ، ڕيخ.**

**تبل: تل، ئەنگوست، قامــك، پەنجە.**

## "٥٨"

## "دەلیـــــڤە"

"بم وەســاقەت! ژانـــی فـــرە هـــەس، بـــەخوا ئـــەو بـــڕە پارەیەشمان لە خەڵك و خوا سەندووە."

ئەڤە ئەو ڕستە کەیل دەپاڕانەوەیە، کە پلکـە نـەشمیل لـە حەیبــەت دەلیڤــەی کچــیدا، ویســتیی ئــەو دەلیڤەیــە.. بقۆزێتـــەوە و بـــەزەیی و مرۆدۆســـتی و.. میهرەبـــانیی "نۆشدار"ەکــــــە! وە ئـالی خۆیـدا وەکێشـکا. دەبـوو وا بێژێ!! چونکم دکتۆر پێی گوت بوو:

"کۆرپەی سکی کچەکەی، حەوت ڕۆژانە، ڕۆحـی جەسـتەی جێهێشتووەو.. ئەرەکوو زوو چارەسەری بۆ نـەکرێ! ئـەوا ئــەم کچەشــی دەگاتــە، کـــن ئــەو منالانــەی تــری، کــە باهۆزەکە بردنی"

"دایکەکـەم! ئـەم هـەموو پاڕانەوەیـەت لەچـییە، خـۆمن تەماتە نافرۆشم! تۆ دەزانی کەرەسەو داودەرمـان.. تـــا چ ئاستێ لە هەڵکشاندایــــــە؟"

**باجیی نازدار لوێچیێ پارەی لە لۆچی پشتێنەکەی نابوو!**
**حەجی پیێ بکا.. پشتێنەکەی خاوکردەوەو، گورجیێ!**
**دراوەکەی گش لە مشتناو کوتی:**
**"پێموایە!! ئەمەم چاتـــــرە."**

.................................

نۆشدار : نۆژدار، پزیشك، دختــۆر.
گورجیێ : بلەز، پەلە، خێرا.

## "٥٩"

# "ڕینگاڵپۆش"

بازرگانێکی زۆر دەوڵەمەند! لەچایخانەیەك دانیشت. پاش ئەوەی نانێکی گەرمی بەماستاوێکەوە لووشدا.. چایەکی گەرمیشی هەڵقوڕاندو، جگەرەیەکی بەبادا.

ئەفەندییەکی پۆشتە.. نوشتێ "بیست و پێنچ دیناریی کەسکی" بە دەستەوە بوو، بەسەر خەڵکە هەژارەکاندا دەیبەخشییەوە. کە گەیشتە حانی ویش! "بیست و پێنچ" دیناریيەکی بۆ ڕاگرت! بازرگانەکە زۆر بەخۆیدا شکایەوەو کوتی:

"سوپاس من هەمەو، پێویستیم بەو پارەیە نییە!"

پیاوەکە بڕێکی سەرنج دایەو گوتی:

"مادام تۆش هەمان جلکی ئەوانت پۆشیوە، بیگرە!! پێویستت پێی دەبێت."

..............................

ڕینگاڵپۆش: کەسێك جلکی کۆنە لەبەربکات.

"٦٠"

## "پایزەبرا"

گــەرما ســـەراپا وارەکـــەی تـــەنیوە. وی دوو بوخچـــەی هەڵپـەنماوی.. دەسـەر شـان و گـەردنی خـۆی نایـەو، لـە بەرخۆیـــەوە وێـــرد دەخـــوێنێ و.. نـــزا دەکـــاو زەویـــن دەپێچێتەوە. دوو تـوخبی بڕیـون، وەسـەر چـەندان شـارو شارۆچـــکەو گونـــدڕا تێپـــەڕیوە.. تـــەنێ ئەندێشـــەو، هزرکردنەوەی هەر دەکنەوین.

چێشـتەنگاوێگی درەنـگ.. وە خزمـەتی دەگـاو، بـە چـوار چـەنگۆڵە، وە ســـەر کەوشـــەکانیدا دەکـــەوێ. ئـــەویش زەردەیەکی کاڵ! لێوە ئەستوورو، ڕوومەتـە پەمەییـەکانی دادەپۆشێت و ئێژێ:

"هەڵسـتە بەینـەت و ئەمـەکی خۆتـت نـوێ کـردەوە.. لـەو دوورەوڵاتەوە چیت لۆ هانیوین؟"

ئـەو ژی پیریاسـکەیل شـل دەکاتـەوەو، هـەنگوینی شـاخ و کاکڵەگوێزی شاندەدا.

کەڕەتێکی دی پێی دەڵێتەوە:

"چیدیی پایزەبرا"

گورجیّ دەستی دە بەڕکی دەنیّ و، گیرفانە هەڵمساوەیلی خاڵیی دەکاتەوە. شەڤیّ لەوێندەر بەسەر دەبا.. ڕۆژی پاشتریّ دوعاخوازی دەکاو ڕووەو.. تەرمیناڵەکە تێی دەتەقێنیّ، دە نیوەی ڕێگەدا دێتەوە یادی! ئەو بڕە پارەیەی.. لە بەڕکی چۆغەکەی نابوون، بۆگەڕانەوە! ئەویشی بە هەڵە بەبینایی چاوان بەخشیوە.

ناچار دەگەڕێتەوە.. بەلانەکینیّ! ئەوجار ناهێڵن بەکن ئەویندارەکەی بگاتەوە!

دەمیّ بیّ هیوا دەبیّ.. بەیەکیّ لە دەرکەوانەیلی دەڵیّ:

"بۆ بینایی چاوان ڕاسپاردەیەکم هەس!"

دەرکەوانەکە دەڵیّ:

"بێژە چت گەرەکە؟" دەڵیّ:

"وە ڕوحڕەوان بێژە! داك و بابم وە قوربانی بن.. دوێنیّ دانی بەیانی لەخزمەتیدا بووم، ئەو ئامانەتەی وا لەحزووریدا تاوتوێمان کرد، بڕێك خەرجیی خۆشمی تیّ کەوتووە! بەڵکو تا دەگەمەوە مەرزەکە، کرێی ئۆتومبیلەکەم بۆ بگەڕێنێتەوە"

دەرکەوانەکە چووە ژوورەوەو هاتەوە، کوتی:

"شێخ دەفـەرمێ: پێویسـت ناکـات! وەپێیـان بگەڕێتـەوە خێری زۆرتری دەگات."

توخب: کەوشەن، مەرز، سنوور.

..................................

نــك : کـن، لا، ئال.

زەوین : زەوی، عـەرد.

بەینەت: وەفا، ئەمـەك.

## "٦١"

## "پـۆلیـس"

بۆجاری سێیەم پێکەکانیان یەکدییان ڕامووسی! شێخۆی فلاّمەرزی شاعیر، بەسەلیمی حەمە قارەمانی جواننووسی کوت:

"دەزانیی! ئەم لێکدی ساوینی پەرداخانە لە چییەوە هاتووە؟"

سەلیم پێکەکەی نابەسەرێوەو، قومێ ئاوی بەسەردا کرد:

"لەچییەوە هاتووە؟"

"لەکاتی خواردنەوەدا هەستەیلی مرۆ! تەنێ هەستی دەست لێدان نەبێت، گش بشکدار و ئاوێتەی یەکدی دەبن!"

"جوانـــــــــــــــــــە!

ئەوە بۆیە ئەیژن کابرای دە مەڕخۆشمان دەمێ سپێدان دەگاتە فەرمانگەکەی، دەستێ وە ئەگریجەی سکرتێرەکەی دادێنێ و دەوشێ: ((گوڵەباخ!! ئەم پرچە زێڕینەت.. لە دووی کێی لە خانەوادەکەت چووە؟))"

ئــەوە دەســتپێكی وەرچــەرخانی گفتوگۆیــەكانیان بــوو. شێخۆی شاعیر سیگارێكی ئاگرداو كوتی:
"دەوجـا باقسـێكی ئەحــەی پوورەنــازەی ئاسایشــت بــۆ وەگێڕمەوە"
سەلیم چاوی لە دووڕ چاوی نابوو كوتی:
"گوێـم لێتە"
""دەیكـوت: كچـێ لەماڵـەوەیان ڕایكـردووەو.. پـەنای بـۆ ئــــەمان هێنـــاوە.. ئـــەمانیش پەیوەنـــدییان بەچـــەند ڕێكخراوێكی.. پەیوەست بەپرس و داكۆكیكار، بە تـوخمی مێوینەدا كردووە، وەلـێ كـەس وە هانایانـەوە نەچووەو.. وەڵامێكی ئـەرێنییان نەداونەتـەوە. جـا لـۆ ئـەوەی شـەوی بەسەردا نەیات و.. لـەكۆڵی خۆیـانی بكەنـەوە! ئەفسـەری بنكەكەیان پێی كوتووە:
"تەلیفۆنێ بۆ ڕائیـــد فورات كچانی لـە مەركـەزی پۆلیسـی حـەوداره بكـات، تـا مەفرەزەیـەك بنێـرن! بـێن ببیبـەن و، چارەسەرێكی بۆ وەدۆزن""
ئەمیش تەلیفۆنەكەی هەڵدەگرێ:
"هەلەو گەورەم! بنكەی تەناهیی بازنەت لەگەڵدایە"
"بڵـــــــــێ! چ بووە."

"گەورەم گرفتێکی گەورەمان هـەس! بـەڵکو مەفرەزەیـەك بنێرن"

"خۆتان حەلی کەن، وام لە خولگەی حەویجە..کارێکی بـە پەلەم بۆ دەرچووە."

"ئاخر گەورەم کچێکی (١٧) ساڵانە لەماڵـەوە هـەڵاتووەو، کەسوکاری وە دوویدا دەگەڕێن."

"کچــە؟"

"بەڵــێ!"

"دە ئەوە من! لە کۆڵانەکەی پشت ئەنگۆوەم.. واهاتم."

سەلیم دەگەڵ قاقای پێکەنینـدا، پێکەکـەی بڵێنـدکردەوەو کوتـی:

"کەرکووك بۆسەر کوردستان گەڕایەوە."

شێخۆش دیاردێکی بۆ بۆیەکە کـردو.. پـاڵێکی سـووکی وە مێزەکەوە ناو کوتـی:

"لەدیدی ئەواندا هەموو کەرکووك زەردەخەنـەی مێینەیـەك ناهێنێ."

...........................

مێوینــــە: مێیــنە.

## "٦٢"

## "حوشـــتر"

گش هەینییەك باوكم! بە ئۆتۆمبیل دەگەیەنمە مزگەوت!

ئەمڕۆ پێمگوت:

"بابە! زوو نییـــــــە؟"

بـــەدەم بەســـتنی پشـــتێنەكەیەوە.. كـــە زەردەشـــتییانە

دەیبەستێ! فەرمووی:

"نـــــــــاااا"

دواتر ڕووی تێ كردم و كوتی:

"حەمـــــــە!" كوتم:

"بەڵێ بابـــــە!" كوتی:

"ئەگـــەر زوو بـــڕۆین.. خێـــری حوشـــترێكی هەیـــە، ئەگـــەر

درەنگتر بچیین! ئـەوە خێـری مـەڕێكی هەیـە، خـۆ ئەگـەر

زیاتریش دوابكەوین، ئەوا خێری مریشكێكی هەیە"

كوڕەكەم! كە ئەم قسانەی باوكمی ژنەفت، كوتی:

"باوكە!بابە حاجیم زۆر گەندەڵە"

كوتم:

"چـــــــــۆن؟"

کوتی:

"دەسەر حیسابی مـــە، هـەموو هەفتەیـەك وشـترێ سـەر دەبڕێ و دەیکا بەخێر.. ئێمەش هیچ."کوتـــــــم:

"گوێ مەدەرێ دنیا هەروا هاتووە! پەرژین بێـت لـە ڕووی بابە.. هەموو دەمێ ئەوانەی خوارەوە! ڕەنجەکە دەکێشن و، خــەڵکانی ســەرەوەو، دەستڕۆیشــتوو.. حەپەلووشــی دەکەن!"

"٦٣"

## "فیشەک"

بـەر لـەوەی تـارای بـەژا و هـاوپۆل و هاوڕێـت! بێنـە خوازبێنی و، شەکراو بخورێتەوەو، حەلقەی دەزگیرانداریێتی لە ئەنگوست نیٚ! تۆ دوو کچ و کوڕێکت بوون! کەچـی ویٚ ساڵانێك بوو، لەسۆنگەی ڕووداوێکی نەخوازراوەوە.. پرچ و کەزیەی پەرێشانیی قەیرەیی دەهۆنیتەوە.

هەیڤێکە بە هاندان و دنەدانی تۆ ملی داو، چووە ژێـر ئـەو بارەوە.

پشتیی وەی ئەم ڕازەی لات پەنی کرد، تۆ گوتت:

"شوو بکەو چارەسەرو کردنەوەی ئەم گرێیەت وا ساڵانێکە دەسەر دڵت خڕ بووەو، پێوەی دەناڵێنیی! لای منە"

هەر واشی کرد.

ئاخر ناحـەقی نـەبوو، ئـەوی بـە ئـایلی لـە سـەر پلیکانـەی ماڵەوەیاندا دەکەوێتە خوارەوەو، چاوا ئێژن:

" لەکەدارو بنی دەپژیٚ" ئیدی تنیٚ خۆی و دایکی و خولای نـــەبێت! کـــەس بـــەم نەپەنییـــە کارەســـات هـــامێزەی نەدەزانیی!

ئــەوە هەفتەیەکــە ! ئــەم گرفتــەت بــۆ دیزەبەدەرخۆنــە کــردووە.. دەواری خۆشــبەختیی ! تــەناو رەحــەتیی بــۆ گووازتۆتــەوە. دەگــەڵی بــۆ پزیشــك چــوون و پــەردەی کچێنیی بۆ دووراوەتەوە، لەسەر خێران ئەم هەینییە کزۆت دەپۆشــیٚ و، وەوییــەو، بــۆ مــانگی هــەنگوینی وێــڕای دەزگیرانەکەی بۆ تورکیا ئۆغر دەکەن.

تــۆ ویــژدانت هێــور و ئاســوودەیە ! لــیٚ ئــەوی ئــەم دڵخۆشییەی تۆی لەبارو لە گۆڕنا، ئێستا کاتیٚ لە بانێژەکە دانیشــتووی و ڕەشمــاڵی خــەم داپۆشــیوی و ســیگار بــە بادەدەی ! ! هەواڵی ئەم شەوی تەلەفزیۆنەکەیە:

"کچێك پشتی گواستنەوەی بە ڕۆژێك، لەسۆنگەی نەبوونی خوێنی کچێنییەوە بۆ ماڵەباوانی دەگەڕێنرێتەوەو، براکـەی دەیباو، لە نەواڵ و شیوێکی دەرەوەی شاردا ! چەندی لـیٚ پاڕاوەتەوە:

(کاکە بە قوربانتبم ! توخوا مەمکوژەو.. بە خـودا لـە گـوڵ پاکــژترم ! کاکــە ئامـمــان ! بـا نــەبم بــە پەڵــەی ڕەشــی خەجاڵەتی بەهەنییەی تۆ و باوك و خانەوادەکەمانـەوە !.. کاکە سووندت بۆ دەخۆم ! نێرینەی خـودا ئەنگوسـتی پـیٚ نەکەتیمە ! کاکە دکتۆر زۆرن ! کاکە..........."

" كەچی كاكە دوو فیشەك.. دە نێو زاری دەنێ و، ساردی دەكاتەوە. ڕۆژی پاشتریَ ڕاپۆرتی پزیشكیی دەڵێت: ((ئەو كیژەی وا.. بە دوو گوللەی فیشەكی دەمانچە گیانی لە دەستداوە ! هێشتان كچەو، پەردەی كچێنیی لە جۆری لاستیكییە !))"

.................................

بەژا :بەزا، هاوتەمەن.

وەوی : بووك

كزۆت : جلكی بووكێنی .

نەپەنی: نهێنی، ڕاز

"٦٤"

## "مام بێچـارە"

"مام بێچارە!" دەپاش ئەوەی کەیبانووی دەمرێت. ناچار ئەو پێنج شەش سەر بزنەی هەیـەتی، بـەر بـە نیـوەیی بـە یەکیٚ بدات.. تـا بـۆی بـەخاوەن بکـات. ڕوو لـە ئاوایییـەك دەکاو، سۆراخی مرۆیەکی سەرڕاست و، دەستپاك دەکات. سەرونەیەشێنم! کەسێك دەبینێتەوە، لۆ زێتر شـارەزایی! پرسـیار لـە کۆمـەڵێك پیـاوی ئاوایییەکـە دەکـاو.. ئـاوا! وەڵامەکەی وەردەگرێتەوە:

"کاکە نەگێژە نەوێـــــژە!"

یەکێکی دی دەڵێت:

"تا بڵێیت بەڕێـــــزە!"

یەکێکی دیش لەو لاوە پەیدا دەبێت و ئێژیٚ:

"هەر دەم خەریکی نوێـــژە!"

"مام بێچـارە" بزنـەکانی پـیٚ دەسـپێرێت و دەگەڕێتـەوە. هەڵبـــەت لـــە گوندەکـــەی خۆیـــان.. کەســـێك بـــۆی نەحەواندۆتەوە!

بۆیە ڕووی لەو گوندە کردووە.

چەند مانگێکی پیٚ دەچێت! لەدڵی خۆیدا دەڵێت:

"بۆ سەرێکی بزنگەل نەدەم و.. لە نزیکەوە دە هەواڵیان بزانم؟"

ڕۆژی دواتر دەچێتە کن کابرای.. وا بزنەکانی پێسپاردوون! پرسیاری بزنەکانی دەکات. کابرای بزنەکانی لێ وەرگرتووە!

پاش پیچەك بیرکردنەوە دەوشێ:

"برا تۆخۆشبیت! بزنە بەلەکاڵ، هەر ئەو ڕۆژەی پێتدام.. نەهاتەوە ماڵ.

بزنە گۆردیکار، کەوتە بن دیوار. بزنە بەلەڕەش، ئەوەش هەر زوو کەوتە قوڕەڕەش. بزنە بەلەمۆردیی، ئەوە گورگ خواردی. بزنەقەش ئەوەش، خۆم و خۆت خۆش. بزنە قولە، برا بە تۆ بڵێ! فرۆشتمان بۆ کفنی بلە"

"مام بێچارە" کە گوێی لەو قسانە دەبێت، چاوی تاریك دەبێ و، ژیریی دەمێشکیدا بار دەکات.

پەقرەجێ ماست لەوێندەر دەبێت، هەر دەکا بە پەقرەجە ماستداو، بە سەری کابرایدا دەکات. ئەویش دەستێك بە ڕووی دادێنی و، ئەو جار هەردووك دەستی بڵێندەکاتەوەو، ئێژێ:

"خوایە ! سەد جار لێت بەزیاد بێت، وەڵڵاهـی لـەو ڕۆژەوە وا ئەم بزنانەم، لە جەنابت وەرگرتووە نزادەکـەم، کـە ئـاوا بە ڕووسپێتیی دەست لەیەکتر بەردەین."

...................................

تێبینیی:

بەلەڕەش : بە واتە بزنی گوێ لوول و ڕەش.

گۆردیکـار، بزنێـك زۆر ڕەشـبێ و، هـیچ پەڵەیـەکی سـپی تێدانـەبێ و مووی سەری درێژ بێت.

بەلەکاڵ : گوێکاڵ.

بەلەمۆردیی: گوێیی مۆر.

بزنەقەش : نێوچەوان قەش.

بزنەقولە : بەبزنێك دەگوترێت دەموچاوی خەتخەتی سوور بێت.

دەزاری محەمەد ئەمین قشڵاخیم وەرگرتووەو، دامڕشتووەتەوە.

## "٦٥"

# "نـــــان"

خەسرەو کوتی:

"بڵێ ئێوەش بەسەر ڕووداوەکەدا چوون؟"

"بـــەڵێ بـــەڵێ! ئێمـــە وەکـــوو عـــەرزم کـــردی، زووتـــر دەگەیشتین! لێ خۆمـان دواخسـت و، دەماندەویسـت بـەر لەوەی زەردەی خۆر..گوم و بزر بێـت بگـەین! لـە ڕێگـەدا چاکیش دەڕۆیشتین، وەلێ لەسەر چۆم و ئاوێك لامـان داو، یـــەك دوو ســـیگارمان كێشـــا..دا حەســـاینەوە، ئـــەوجار بەڕێکەوتینەوە، کەنزیك بووینەوە، دیتمـان بەرمزگەوتەکـە گەرەمۆلـە، خـەڵکێکی زۆر وێسـتابوون! ژنێکـی ڕەقەڵـەی قژبژی پرچ ئاڵۆسکاو، پیاوێکی ڕدێن چەرموو.. بەردەکانی لـە دەسـت دەکـردەوەو.. بـە خـورتی و پاڵنـان بـۆ نێـو ماڵەکانی دەبردەوە.

جا ئێمە بـەرماڵێکی کـەرکووکی کـەوتین، کـوڕێکی خـورتی نیمچەعازەبیان دەبێت، وەکو باسی لێوەدەکەن.. تەقە لە ئەمنێکی ڕژێم دەکاو، دواتر هەر کوردێـك! زمـان لـە کـۆڕە جحێڵەکـــە دەداو، لـــەو ســـۆنگەیەوە، خێزانەکـــە، هـــەر

ئەوەندەیان پێدەکرێت، خۆیان ڕزگار وەکەن! دێنە ئەم گوندەو، دوو سێ کەلاوە نۆژەن دەکەنەوە، مینا خەڵکی گوندەکە خۆجێیی دەبن. ئەوماڵەی ئێمە چووین! پاژێك لەو خێزانە بوون! ژنێك و پیاوێك و تەنیا منالێکی ساوایان بوو، ژنە کوردییەکەی! بە زوانە بازاڕییەکە دوکەڵی دەکرد، مێردەکەی کوتی:

"سێوگویل دایکی تورکمانەو، هەر لە نێو تورکمانیش هەراش و گەورە بووە، بۆیە کوردییەکەی خواروخێچە، تاقانەی سێ برایەو، لە ماڵەوە خۆشیان گەرەکە! زۆری حەز بە شفتەیەو، بەیانیی ئەمڕۆ دایکی گۆشت و، کەرەسەی شفتەی لۆ ناردووەو.. دیارە بەشی ئێوەشی تێدایە! من و هەورازیش دەستمان بە پێکەنین کرد و کوتمان:

"بژێ دایکی سێوگویل، ئێمە لەوەیە! ساڵێك زێتر بێت، شفتە خۆی لێ شاردووینەتەوە!"

شێڤ خەملی بوو، نان هاتەخارن و، چای هاتە خواردنەوە! دوای پشوویەك، سێوگویل کەکاوی بۆ کردین! هاوڕاز کوتی پێت نەکوتین:

" ئەو ژنە بەستەزمانە چ بەڵای بوو، ئەوە ! هەر لە منالێرا، ئاوا تێکچووە ؟" ماڵخۆ کوڕێکی ڕۆحسووکی خۆنەوار بوو، ویستی کوچکێکی لەسەرنێ و.. پەردەپۆشی کات کوتی:

"ئیدیی ژیانە.. ژیانیش ئاوایە !وەك دەڵێن:

(کەس بە ئازاو ڕەشیدیی خۆی نییە)."

بەڵام سێوگویل ! هەر لەسەر ڕووی خۆیەوە کوتی:

"ئەو ژنە گوناهە ! دەڵێن نان دەیکرد بۆ پێشمەگە.. پیشمەگە کوڕەکەی کوشت ! "

من زمانی خۆم گەست !

ناگەهان مینا فیلمێکی سینەمایی کارەساتەکە ! خۆی نمایشت کردەوەو..بە خاوەن ماڵم کوت:

"سەرو پەتوومان بدەنێ ئێمە دەچین ! "

سێ ساڵ بەر لەو مێژووە، ئێمە بەسەر ئەم گوندەماندا، زانیارییمان هەبوو، ئەوان !لەو بەری گوندەکەوە، لەسەر یاڵەکە ڕەبییەیان چێکردبوو.. چاوماڵ و چاودێریی وارەکەیان دەکرد. ئێمە گورجێ پلانێکمان داناو، هەندێکمان دامەزراین و، بڕێکیشمان بە یاڵەکەدا سەرکەوتین، لە نیوەی ڕێگە، کوڕێکمان بینی ! هێدی هێدی ئاگای لە مەحمووی بێزەواڵ نەبوو! شەرواڵ و

کراسێکی پۆشیی بوو، گازمان کرد..هات وەکی بینی ئـاو دەلەرزی..لەو دەمەدا تەقە دەستی پێکرد! گیرفانـەکانی گەڕاین! دە دیناری پێ بوو، گوتی:

"دایکم بە پارە نان بۆ خەڵکی دەکا، نانم بۆ ئەو چەکدارانە بردووە، ئەوە پارەکەیەتی، بەرپرسەکەی ئێمە، قۆناخە تفەنگێکی بەسەریدا کێشا! خوێن فیچقەی کرد کوتی:

"نا سەگباب تۆ جاسووسی و.. هەواڵی ئێمەت بۆ ئەوان بردووە!"

کوڕە گریا! زۆر پاڕایەوە، کەڵکی نەبوو..گولەیەکی بە نێو دەمییەوە ناو کوڕەی کوشت! ئێمە گش خەمباربووین، وەلی دەسەڵاتیشمان نەبوو.

شەڕەکە چوار دەمژمێری برد.

ونارێکی زۆرمان دا، پاشەکشەمان کرد.. کوژراو و برینداری زۆرمان بوون!

خەسرەو کوتی:

"خوا ناحەقیی قبوڵ ناکات!"

جا دەیانگوت:

(لەو گوندە، ماڵی ئەو ژنە تاقەماڵە بوونە، ! خزم و کەسوکاریان نەبووە، سکی بەو کوڕەوە بووە ، فڕۆکە شووەکەی کوشتووە، بە نەهامەتی و دەردەسەری و کارکردن ! بۆ ئەم و ئەو.. ئەو کوڕەی پێگەیاندووەو، شووی نەکردووەتەوە.

هەر چەندە زۆر کەسیش داوایان کردووە.. کوتوویەتی:

"پەنجەیەکی حەمە ! بە هەزار پیاو ناگۆڕمەوە..چۆن دەهێڵم حەمەی من! لە بن دەستی باوەپێڕەدا گەورە بێت ! ئەی خۆم چیم."

لەم دواییەدا حاڵیان کەمۆکەیەك باش ببوو، ژنە نانی بە پارە بۆ خەڵکی گوندەکە دەکرد.

بەم کارەساتە جەرگبڕە.. ژنە تێکدەچێ و، زوانی دەبەسترێ. خەڵکی گوندەکە دەیان گوت:

"ئەویی.. هەر چەك بە شانێکی بدیبا ! با خەڵکی گوندەکەشبا، ئەو بەردو، پەڵ بارانی دەکرد.

خەسرەو جگەرەیەکی پێکردو کوتی:

"ئەو بەرپرسە ئێستە مایە.. لەوەیە ئیستێ! لەسەر پارە نووستبێ؟"

"نەمایە ! لێ سالآنێکی زۆر لە سەر جێگە کەوت.

دەیان كوت:

"شەقەی تڕی ڕۆژە ڕێیەك دەچوو..."

..............................

گەرەمۆل: قەرەباڵغ، ئاپۆر.

خۆجێ : نیشتەجێ، ئاكنجی.

شیڤ : شــیو، نانی ئێوارە.

ماڵخۆ : مالخی، خاوەنماڵ

خورت : بەهیز، زۆرەملێ

خورت : گەنج، لاو، جاحێڵ.

چاوماڵ : چاودێریی، موراقەبە.

## "٦٦"

## "گەشـــت"

دە نێـو فرۆكەكـەدا! كـە نـوێ قایشـەكانمان بەسـت و.. بڵێنددەبووەوە. "مازووڤانە" بەژنزراڤەكە، كۆمایە خواردن و.. خواردنەوەی لەسـەر دەستەبەرەیەك نـابوون! بەسـەر سەرنشینەیل دابەشی دەكردن.. گەیشتەحانی مـــــــن!

كوتم:

"شـــەراب."

بـەئالی منـەوە خـانمێكی پێسـت پەمەیی..قـژ زەردی، چاوشین، واتی:

"بـــــــۆ منیش شەراب!"

كەنیشـكە "مازووڤەنەكـە".. پـاش ڕازی كردنـی مـــە! هێـدیی هێـدیی! ڕووەو كـەپووی فرۆكەكـە جمیـاو.. بـە عەرەبانەكەیەوە زڤڕییەوە! خانمەكەی تەنیشتم دیاردی لۆ كردو، وات:

"دەكارم! شووشەیەكی تر بخۆمەوە؟"

مازووڤانەكــە"، شووشــەیەكی دی هەڵپچــڕی و، لێـــل بزەیەكدا، ئەنگوسـتی شووشـەیی لـۆمنیش ڕاداشـت! هـا

مانا"تـــــــــۆش؟"بەکڕیی ســــەرێکم بۆلەقانـــد. وێــڕای خواردنەوە.. دەگەڵ خانمی گۆرین کەوتینە ئاخافتن:

"چۆنە وا بەم بەیانییە! شەرابت خواردەوە؟"

"ئاخر دەمهەوێ لـەم ئاسمانـە بەرینـەدا، بـۆ چـەند سـاتێ شنەی ئارامی، مەژگم داپۆشێ!"

دواتر زەردەیەکی هاتێ و گۆتییە من:

"ئەدی تـــــــــۆ؟"

من ژی گوتمێ:

"نـــــا! مـن دەواتم، ئـەرەکوو فرۆکەکـە تێکشـکا! ئـەو سـروەی هێمنییـەی تـۆ باسـی دەکـەی! بـۆ هـەتا هەتایـە مێشکم بەرزەفتکا"

ئیکە کچە! چاڤی دەپەیڤی و، زاری کلۆم کـــــرد.

............................

مازووڤان : ئەو کچە بەردەستەیە، لـە نێـو فرۆکـەدا، شـلەمەنی و خواردن دابەش دەکا.

کلۆم : قفلی دارینی دەرگە.

دەستەبەرە: عەرەبانەی دەستی.

## "٦٧"

## "شـــــەفە"

شەوێك بەر چوونە ماڵیان.. بەڕێكـەوت لـە مـاڵی پـوورێكی دەبێـت. پـاش نیوەڕۆیـەكی درەنـگ، شاسـوار تـەلیفۆنی بۆكردم، كە شەو لە ماڵەوە سەرێكی لیٚ بـدەم! بـاوكم زۆر جاران پێی دەكوتم:

" ئەحەلووتە، زۆر چەوتە پێمخۆش نییە.. ئێوە هاوڕێیەتی منداڵەیلی دەكەن"

من ژی بەرسڤم دەدایەوە

"بابە! من ئەو پەندە ڕەتدەكەمەوە، كە دەڵێت:

"گیا لەسەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە"

باوكیشم سەرێكی دەلەقاندو، دەیەكوت

"دەتبینمەوە، كوڕم! لە كفر كۆڵەكە هەڵناكەڤیٚ"

لەبـەر ئـەوەی سـۆزو هـەرێم بـە شاسـوار دابـوو، شـەویٚ چووم.

شەریفی كاكە ئەحە، بێتووك و كزۆڵە و بیٚ حاڵ و خـەمناك لەوێندەر دانیشت بوو.

شاسوار كوتی:

"دویٚ شەویٚ بۆ گرتنی شەریفی، داویانە بەسەر ماڵیانـداو، خۆشبەختانە دیارە وەك دایكم ئێژیٚ
""داخوا مەنیجی دایکی.. چ برسـییەکی تێـر کـردووە !""
دەستیان پیٚ ڕانەگەیشتووەو، لە مـاڵی پـوورێکی بـووەو.. شەویٚ نەیان هێشتووە بۆ ماڵی خۆیان ڤەگەڕێتەوە"
شەریف ئەو دەم سـاڵێك زێـتر بـوو.. لـە سـەربازیی هـەڵات بوو، لە فڕنێکی نزیکی ماڵی خۆیان جاروبار کـاری دەکـرد.
کوتم:
"باشـــــــــە ! ئەوی لەسەرە منـــــــە؟!" کوتی:
"جا وا قسەت بۆ دەکەم! بەیانی من و تۆ یاوەری بین! تا لە شاری دەپەڕێنینەوە.. بۆیەش تـەلیفۆنم بـۆکردیی! تـۆ شـارەزاو بەڵـەدو بـە ڕێگەکـە ڕێناسـیی و جـاری دیکـەت دیتووە"
پشتی ئەم گفتوگۆیە !بۆ ماڵیٚ زڤڕیمەوەو، بۆ بـەیانی خـۆم سازو تەیار کرد.
ڕۆژی بووری! شاسوار هەواڵەکە دەبیستیٚ ، گوزوگومبـەت بـە ئۆتۆمبێلەکـەی بـۆ ئـالی شـەریفی دەچـیٚ و، بـۆ مـاڵی خۆیانی دێنیٚ!

ئەو شەوە خـۆی شـت بـوو! مـام سـاڵحی بـاوکی شاسـوار (١٠٠) دیناری وێ دا بوو. شاسوار خۆشی قاتێکی کوردیی، قۆڵ تێ هەڵنەکێشراوی، دابووێی. پاش بـووڵێلی بـەیانی.. هەرسێکمان ناوی خوامان هێناو کەوتینە ڕێ! هاوین بـوو، دوای دوو دەمژمێر لە مەترسی و، توخبی سوپا و دەست و پێوەنــدەکانی.. دوور کەوتینــەوە. شــەکەت و مانــدوو. عەرەقە لە سەرمانەوە بە جەستەماندا بۆ نێو پێڵاوەکانمان دەچــۆڕایەوە. مــن شــارەزاو چــەند جــارێکی دی بــەو نێوچەیەدا گوزەرم کردبـوو! پـاش سـاتەڕێیەك گەیشـتینە ســەر کــانی و ئاوێــك، لامانــدا پشــوویەك بــدەین و.. کەمۆکەیەك بحەسێینەوە. ترسمان ڕەویبووەوە.. سەرنجم دا! شەریف دڵەڕاوکێکەی پێشـانی نەمایـەو دەخەنێتـەوە. کوتم:

"ها کارخانەچی بە چی پێدەکەنی!"

شۆخی و سوعبەت لە نێوانمان بوو.

شەریف کوتی:

"کەروێشك بۆ خۆی ڕادەکا! تانجی بۆ خەڵك"

من هیشك بووم! شاسـوار سۆسـەی کـرد، مـن تێکچـووم! بەنوکتەیـەکی حەنـەك ئـامێز، ڕێـڕەوی گەنگەشـەکەی بـە

ئـالێکی دیـدا چـەرخاند، دەسـتمان بـە پێکـەنین کـرد!
کەشێکی جوان ڕەخسا!
لە خوار خۆمانەوە، چۆمێکی قووڵی لێ بوو، شەریف چـوو
خۆی سووککا! کوتم:
"گوێت لێ بوو" شاسوار کوتی:
"گوێ مەدەرێ! شەریف گاڵتەی وای هەن!" کوتم:
"گاڵتە نیوەی ڕاستییە"کوتی:
"دەزانـــــــــم!" گوتم:
"من ئـیتر یـەك هـەنگاو زێـتر نـانێم! بـا (١٠٠) دینارەکـەی
باوکتیشی لێ بسێنینەوە" گوتی:
"باشــە نــاڕۆین! وەلــێ ســەد دینــار، ئێمــە مــافی لــێ
سەنینەوەمان نیین!" کوتم:
"کەواتــە بــا دەســتەجلکە کوردییەکــەی تــۆی لــێ
وەرگرینەوە" کوتی:
"تۆ هاوڕێیەکت بە دەستێ جلکی کوردی بۆ تاقی بێتـەوە،
ئەوە بزانـە زۆر بـراوەی.. لێگـەڕێ! بـێ ناخۆشـی لێکـدی
جیابینەوە"
ئێڤارێ دەمێ گەڕامەوەو، حیکایەتەکەم لۆ بابم باس کرد!
باوکم کوتی:

"لەسەری مەچوو.. کوڕی باوکی خۆیەتی، نەیدۆڕاندووە ! "

....................................

هەرێ : سۆز، پەیمان

حەنەك : سوعبەت، شۆخی.

گوزوگومبەت: دەستبەجی

"٦٨"

## "مەسج"

"سووندت خواردبا، باڵی گرتووە.. سوێندت ناکەوت.

"کاکە عەزە! تۆ بڵێیت، بگەڕێینەوە جێی خۆمان و، بکارین جوانییەکانی ئەنگۆ بدەینەوە، نەخاسمە پلکەفاتم؟" جا ئەوە گەڕایتەوە؟ ها! بەڵانەکینێ لۆ تاتەم گوڵێ پێی کوتم:

""بەمن دەکەی قسەی خۆت لە بەرد نادەی؟!""

هەڵوەسەیەکی کرد."پێچێ لەوە زیز و نیگەران بێت! ئێمە گش خانەوادەیلمان ئەنفال بیی، وی سۆراخێکی نەپرسین.. کورە دە ئەو لە کوێی بزانێ!"

گەیشتە ئاست پرسگەکە. کەڕەتێ دی خەیاڵ بردی "هەوکە بەم ئاوایەم ببینێ.. کۆڵێ کەسەر بە مێوانی دەبن! منیش دەیلێیمێ خەفەتی نەگەرەکە! ئەتوو پێمبێژە سووعات خانم کووە! ئەدی ئاودێر و، مەڵۆ خاسن؟"

"بلێ کاکە! بەرپرسی پرسگەکە کوتی".

"وەڵا .. لۆ کن کاکە شێخی دەچم."

"بلّێمێ کێ هاتــــگە؟"

"بێژە عەزەی پوورەفاتـــــــــــم."

"دانیشــــە!"

"بلّێی نەمناسێتەوە!! ئێ خۆ ئەو دەمێ پێشمەرگە بیی.. ڕەحمەتیی باوکم، دەیان جار ژن و منداڵەیلی.. لە شارەوە لۆ گوندی هێناون و، لە ماڵی مــە ""مەڵـــــۆ"" خـوا دای و.. حەمە شیوعی نێوینا مەڵـــۆ"

گاڤێ عەزە چووە ژوورەوە..شـــێخ دەسەر کورسییەکەی خۆی دەزڤڕاند.

قیچەك وەستا..هەنگینێ وە خەندەیەکی کاڵەوە وەشـێخی کوت:

"قوربان نامناسیتەوە؟"

ئەویش چاوەیلی لە دوورِ چاوی نابوون، هزری لـە مەسجــە ئاگراوییەکەی دەنکەکەی دەکـردەوە، پیچـەك بـەر لـەوەی وی بێتە ژوورەوە پێی گەیشت بوو، کوتـی:

"چــاکت دەناسمـــەوە، عـــەزەی فاتـــەمنگن! ئێســـتەش نەخۆشی ســـاوارو، نانە ڕەقی ماڵی ئەنگۆمــــە."

.....................................

دەنك: قل، کەپلێ، گێرلڤرێند.

"٦٩"

## "مانشێت"

"من و عومەر و کەریم وسەنگەر! "

ڕۆژنامەیەکمان بەڕێوە دەبرد. وایان لە ئێمە گەیاندبوو، بێلایەنە! سەرنووسەرەکەمان "هۆشمەند بەرداوی" بوو.. بە هەشت ڕووپەڕ چاپ و پەخش و دەوەشێنرا! ئێمە حەوت ڕووپەڕی ڕۆژنامەکەمان.. بەر لەوادەی خۆی دووماهی پێدێنا.

کەچی! بەردەوام لاپەڕەی یەکەم دوا دەکەوت و.. تەواو نەدەبوو! سەرمان سووڕما بوو، کەپرسیاریشمان دەکرد، دەیانکوت:

"ئەنگێزەی دیزاین و هونەرییە! "

دواتر زانیمان، مانشێتی ڕۆژنامەکە! دەبوو لە سەرووی خۆمانەوە بێت.

..................................

ئەنگێزە: هۆ، هۆکار، سۆنگە.

"٧٠"

## "خوێـــن"

خۆی بەگیڤاراو هۆشیمنە دەچواند! گەرەکی بوو بەڕێگەی ئەو پرسانەوە.. دڵی کەمەند کێش بکات. ئەویش جار جارە بزەیەکی کاڵ، بەلێوەکانییەوە تریفەی دەدا.

ڕۆژێك! لە دەلیڤەیەکدا ئەم کورتە نامەیەی بۆنارد:

"بۆ ئەوەی هێندە غەریبیت نەکەم، بێرە دڵمەوە"

لـــێ! وەڵامەکەی ئاوا بۆ هاتەوە:

"نـــا! بمبوورە.. دەترسم خوێن بمخنکێنێ"

لەوڕۆژەوە، ئەو ڕابردووەی فەرامۆش کرد. بەڵام لە سەر خەڵەتاندنی کچان هەر شێلگیر و مکوڕ بوو.

........................................

دەلیڤە: دەرفەت، هەل، فرسەت.

مکوڕ : پێداگریی، شێلگیر، شێتگیر، سووربوون.

## "٧١"

# "شەتلەکچ"

دە ئۆدەیەکی گڵینی کپ و خامۆشدا.. مەردمێك پشتی ورووژان و خاڵیبوونەوە.. قنگەوتلوول، کفت و کەفتە. شەتڵەکیژێکی خوشیك و ناسکیش وە ئالیدا.. خۆی کزۆڵە و گرمۆڵە کردووە، هەر دوو دەستی لەمەچەکیڕا.. وە سەر دوو قولی کراوەی دا.. کە دوو گۆشەی وەستاویان چێ کردبوو! شۆڕکردووەتەوە! زنەی چاوەیلی مینا بارانی بوهاریی..تاو تاوە دادەکاو، ڕوخساری بلوورئاسای پەژمردە و دەلەوتێنێ، جار جارەش بەدەنگی نووساوی پڕ سوێ و جەخارەوە ئێژێ:

"مامەگیان مامە! توخوا فووی لێکە دەکوزێتەوە."

..................................

شەتڵەکچ: بە مانای ئەو کچانە دێن خوێنیان نە دیتووە، واتە: سەرو عوزر شۆر نین.

خوشیك : ناسك و نازدار و دڵگر.

جەخار : خەم، پەژارە.

## "٧٢"

## "سۆتکەو زاخ"

دوو ڕۆمانی کڕین و، بۆ ماڵەوەی بردنەوە. گەلێ پەرۆشی خوێندنەوەیان بوو، دەستی بەخوێندنەوەی یەکێکیان کرد! چەند ڕووپەڕێکی خوێندەوە! هەستی کرد! زاری تاڵ و زمانی دە نێو دەویدا قورس و، باش ناگەڕێ .. خەریکە بێوازی دەکات! کتێبەی فڕێداو، چوو خودیکێکی هێناو، سەرنجی لەزوانیدا.. دیتی! زوانی وێرانەو، خەریکە پەڵت دەبێت و، پێویستی بەدەرمانە!

بیریکەوتەوە دایکی پێی کوتووە

"سۆتکەو زاخ باشترین دەرمانی نێو دێهاتەکانی کوردەوارین"

ماڵەوەی سەنگ و شووژن کردن..هیچی نەدۆزییەوە، وەڕز بوو. بۆ سەر ڕۆمانەکەی تر گەڕایەوە. چەند پەڕێکی هەڵدایەوە، دیتی یەکپارچە

"سۆتکە و زاخن"

زەردەخەنەیەك وە سەر لێوەکانی کەوت و..ئارامییەك بە بەجەستەی گەڕاو ئۆخژنی پێکەت.

گازی برازاکەی کرد:

"هێرۆ! گوڵ مامەی..هەڕو ئەو کتێبەی بۆماڵی مام عەلی دوکاندار بەرە! دا بۆ ناوکە گوڵەبەڕۆژەی بە لوولەکات.. کاشکا ئەو پارەیەم ون کردبا"

..................................

خودیک: ئاوێنە، نەینۆک، قودیک، خوەدیک

کاشکا : خۆزگە، خۆزی.

# "٧٣"

# "گاڤر"

ڤــەژەن زیرەکــی بنــووس بــۆی گێڕاوەتــەوە.. وێــڕای هاوڕێیەکی پـاش نیوەڕۆیـەکی درەنـگ.. میڤـانی بـەهزادی ســتوونووس بوونــە. دەنێــو گوڵشــەنی ماڵەوەیانــدا، عەسرەچایەکیان بۆ دەمداون، دەیکوت:

"ئێمە مژوولی چای خواردنـەوەو، پرسـە گەرمـەیلی ڕۆژەڤ بووین! جوعەی گوتارنڤیس پەیدا بوو" کوتی:

"ها! گەندەلانە لێرە چ دکەن؟"

ئێمــە حەپەســاین! دەگــەڵ وەش متــەقمان لــە زارەوە نەهات. پشـتی ڤـێ قسـەیەلێ، دەسـتی دە بـەڕکیناو، دوو ناسنامەی لۆ خاوەن ماڵ ڕاداشت:

"ئەوە یەکێکیان ئی خۆتەو، ئەوی دییان بە ساماڵی شاعیر بدە"

دەیکوت منیش وە لاچاوێك، ڕوانیمـە پێناسـەیەل.. یـەکێ ڕائید و ئەویـدیان موقـەدەمی سوپا، توشـی شـۆك بـووم! دەبزاڤــی ڕوونــاکبیریی کوردیــدا ئەفســەر هــەبوون؟ وەلــــــــێ وەتبلی دەستان.

بۆیـە زەردەیـە لـێم بـووە میـوان و، بـەهزادی لـێم هێنایــە دەنـگ:

"کاسنجیی دەکەنیی؟ (گش ئاژەڵێـك گۆشـت خـۆرە، هـەر نێوی گـورگ دەناواندایـە) هاوڕێکـەی تـۆ.. وا هەودایـە دە نێوانتاندا ڕەت ناویٚ! ڕۆژانە ڕۆژنامە و تیڤییەلی گرتووەو، لەمیتینگەیلــدا ئەنگووســـت ڕادەوەشـــێنیٚ و، لـــەدادی کۆمەڵایـــەتی و نـــەبوونیی یەکســـانی و گەندەڵییـــەوە دەپەیڤیٚ! بەخودای ویش پێناسەیەکی وای لەگیرفاندایە"

ئاوەڵەکەم بەخەندەوە تێکەڵ بوو:

"گش وە تەمای وەیس بووین"

بەهزادیش باگۆی داوە:

"وەیسیش فەلە دەرچوو"

.................................

گوڵشەن: باخچە، گوڵجار.

گاڤر : فەلە، مەسیحی، گاور.

"٧٤"

## "گۆگرد"

ئەز نێوانـــــــم دەگەڵ باپیرم.. گەلـەگ بـاش بـوو.. زۆر جـاران پارەشـی دەدامـێ! لـــــــێ چـارەو.. ئـەتواری بـاوکمی، بـەدڵ نـەبوون! جارێـك ئێمـە گشـتمان لـە نێوباخچـەی ماڵێـدا دانیشـتبووین.. نانمـان خواردبـوو، سەرقاڵی چاخواردنەوە بووین.

بـابم! هـەر دەگـەڵ یەکـەم قـومی چـایەکەیدا دەبـوو.. جگەرەیـەك پـێ بکـا! جگەرەیـەکی بـە لێوییەوەناو..بـە چەرخەکەی! مژوولی پێ کردنی بـوو. چـەرخەکەی گڕگـڕە بوو! چەند کاوێ کۆشا ئاگری نەگرت. بۆیە تا دەستی تێدا بوو.. کێشای بە زەوییەکەداو، پاژێکی بەر باپیرە کەوت!

باپیرە کوتی:

"وەرە تۆ خۆنەوارو.. باوکت لای خـۆی مامۆسـتایە.. قـوڕ بەسەر ئەو منالانەی باوکت پێی خوێنـدوون!با ئەمـەت بـۆ بگێڕمەوە! بلەی قالە شمشاڵ هەبوو.. لە گوندەگەی مـە. دوای ئـەوەی زەکـاتی گەنمەکـەی لەشـاردا! ئەسـپاردەی ماڵی ئاغا دەکاو.. وەدەر دەکەوێت! دەڵێت:

"ئەم كەڕەتە ئاغا باش ناهاتە پێش چاو! تۆبڵێـــی پێـی كەم بووبێت! "

ســـیغارێك لـــەلێوی دەنێـــو، وە لـــۆژە لـــۆژ، لـــە دووی گوێدرێژەیل، دەكەوێتە ئـەنگاوتنی ئەسـتێ و بەردەكـەی.. تا نزیكی شیوی نەوت دەبێتەوە!

"شیوی نەوت شیوێك بوو لە دەرەوەی شار"

ئــەوجار! قاوەكــە دووكــەڵی لێــوە بڵێنــد دەبێتــەوەو.. زەردەیەكی شادی بەخش.. دەكەوێتە سەر لێوی مام برایم و.. یەك بەخۆی هاوار دەكا:

"دەك ماڵت ڕمێ هەی! كبریتە كبریت! "

تەڤ  دامان لە پێكەنین، باوكم سـەری بەردایـەوەو، قسـانی نەكرد.

.............................

ئەتوار : ڕەوشت و كردەوە.

تەڤ   : هەموو، گشت، خڕ.

قـــاو : بەری ڕووەكێكی ئەو شاخەیە، وەكی پـــەمووە.

## "٧٥"

## "ڤیـڵـــلا"

کوڕەکەم تارمایی نەما! ژنێك و دوو منـداڵ و..خانوویـەکی گەورەو، ئۆتۆمبێلێکی هەبوون! خۆشم خودانی، دوو ڤێلاو خانوویـــەکی مـــەزن و ڕیزێـــك دووکـــان بـــووم! هـــەمووم پێشکێش کرد، دا بە دیـار زارۆکەکانییـەوە ئـارام بگرێـت!

پێی گوتم:

"مامــــە! ئـارامی لـەوێوە سەرچـاوە دەگرێـت، ئێـواران کەسێك لەدەرگات بداو، تۆش دەرکەی لەسەر واز کەیت."

هەوکـــــــــە هەست دەکەم.! ئەو لەسەر حەق بوو.

واز: ئاواڵـــــە.

## "٧٦"

## "مۆبایـــل"

دوو مۆبایـل لـە گەرماوێکـدا.. سـۆزیان دەگۆڕییـەوە! دوو ئافەریدەی نێر و مێ دەخوسان.

گەرمـــاو: گەرماڤ، حەمـام.

## "٧٧"

## "گێلاس"

پشتی ئەوەی گێلاس..زیز و زویر و لوتەلا بوو.. لەو میوانەی دەنێو باخ و گوڵشەنەکەدا! چاویان پێدا هەڵنەدەهات و.. پەسەندی ڕەندی و شەنگی و شۆخییان نادا!

گێلاس بێ هیچ کاردانەوەیەك، باخەکەی جێهێشت. پشتی چەندان پشت! هەر کەسێ بە وێدا تێپەڕی با.

دەیەکوت:

"ڤێرە! باخ و ئۆڵکە و نیشتمانی گێلاسە"

چرۆ و نەوەی میوە! نەیار و ناحەزەیلیش شانازییان پێوە کرد. تەنانەت ئەگەرەکوو ناسنامەی خۆشیان دابا، ئەوا ئاوا پێناسەی خۆیان دەکرد:

"ئەم نەوەی گێلاسین."

..............................

ڕەند: ڕند، جوان.

ڤێرە : ڤرا، ڤر، ڤیرێ، ئێرە.

ئەم: ئێمە، مە.

"٧٨"

## "دۆندرمە"

دە نێوسەیرانگەکەدا! پاڵی وە ئۆتۆمبێلە دوا مودێلەکەیدا دابوو.. دەی نواڕییە زاڕۆکە پۆشتەو، ئاڵووالاکانی و.. زوانی بە دۆندرمەکەیدا دەساویی. منداڵێ چکۆڵەی پێخاوسی دەرۆزەکەر، دەپێشی چەچۆڵەکانی پان کردبوونەوەو، بە دوو ئەنگوستی خنجیلانەی خێرا خێرا دیاردی بۆ زاری دەکرد! دیار بوو فرەی ئارەزوو و.. ئەلهای دۆندرمەکە بوو.

لەنیگایدا! هەزار و یەك پرسیار بەدی دەکرا، کەچی وی! بێ ئەوەی چکێك بەزەیی بجووڵێ.. ڕەشایی چاوەکانی زقڕین و، بەنووکی پێڵاوەکەی پاڵێکی پێوەناو، کوتی:

"**ه**ەتیمچە لاکەوە، دنیاتان پیس کردووە!"

دیـــارد: ئاماژە.

.................................

ئەلها : ئارەزوو، مەگیز.

"٧٩"

## "هێـــــرۆ"

چـووزەرە ڕێواسـێك.. لەپێدەشـتێکدا! ئاوێتـەی هەڵاڵـەی گوڵـە هێرۆیـەك بـوو، گوڵالەیـەك چـاوی هـەڵێنا. دەڵـێن: "ئێســتاکانێ هــەمان پێدەشــت و.. شارۆچــکە بــەڕێوە دەبات!"

"٨٠"

## "بارووت"

شەو دەهات.. سەری لـە ناڤبـەر لاقـانی وێ دەخسـتن و.. وێڕای هەر ئۆخەی و، ئۆخژنێك بەخۆی دەگوت:

"لە سروشتدا لەو بۆنەی خۆشتر دەبێت هەبێت؟"

ڕۆژ دەبووەوە! دەئاخاوت:

"پیاو ئەو پیاوەیە.. بۆنی بارووتی لێوە بێت"

..............................

ئۆخژن: چێژێکی کەم و، کورت خایەن.

"٨١"

## "ڕۆژی ڤیــــــــان"

"سێ گوڵیان وێڕای خۆشەویستەکانیان گۆڕی بووەوە"

ئەمیان خەمی لێ هاتبوو، چۆنی بۆ ماڵێ بەرێتەوە ! گەلەك ترسەنۆك بوو سڵی لەژنەکەی دەکردەوە و دەترسا. دنیای لێ ببوو بەچەرمی پاسارىی.

نەژاد کوتی:

"ئەز ڕێـگە چارەسەرێکت بۆ وە بینم؟"

بەهزاد کوتی:

"منەتبارم دەکەی ! "

نەژاد بەپێکەنینەوە کوتی:

"ئێوارە، کـەی بـۆ مـاڵ چـوویەوە بەژنەکـەتی بـدە !) وی حەپەسا !

ئازاد هەڵیدایێ:

"ب کەڤرەکی ل دوو کێشکا دخی*"

هەر سێکیان لەتریقەی پێکەنینیاندا !

*بەکوچکێك دووکێشکان دەنگێوی.

.....................................

کێشکە: چـۆلەکە، پاساری، چڤیك.

"٨٢"

## "فەنتازیـــا"

ئاوێتـــەی یەکـــدی بـــوو بـــوون.. چـــون شـــەپۆلی دەریـــا دەهەژان!

یەکێکیان بەخاوی و لە بەرخۆیەوە دەیگوت:

"بەقوربانت بم پروشە!"

ئەویدیش بەهەمان ڕیتم و لە ژێر لێوانەوە دەپەیڤی:

"سەرەگیان توو خوا پەلە مەکە"

لەکاتێکـــــدا ئەم دووناوە!

نێوی هیچ یەکێ لەمان نەبوون.

....................................

هەژان: ڕاتەکان

"٨٣"

## "کەناچــە"

"دویٚ شەو.. خەونم پیٚوە دیتی!"

"خۆش بوو؟"

"بــــــەدی!"

"چ ناشیرینییەکم! خۆ بەرانبەر نەنواندی؟"

"تۆنـــــــــــــا!!"

"ئــــــەدی؟"

"خــــــۆم"

................................

کەناچـــــــــە: کچ، کەچ، کیژ، دۆت، کەنیشکە، قیز.

"٨٤"

"جـــمک"

لەتیاترۆخانەکە وێك گەیشتن.

"لێرە چ دەکەی؟"

"ئەدی تۆ؟"

....................................

جمك: دوانە، جوتـــــك، تۆم.

"٨٥"

"دڵ"

گوێچکەڵەی ڕاست و چەپ.. سکۆڵەی چەپ و ڕاست.. هەر یەکە و پارچەیەکی دڵی منن ! نە دەکارم، دەستبەرداری پاژێکیانبم و، نەش دەتوانم بە شێکیان لەویدیان بەگرینگ تر بزانم! چونکە خوێنم! لە گشتیاندا گوزەر دەکات.

## "٨٦"

## "چـــاڤ "

دیـدەكانم! هـەر دووك خـۆش گـەرەكن.. هیچـیان لـە وی دییـان بـەبێ هێـز تـر نـازانم! بـە هـەر دووكیـانیش! زێـتر سۆسەی خۆم دەكەم.

سۆسە: سووسە، هەست، بەگومان نهێنی دۆزینەوەی.

## "٨٧"

## "خـــۆر"

لەچاخی سەهۆڵبەندانەوە، چاوم بـە ئاسمانەوەیـە.. ئەمـە خوایە! ڕۆژم لـێ هـەڵبێت! كـەم و كـورت.. لێـرەو لـەوێ، چاوشاركێی دەگەڵ كردووم. بەڵام سەد مخابن! هـەڵهاتنی ئەم كەڕەتەی دوولەت بوو.

جا هەر چەندەش تین و توان و گەرمی خۆی هـەن! وەلـێ پێی خاترجەم و ئاسوودە نیم.

........................................

خاترجەم : دڵنیـــا، ڤەبۆری ، ئەرخـەیان ، بێـــخەم.

"٨٨"

## "تیتـــــــال"

کـوڕی فیوداڵەکـە لـە دیوەخانەکـە، ئـاوای بـە مامۆسـتای گوندەکە گوت:

"تۆ ڕاست دەکەیت! وەلیٚ جەنابی باوکیشم وایفەرموو"

..............................

تیتال : داب و نەریٚت، ئاکار، عادەت، خووڕەوشت.

"٨٩"

## "گولیـــلک"

زۆنگاوەکانی خۆتان جیٚهیٚلاو.. ڕووەو شاخەکان هەنگاوتان نـا! بـە نیـازی لـە هـەر شـویٚنیٚك سـتەم و، چەوسـاندنەوە هـەبیٚت! لەویٚنـدەر، بـبڕن بـەنارنجۆك و بتەقنـەوە. بـەلاٚم ئەفسـووس، چـەتەکانی کۆسـار! بـەردی کیٚوەکـانی پـیٚ ڕەنگ کردن.

"دەڵیٚن ئیٚستە! سەراپا جیٚ پیٚنگاڤەکانتان گولیلکن"

.........................................

ئەفسووس: مخابن، تەعەش، حەیف.

زۆنگاو : زلکاو، باتلاٚخ ، ئەهوار.

"٩٠"

## "سێڤ"

دارسێوێکی بەژن بڵیندی واری هەڵەبجە..جینەیلی خۆی گۆڕیین! پشتیی ئەوەی لەفریودانی دانیشتوانی شارۆچکەکەی خۆی، بەکاریان هانی! کە پرسییان لۆ؟ کوتی:

"نامهەوێ خەجاڵەتی لۆ نەوەکانیشم شۆڕبێتەوە"

..........................................

وار : دەڤەر، نێوچە، مەڵبەند.

"٩١"

## هەژموون

شەوان بە دەست ئەوەوە، ڕەزالەتی بوو. ڕۆژ دەبووەوە، قۆشەنێ بەدەست ئەمەوە، بێزارو بێوازو هەراسان بوون.

..........................

هەژموون : دەسەڵات

قۆشەن : سوپا، لەشکر.

بێواز : بێتووك، وەرس.

## "٩٢"

## "تـــووک"

خەم و کۆڤان و کۆژان! لات خڕ دەبوونەوە.. شەوی لێ دەهات، خەمۆکیی دای دەگرتیی! ڕقت لەداکت و داپیرەت دەبوویەوە.. کە بە منداڵیی! ئەو کارە قێزەونەیان، لەگەڵ کردوی و.. نووکە هەمبەر خودی خۆت و، تەنانەت هاوژینەکەشت کەمتەرخەمیت! هەموو شەوێك تووك و نەفرەت بۆ داهێنەران و بکەرانی ڕەوانە دەکەیت و.. لەوانەی! کە کەعبەیان کردە قەرەبرووت بە تاوان بارتریان دەزانیی. وەلێ بەم خەسڵەتانەت!! هیچ دەژیانی خۆت و شووەکەت ناگۆڕێت! لە بری وە، دەرو دراوسێیەکانت، لە زیان و بڕینی.. ئەو پلە گۆشتە هیشیارکەوە.

.............................

کۆڤان: کۆژان، خەم، پەژارە.

تووك : نەفرەت، دوعای خراو.

"٩٣"

## "مەنسوول"

هەنارێکی قەبەی ئاڵی زار وە خەنـدە.. لـەڕۆخی چـۆمێکی خورِ.. لەباخێکی بەرینی پڕ میوەدا! خۆی بەتەوژمـــــی ئاوەکەداداو، بەقـەڵمبازێك گەیانـدە لای کچـە گەڕیلایـەك.. کە پرسیاریان لیّ کرد؟ کوتی:

"ئاخر! ئەم خێوە نوێیەم.. بەنیاز بوو! بە مـەزەی چـەند پێکە عەرەقێکم وەکات."

....................................

قەبە : ئەستوور.

ڕۆخ : رەخ، قەراخ، لێوار.

خێو : خودان، خاوەن.

## "٩٤"

## "کانـیی"

لە ژێر ساباتێکدا! حەوت و هەشتێك پێکدا هەڵقژان! لە هەمبەردا.. دوو چیمەن گڕیان گرتوو، دوو کانیاوی هیشك ئاویان تێزاو، دوو مرۆی نێرو مێ ئۆخژنیان پێ کەت.

........................

سابات: کەپر

## "٩٥"

## "هەرمـێ"

دوو "هەرمێ کێویلە" لەشەقامێکدا، خۆیان بەر خۆردا.. مۆزێکی کۆنەساڵ، لە عەمارێکی.. ئاوێزان و نوتەکەوە! نزگرەی کەوتێ.

.................................

ئاوێزان : هەڵواسراو.

هەرمێ کێویلە: هەرمێ کرۆسك.

## "٩٦"

## "سێبەر"

كوڕێـك هـەموو بەیانییـەك.. بـەداوێكی ماسـیگرتنەوە، بـۆ سەر ڕووبارەكە دەچوو، پاشترێ.

ژنێك گش ڕۆژانێ پاش كازیوەی بـەیانیی.. بۆسـەر هـەمان ڕووبـار دەڕۆیشــت و..دەسـتێكی بەچـەتر دەكـردو.. لــە پرمەی گریانێی دەدا.

## "٩٧"

## "عـــەرەق"

"دایــی ئیحســان!" لــەكونجی دوكــانێكی نزیكــی قــەڵای كەركووكــدا.. ژیـــان بـــە ســـەر دەبـــات. ئـــەوێ ڕۆژێ حەشاماتێكی، فرە گێجیان دابوو.. باس لـە ئـاوی زەمـزم دەكرا، كە لە هەر شتێ بكەڤێ.. تەنانەت!! گڕیش زەفەری پێ نابات.. ئـەویش پێـك لەسـەر پێـك، عـەرەقی دەكـرد و گەدەی كەیل دەكرد. كوتم:

"ها "دایی ئیحسان!" تۆ بۆ ئەمە چی دەوشیی؟"

چاوێکی لێ کردم و کوتی:

"ئـــەمن یـــەکجارم ئاوێتـــەی عارەقەکـــەم کـــردووە، لێڵـــی کردووە! ئیدی شرۆڤەی دیـــم نیین."

........................................

کەیل: پڕ، دارماڵ، تژی.

گێج : دەور.

## "٩٨"

## "خرچان"

شـــەوێ خـــەڵکێکی زۆر ڕۆنیشـــتبوون! پـــلان و بەرنامـــەی کوشتنیان، بۆ کەروێشکێکی بەستەزمان دادەنا، کە چـەند خرچـــــانێکی کڕانـــــدبووەوە. ئـــــەمیش لـــــە پـــــایین ئەوانەوە..گوێقوڵاخی گوتـەکانیان بـوو. سـەرێکی لەقانـدو واتـی:

"لەوەتای باوانی ئێوە هەن! بەرنامەڕێژییان بۆهیچ شـتێك نەبووە!! خێرە دوو زرکە تاڵی بێ نموود کڕێنراونەتـەوە! ئەم هەموو قسە و باس و بەرنامەڕێژییەی بۆ دەکەن!"

........................................

خرچان: زرك، جۆرە گوندۆرەیەکـــــــــە ڕەق.

"٩٩"

# "ئینتەرنێت"

بەدرێژایی بەژنی ئەو شەوە ! دوو ئافەریدەی ئەڤیندار.. لە دوو ڕەگـەزو، دوو نەتـەوەو، دوو خـاك و، دوو ئـۆل و، دوو كولتوور و، دوو جوگرافیای وێـك نەچـوو! لـە ژێـر سـاباتی عیشـق و خۆشەویسـتی دا، لـە دوا وێسـتگەی داخۆیانـدا، گڵەكە گوتی:

"بنوە دا بێیتە خەونم؟!"

بەرهەمی پەراسووەكە بەرسڤی داوە:

"تۆش بخـــــــــەفە..تا بۆ لام بێیت."

..................................

ئافەریـدە: ئافرێنراو، دروستكراو، خوڵقاو، گووراو.

ئۆل : ئایین، دین.

## "١٠٠"

## "مـــــۆز"

لەبەرسـڤی پرسـیارێکدا، کـە ئـەوی.. تـا ئـەم دەمـەیش میوەیەکی شاهانەیە!

مـــۆز پێکەنی و کوتــی:

"ڕاستە پێشان لەگەڵ میوەکانیدیدا.. سفرەی خـوا پـێ داوانم دەخەملاند! لێ نووکە ژنی بەرپرسەکانی ئێـــــوە! ئەرکێکی دییان لە ئەستۆ ناوم" کوتم:

"وەکـــــــو؟!" کوتی:

"لە خۆیان وەپرسە.. شەرمم بەخۆیـــــــــــە!"

..............................

خەملاندن : ڕازاندنــــــەوە.

نووکــە : نها، ئێستا، نهۆ، ئێستێ.

## ((فەرهەنگۆك))

لەنووسینی ئەم نوقڵە چیرۆکانەدا، بڕێك پەیڤ و وش و زاراوەی وام دەکارهێناوە، لەگوینە تا ڕادەیەك بخوێنی ئاسایی.. پێیان ئاشنا نەبێت و، لێیان هەڵوێستە وەکات. جا دەسەر خواست و پێشنیاری چەند نویسیارێکی هێژا! ئەم فەرهەنگۆکە چووکەم بەماناو واتای هەندێك دەو واژانە شرۆڤەو لێکداوەتەوە. دەبێت ئەوەش بێژم! کە تەنیا ئەو مانایانەم لە بەرچاو گرتوون، کە بۆچاترو زیاتر تێگەیشتن.. لە مەبەستەکان پێویستن، دەنا چەندان مانای فەرهەنگییان هەن.

ئـ

| | |
|---|---|
| ئـــــــال | لا ، نك ، كن ، تەك ، تەنيشت. |
| ئاخ | خـــاك. |
| ئـــايـــــل | منالّ ، زارۆك ، زارۆ ، زارۆڵە . |
| ئـــاررزش | بەها ، نرخ ، بايى، ئەررزش. |
| ئـــافراندە | ئافەريدە ، گووراو ، خولّقاو. |
| ئاپـــــۆرە | كۆماى خەڵك پێكڤە . |
| ئـازمـايـش | ئەزموون ، تاقيكردنەوە . |
| ئـــاوێـزان | شۆڕەوەبوو ، هەڵواسراو. |
| ئـــەڵـهـا | ئارەزوو ، هەوا ، مەگێز. |
| ئەفسـووس | مخابن ، تەعەش ، حەيف. |
| ئـــــاژێـر | چالاك ، گورج وگۆلّ. |
| ئـەرخەيان | دلّنيا ، ڤەبۆرى ، خاترجەم. |
| ئامـــــێز | هەمێز ، باوەش ، ئاغۆش ، هەمبێز. |
| ئـــــاوەلّ | هاوڕێ ، برادەر ، هەمراز، هەڤالّ ، هەڤڕێ. |
| ئـەنگێزە: | هۆ ، فاكتەر ، سۆنگە ، هاندەر. |
| ئێـــگــا | ئيمجا ، ئەمجا ، وێجا ، ڤێجا . |
| ئـۆڵكــــە | مەڵبەند ، ناوچە ، وار ، دەڤەر. |
| ئـــۆردوو | لەشكر ، سوپا ، قۆشەن. |
| ئاكـنـجـى | نيشتەجێ، خۆجێ، دانيشتووى جێگەيەك. |

| | |
|---|---|
| ئاسیو | بەڵا . |
| ئـــــۆل | ئایین ، دین. ئاینزا. |
| ئــــەوق | قەتیس ، گیرخواردوو. |
| ئەنگوست | قامك ، تبل ، پەنجە ، پۆنجك. |
| ئێڤەلــــی | سەرسەریی. |
| ئیکە | ئیتر، ئیدی. |
| ئۆخژن | چێژێکی کەم و، کورت خایەن. |
| ئاومــاڵ | ماسیحە. |
| ئارمیش | ئاورێشم. |
| ئەتوار | ڕەوشت و کردەوە |

ب

| | |
|---|---|
| بــــــەدەو | جوان ، قەشەنگ ، ڕنــد ، ڕەنــد ، شەپال. |
| بەتــــرف | خراو ، بێ کەڵك. |
| بنگوســـت | بست ، بۆست ، بنگوس. |
| بــەڵـــەد | شارەزا ، ڕێنوێن ، ڕێزان. |
| بـالــیــف | سەرین ، سەنیر ، سەنگیا ، سەرینگا. |
| بـەینەت | ئەمەگ ، وەفا. |
| بــــەرك | گیرفان. |
| بەرخـوورد | مامەڵــــــــــە. |

| | |
|---|---|
| بێتـــــوك | بێتاقەت ، جارز ، وەڕس، وەڕز. |
| بیانـــــگ | بەهانە، بیانوو، ئەنجەت ، پەڵپ ، هەنجەت. |
| بـــــێواز | وەڕس ، جاڕز ، وەڕەز ، بێمەیل. |
| بەڵانەکینێ | بەڵام، بەڵان ، وەلێ ، ولی ، لێ ، بەڵانەکێ. |
| بژۆێـــــن | سەوزەڵان ، زەبەن. |
| بێـــــلا | هەیـــــوان |
| بەرایی | بەراهیی، ســـەرەتا، دەســـتپێك. |
| بارتەقا | باتەقا، هەمبەر. |
| بەژا | هاوتەمەن |
| بنووس | نووسەر، نڤیسەر، نڤیسار، نڤیسکار. |
| باندۆر | کاریگەر. |
| بوولێڵ | تاریك و ڕوونی بەیانیی. |
| بناشت | دەمەبۆڵە، شەرەقسە. |

## پ

| | |
|---|---|
| پـــــاژ | پار ، بەش، پشك، پرت، پل. |
| پشـــــتی | ئەو دیوی هەر شتێ ، پاش |
| پـــــاوەن | قەدەغە ، قۆرخ، مۆنۆپۆل. |
| پەنـــــی | دیـــــار ، ئاشکرا. |
| پـــــێوار | نادیار ، پەنهان ، غەیب، شاراوە ، ئەرەج، |

| | |
|---|---|
| | نەپەنی، ون، بزر. |
| پەنگـــــــر | پەڕەنگ، پشکۆ، سکلّ ، پولوو ، ئەسکلّ. |
| پـــــەژیوان | ژیوان ، پەشیمان ، پژمان ، ڕیڤان. |
| پـــــەخـش | بلاّو ، وەشان. |
| پـــەرسـڤ | وەلاّم ، وەرام ، بەرسڤ. |
| پریاسکە | پرێسکە ، بوخچەی لە دەسرۆکە. |
| پەشـــکیر | خاولـــــــــــــــــی. |
| پــــۆخـــلّ | پیس ، ملەوەس ، چەپەلّ ، چلّکن، قرێژ. |
| پــــەلّـــپ | بیانوو ، بیانگ ، بەهانە. |
| پـــــــاژ | پار ، بەش، پشك، پرت، پل. |

ت

| | |
|---|---|
| تـــــــاو | کات ، دەم ، گاڤ. |
| تـــەخـــال: | مندالّی چووك. |
| تـــــــەز | ســـــــارد ، تەزی ، چێوی. |
| تـــەیمان | تامان، چەپەر، پەرژینی لە شوول چێکراو |
| تـــــــــژی | تژە، پڕ، لێواولێو، دارمالّ، کەیل، گۆزان. |
| تـــەکـــووز | ڕێکوپێك ، لەبارو بێ کەموکورتی. |
| تـــــــەوار | میوینەی هەلّۆ ، مێنەی باز. |
| تەتیخـــانە | تەتی ، سەراو ، سراو ، ئاودەسخانە. |

| | |
|---|---|
| تفنـــــــك | کەپوو ، لووت ، دفن. |
| تەناهـــــی | ئاسوودەیی ، خۆشیوئارامی. |
| تـیــــــز | گاڵتە، تەوس ، قەشمەری ، تەڤز. |
| تبـــــل | قامك ، ئەنگوست ، پەنجە ، تلی ، كلك. |
| تـــخووب | سنوور ، سەرحەد ، کەوشەن ، مەرز. |
| تـــەڵفیی | گەمەوگەپ ، گەپجاڕی ، سوحبەت. |
| تـــەشقەڵە | تەشخەڵە ، گەڕ ، شەرِپێ فرۆتن. |
| تەنەخـــی | درێخی ، کەمتەرخەمی ، خۆبواردن. |
| تایــــن | فـلان ، گـۆرین ، نێـوبراو ، بێڤـان ، فیسـار، ئەوی خۆمان دەیزانین. |
| تەمـــــا | ئومێد ، هیوا ، هێڤی ، ئاوات. نیاز. |
| تـــــنێ | تەنێ ، تەنیا. |
| تامان | چەپەر. هەڤرا: پێکەوە. |
| تـەمـیـز | پاك ، خاوێن ، پاكژ ، پاریاو. |
| تـــەڤـ | گش ، هەمی ، هەموو ، خڕ. |
| تاخ | گەڕەك |
| تیتال | داب و نەریت، ئاکار، عادەت، خووڕەوشت. |
| تووك | نەفرەت، دوعای خراو. |
| تەبت | ئارامی و هێمنایەتی. |
| تەسحیب | تەزبیح، تەسبیح، تەزیی. |

| | |
|---|---|
| تەڤ | هەموو، گشت، خڕ. |
| تەرز | تەحر، شێوە، جۆر، ئاوا. |
| تۆرەمە | نەوە، زاتۆرە. |
| تەمەری | خۆراکی باڵندە. |
| تەشک | بیچم، شکل |
| تەشک | داوێن |

ج

| | |
|---|---|
| جـــوڕك | توورەکە ، خورجێن ، توور. |
| جـــاڕز | وەڕز ، بێزار ، بێواز. |
| جـــارێ | کاوێ ، کەڕەتێ. |
| جەڤەنگ | شۆخی ، گەمە ، گاڵتە ، حەنەك. |
| جەخـار | خەم ، پەژارە ، کۆڤان ، کۆژان. |
| جغز | هێڵی بە دەور، کێڕی کرۆڤەر. |
| جنگن | شەڕانی. |
| جەندەك | لاشە، تەرم |

چ

| | |
|---|---|
| چـــۆرتم | بەڵا ، بەسەرهاتی خراو ، قۆرت. |
| چـــووك | چکۆڵە ، بچووك ، قنج. |

| | |
|---|---|
| چـمــا | بۆچی ، ئەڕا ، لەبەرچی. |
| چـتـۆ | چۆن ، کوو ، چلۆن ، چتۆڤ. |
| چـەلەنگ | ئازا ، عەگید ، چوست. |
| چەرمـگ | سپی ، چەرموو ، گەور. |
| چەمەدان | جانتا. |
| چەنگل | قولاپ |
| چەپەر: | تەیمان، تانۆك. |

ح

| | |
|---|---|
| حانـــــد | بەرانبــەر ، ئاســت ، هەمبــەر ، حــەن ، هەڤبەر. |
| حەشیمەت | کۆبوونەوەی مەردمێکیی فره. |
| حەنەك | سوعبەت، شۆخی، گاڵتە، گەمە. |

خ

| | |
|---|---|
| خـــودك | خوو ، خدی. |
| خـــڕك | خیزی پڕمشت ، زیخی درشت. |
| خـــورج | هەگبەی لەبـــەن ، جەواڵـــی چووك. |
| خەملانــدن | ڕازاندنـــــەوە |
| خـــووڕ | ئاوی بەتەوژم، چۆمی ئاوی سەر بەرەو خواربێ. |

| | |
|---|---|
| خرچـــــان | گـــــــــــــــندۆرەی ڕەق. |
| خیــــــز | زیخ ، ڕیخ، چەو ، وردکە بەرد. |
| خاپینۆك | فریبۆك ، فێلباز |
| خودیـك | ئاوێنە ، نەینۆك ، قودیك ، خوەدیك. |
| خوشـیك | ناسك و نازدار. |
| خیــــۆ | خودان ، خاوەن |

د

| | |
|---|---|
| دیـــــارد | ئاماژە ، هێما ، ئیشارە ، ئاماج. |
| دژوێـــن | چڵكن ، پۆخڵ. |
| دوێــتـــە | كیژ، دۆت، كاچە، كەنیشك، كناچە، دوێت. |
| دلـــۆڤان | دڵنەرمی ، خاوەنبەزەیی ، میهرەبان. |
| دنـەدان | هاندان ، لاسدان ، فیتدان. |
| دەم | كات ، حەین، گاڤـــــــــ ، تـــاو. |
| داڵگۆشت | هەردەم لەڕ ، لاواز. |
| دەلـیڤە | هەل ، فرسەت ، دەرفەت ، كێس. |
| داڤــــی | دوایــــــی. |
| دالەهی | گازندە، سكاڵا، گلەیی. |
| دەردوور | دانــدۆر، دەوروبــەر. |
| دووماهی: | دوایـی. |

| | |
|---|---|
| دەهۆ | فێڵ، تەڵەکە. |
| دەوس | شۆپ، جێپێ. |
| دەهەندە | بەخشندە، دڵاوا. |

ڕ

| | |
|---|---|
| ڕەین | هزر ، هۆش. |
| ڕژیی | لاواز ، بنێس ، لەڕ. |
| ڕەز | باخی ترێ. |
| ڕۆخ | لێوار ، قەراغ ، دەمچەم ، کەرخ. |
| ڕۆنیشتن | دانیشتن. |
| ڕەزا | چارە ، فۆرم ، شکل. |
| ڕاز | نهێنی ، سڕ. |
| ڕموودە | ئۆگر ، ئالوودە، هۆگر. |
| ڕینگاڵپۆش | کەسێك جلکی کۆنە لەبەر بکات. |

ز

| | |
|---|---|
| زەندەق | وره ، نەترە ، هەترەش. |
| زراڤ | باریك ، لاواز. |
| زڤڕاند | سوڕان ، خولخواردن ، زڤڕین. |
| زاگە | زێد ، شوێنی لەدایکبوون. |
| زاروڵە | منالً ، زاروك ، ئایل. |

| | |
|---|---|
| زێتـــــــر | زیاتر ، زۆرتر ، زافتر ، پتر. |
| زرنـــــگ | زیرەك ، وریا ، وشیار. |
| زارەترەك | زۆرترساو ، لەترسان تۆقیو. |
| زەرد | تیشە شاخی زۆر بڵیند. |
| زگار | کزو کەنەفت و دڵ بەخەم |
| زەڤی | زەوی، هەرد، عەرد. |
| زنە | کانیی چـــــکۆلە. |
| زاڵگە | بازگە، سەیتەرە. |

ژ

| | |
|---|---|
| ژاژەڵان | قامیشەڵان ، ئەهـــــــوار. |

س

| | |
|---|---|
| ســـــاپیتە | ساپیتك ، میچیخانوو ، سەقف. |
| ســـــانـــــا | ئاسان ، نەدژوار. |
| ســـــۆســـــە | سووســـــە، دونکـــــە، هەســـــت، بـــــەگومان دۆزینەوەی نهێنی. |
| ســـەنـــگین | قورس ، گران. |
| ســـــەقیل | دەسقووچاو ، ڕژد ، ڕەزیل. |
| ســــۆنگە | هۆ ، لەبەر ، بەهۆی ، ئەنگێزە. |
| ســــوبگتەر | زیاتر ، زێتر ، زافتر. |

| | |
|---|---|
| ســـــــۆب | بەرەبەیان ، سبەینێ ، فەردا ، شەبەق. |
| ســـــەراب | سەراو ، تراویلکە ، ڕەوڕەوك. |
| سـەحــــەن | دەفری چێشت خواردن ، لەگەن. |
| سەحــــــەر | بەرەبەیان ، کازێوە. |
| ســــــۆز | پەیمان ، بەڵێن ، گفت ، هەرێ. |
| سەرشۆرك | گەرماو ، حەمام. |
| سەرەن | وەکی بێژنگە، لێ کونەیلی درشتترن. |
| سەقیل | ڕەزیل، قرچۆك، ڕژد، چکۆس. |

ش

| | |
|---|---|
| ـــەقـــاو | هەنگاو ، پێنگاڤ ، لۆق. |
| شــــنــــگ | هێز ، تاقەت ، توان ، تین. |
| شـــەنـــگ | جوان و ڕێکوپێك. |
| شـــەخەل | شخەڵ، شوینێك پڕگیاو داری نوێ شینبوو. |
| شـــرۆڤــە | لێکدانەوە ، شرۆ. |
| شـارۆکـــە | شارۆچکە ، شاری بچووك. |
| شەتڵەکـچ | بـە مانـای ئـەو کچـانە دێـن خوێنیـان نـە دیتـــووە، واتە: سەرو عوزر شۆر نین. |
| شۆپ | جێپێ، دەوس. |
| شاندان | پێشـــــــاندان |

| | |
|---|---|
| شـــەقــاو | هەنگاو ، پێنگاڤ ، لۆق. |

ع

| | |
|---|---|
| عـــــەگید | ئازا ، بوێر ، جوامێر. |

ف

| | |
|---|---|
| فـــــەدی | شەرم ، خەجاڵەتی ، فەهێت. |
| فــڕنـــــدە | باڵەفر ، مەل ، باڵدار. |
| فــاکتـــەر | ئەنگێزە ، هۆ ، سۆنگە. |
| فەرسد | شارەزا، بەڵەد. |
| فراوین | جەمی خواردنی نیوەڕۆ. |

ڤـ

| | |
|---|---|
| ڤێگاڤـــێ | نەها، ئێستاکێ، ئێستاکانێ، نووکە، نها، نهۆ. |
| ڤێجـــــا | ئەوجا ، ئینجا. |
| ڤانــــــی | ئاوا ، بەمجۆرە. |
| ڤـــــین | ڤیان ، خۆشەویستی. |
| ڤێــــرە | ئێرە ، ڤێرا ، ڤێرێ، ڤرا، ڤر، ڤیرێ، ئێــرە. |
| ڤـــــاژی | ئاوەژوو ، بەرەواژ. |
| ڤـــــەبوو | کرایــــــــەوە. |

ق

| | |
|---|---|
| قـــیچـــەك | پیچەك ، کەمەك ، نەختەك ، کەمێك. |
| قۆشـــــەن | لەشکر ، سوپا ، ئۆردو. |

| | |
|---|---|
| قەبـــــــە | ئەستوور. زەلامی ناقۆلا. |
| قــــــوچ | بلێنـــــــــــــــد. |
| قـەلەزراو | ترسەنۆك. |
| قـۆڕن | سووچ ، تاوان. |
| قـــەرا | ئەندازە ، ئەنازە ، قەدەر. |
| قەفـــت | دەسك، چەپك، دەســـــكە گوڵ و گەنم. |
| قـــــاو | بەری ڕووەكێكی ئەو شاخەیە، وەكی پـــەمووە |

ك

| | |
|---|---|
| كـــاچـــە | كچ، دوێتە ، دۆت ، كەنیشك ، كیژ ، كناچە. |
| كەنیشـكە | كەچ، كیژ، كناچیێ، كناچە، دوێت، كەینەك |
| كـارەڕات | كارەسات ، بەسەرهاتی ناخۆش. |
| كـۆزیلكە | نزیكبوونەوەو ، سەر بەیەكدا كردن. |
| كێشمەكێش | پەتپەتی ، بگرەو بەردە ، ئاستەنگ. |
| كەوشەن | تخووب ، سنوور ، مەرز. |
| كـلۆم | قفلّی دارینی دەركە. |
| كـــــــن | نك ، لا ، جەم. |
| كـاویێ | جاریێ ، كەڕەتیێ. |
| كەیـــل | پڕاوپڕ ، دارماڵ ، لێوانلێو، تژی ، لیپاولیپ. |
| كـونج | ســـــــــووچ ، قوژبن ، گۆشە. |

| | |
|---|---|
| کـۆ | چیـــا، شـــاخ ، کێـــو ، کەژ. |
| کەڤر | کوچك، بەرد. |
| کتــك | پشیلە، پشیك. |
| کڤر | گورپە، نێرەی پشیلە |
| کۆڤان | کۆژان، خەم، پەژارە. |
| کزۆت | جلکی بووکێنی . |
| کێشکە | چـــــۆلەکە، پاســــــاری، چڤیك. |

گ

| | |
|---|---|
| گوشــاد | فرەوان ، ئاواڵە. |
| گوێـن | لەڕەنگ ، لەجۆر. |
| گوێــل | پڕدەست بەقولکراوەیی. |
| گـۆساخ | چاوقایم ، شەڕانکەر. |
| گـلەتـێ | جارێ ، کەڕەتێ. |
| گـیرۆدە | ئالوودە ، ڕموودە ، هۆگر. |
| گـــۆت | گوتی ، واتی ، وت ، وات ، ئاخافت. |
| گـورجـێ | خێرا ، بەپەلە ، گورج ، بلەز. |
| گـوڵشـەن | باخچە ، گوڵجار. |
| گــاهـ | کات ، دەم. |
| گەمــە | گاڵتە، جەڤەنگ ، حەنەك ، شۆخی، یاری. |
| گۆریـن | نیۆبراو ، تایین. |

| | |
|---|---|
| گـــرار | چێشت ، ئاش. |
| گش | گشت، هەموو، هەمی، تەڤ ، خڕ. |
| گوڵـــم | مستێك ئاو ، لمـــــــــچ. |
| گەڕناس | ئازا، بوێر. |
| گاوگەردن | قوربانی. |
| گەرەمۆڵ | قەرەباڵغ. |
| گاهەس | لەوەیـــــــــە، ڕەنگە. |
| گــێج | دەور. |

ل

| | |
|---|---|
| لــەز | خێرا ، پەلە، بلەز. |
| لاقرتێ | گەمەوگاڵتە، لاقردێ، شۆخی. |
| لەگوێــنە | ڕەنگە ، وێچێ ، لەوەیە ، لەگینە. |
| لــێ | بەڵام، وەلی، وەلێ، بەڵان، بەڵانەکینێ، بەڵانەکێ |
| لـــــەگیــن | ڕەنگە ، وێچێ ، لەوەیە ، پێچێ. |
| لـــــــۆچ | چرچ، لچ، لێوی خوارەوە. بۆچی، چما، لۆ. |
| لوێــچ | لاوێچ ، گوێلێ بەنیوە. |
| لڤی | جـــــــــوولاَ، جمیا. |

م

| | |
|---|---|
| متا | جۆر ، تەرز ، ڕەنگ ، تەحر. |
| ماچۆ | گوتی ، وتی ، واتی ، پەیڤی. |
| مرخ | حەزلەدڵەوە ، تەماح. |
| مژوول | سەرقاڵ ، خەریك. |
| مکوڕ | پێداگریی، شێلگیر ، سووربوون لەسەر شتێ. |
| مەعلان | لێزان ، پسپۆڕ ، شارەزا. |
| مۆڵەت | دەرفەت ، هەل ، ماوە. |
| مەردم | مرۆ ، بەشەر ، مرۆڤ ، مەردوم ، مەرڤ. |
| ماڵبات | خانەوادە ، بنەماڵە. |
| میان | میانە ، نێوان ، مابەین. |
| مەگیز | ئیشتیا ، مەیل ، حەز. |
| مازووڤان | ئەو کچانەن دەنێو فڕۆکە خزمەت دەکەن. |
| مۆچیاری | ئامۆژگاری. |
| میانە | نێوان ، میان ، ناڤبەر، نێوەڕاست. |
| مینا | بینا ، وەك ، چون ، وەکی، نۆلا ، چاوا. |
| مۆتە | مۆتەکە، شەوە، کابوس. |
| مۆریە | زیندەوەر، حەشەرە. |

ن

| | |
|---|---|
| ناوان | مەڵبەند ، ناوچە ، دەڤەر، وار. |

| | |
|---|---|
| نـووکـه | ئێستە، ئێستێ، نهۆ، هەوکە، هەنووکە، نها. |
| نـك | کن ، لا ، تەنیشت ، جەم. |
| نـاکارم | نکارم ، ناتوانم ، نەشێم. |
| نەپەنـی | نادیار ، نهێنی ، پێوار. |
| ناڤـبەر | نێوان ، میانە. |
| ناگەهـان | ناکاو ، لەپڕ ، گوزوکومبەت ، ژنشکیڤە، ژگرڤە. |
| نەفـرەت | نەفرین ، لەحنەت ، لەعنەت. |
| نــوا | پێشەوە. |
| نەهــا | نهۆ ، نها ، نووکە ، ئێستێ. |
| نازاڤ | تێر ئاو. |
| نـەترە | ورە. |
| نەخـامە | خەسما ، نەمازە ، بەتایبەتی. |

و

| | |
|---|---|
| وەتـاغ | وەتاخ ، ئۆدە ، ژوور، هۆدە. |
| وەلـفـەت | ئۆگری ، خوپێوەگرتن ، هۆگری. |
| وێــڕا | لەگەڵ ، دەگەڵ ، ڤێڕا ، هەڤڕا. |
| وار | شوێن ، مەڵبەند ، دەڤەر ، ناوچە. |
| واز | کراوە ، بەش ، والآ ، ئاچووخ. |
| واز | حەز ، ئارەزوو ، کەیف. |

| | |
|---|---|
| واز | ئاگا ، زەین. |
| واتـــش | وتی ، ماچۆ ، وات. |
| واتـــی | گۆت ، وت ، گوتی. |
| وات | واتی،وتی،کوتی. |
| وش | وشە ، واژە ، پەیڤ. |
| وت | وتی ، واتش. |
| وێســتا | ئێستا ، ئێستە ، ئیستێ ،ن ووکە. |
| وێــچێ | ڕەنگە ، لەوانەیە ، گاهەس. |
| واسەگری | ئێشکگرتن. |
| واران | ڤاران، بــــاران. |
| وەرکەوت | ڕاکشا. |
| واژە | وشە، پەیڤ . |
| وەوی | بووك. |

هـ

| | |
|---|---|
| هــایم | سەرگەردان ، وێڵ ، بێ دەرەتان. |
| هەوکـە | نهۆ، ئێستە، نوها، نووکە، ئرنگە، هەنووکە. |
| هەسارە | ئەستێرە ، ستارە ، ستێرە. |
| هیشتاکونێ | یەشتا ، هێشتاکو ، هێشتان ، هێمان. |
| هێمـان | هێشتان ، هەڵای، هێشتاکینێ. |
| هـەنکی | ئەوەندە ، هێندە. |

| | |
|---|---|
| هۆمەن | هێرش ، شاڵاو ، پەلامار. |
| هامراز | هاودەنگ ، هاوڕێ ، ئاوەڵ ، هاوەڵ. |
| هەنگێ | هەینێ ، ئەوسا ، هەینێ. |
| هەنگینێ | وێجا ، ڤێجا ، ئینجا ، دواتر. |
| هەیدی | بەڵێ ، بەڵا ، ئەرێ. |
| هەرێ | پەیمان ، چۆڤان ، سۆز. |
| هەیهێز | غیرەت ، خیرەت ، ئازایی. |
| هەدا | سەبر ، حەوسەڵە. |
| هەدار | ئارام ، ئۆقرە. |
| هەڤڕا | وێڕا، لەگەل. |
| هەڤڕێ | هەمراز، هاوڕێ، ئاوەڵ. |
| هەڤراز | هەوراز، ئەوراز، ڤێهەل. |

ی

| | |
|---|---|
| یەخچاڵ | سەهۆڵدان ، سەلاجە. |
| یەشتا | هێشتا ، هێمان ، هێشتان. |

..................................

## چیرۆكنووس حەمە سەعید زەنگنە

* سـالّی (١٩٥٧) لەشـاری كـەركووك لـەدایكبووە، لـە كۆتـایی هەفتاكانـەوە بەرهـەمی ئـەدەبی و، ڕۆژنامـەوانی بـڵاو دەكاتـەوە، لـەقاهیرەی پێتـەختی میسر سـالّی (٢٠٠٦) خـولێكی ڕۆژنامـەڤانیی دیتووە.

ئەم بەرهامانەی بەچاپ گەیاندوون.

* پرسـیارە نەزۆكـەكان، كۆچـیرۆك، هاوبـەش ( ٢٠٠٠ كـەركووك) نووسینگەی عەبدلوەهاب ئاوچی.

* ژوانێكی لەیادكراو، شیعر، دوو بەش: پاژی دووەمی بۆ هـۆنراوەی منداڵان تەرخان كراوە (٢٠٠١) چاپخانەی نووسینگەی عەبـدولوەهاب ئاوچی، كەركووك..

* ئاوێزە/١ _ لەئاوای كۆوارە (٥١) نووسەری گەرمییان پشكدارییان كـردووە، ئـەم ئامـادەو، سەرپـەرشـتی و، پێداچـوونەوە و هەڵـەبڕیی كردووە، سالّی (٢٠٠١) لـە نووسـینگەی عەبـدولوەهاب لـە كـەركووك بەچاپ گەیشتووە.

* ئـاوێزەی/٢ ئامـادەكردن (٢٠٠٢) وێـڕای سـەباح ئیسـماعیل، لـە كەركووك لەچاپخانەی ئەدیب چاپ كراوە.

* زەردەمـار، نۆڤلێـت (٢٠٠٢ کـەرکووك) چـاپخانەی عەبـدولوەهاب ئاوچـی. چـاپی دووەمـی سـاڵی (٢٠٠٥) لقـی کـەرکووکی یـەکێتیی نووسەرانی کورد لە چاپخانەی ئارەبخا بە چاپی گەیانـدووە. دواتـر بەنێوی (الصل) لەلایەن عـەلی بـەرزنجیی سـاڵی (٢٠٠٧) بەعـەرەبی کـراوەو، کۆمەڵـەی هونـەرو وێـژەی کـوردی، لەچـاپخانەی ئارەبخـا چاپی کردووە.

* ئەنفالسـتان، ئامـادەکردن، دیـاریی ڕۆژنامـەی سـێبەر، سـەر بـە کۆمەڵــەی هونــەرو وێــژەی کــوردیی (٢٠٠٥) چــاپخانەی ئارەبخــا، کەرکووك.

* چـاوبڕکێی سـەرزورگەکان، کـۆ چـیرۆك، لـە چـاپکراوەکانی لقـی کــەرکووکی یــەکێتیی نووســەرانی کــورد، چــاپخانەی وەزارەتــی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٥. دواتر کـراوە بەعـەرەبی، بـەنێوی (غمـزات علی مشاریف التلال) لقی کەرکووکی یـەکێتیی نووسـەرانی کـورد لـە چاپخانەی ئارەبخا، ساڵی (٢٠٠٨) بەچاپی گەیاندووە..

* کۆڤان دەنگ بە دەسـەڵاتی کـوردیی نـادات، ئامـادەکردن لەگـەڵ لەتیف فاتیح فەرەج، ساڵی (٢٠٠٦) چاپخانەی ئارەبخا، کەرکووك.

* بیبلیۆگرافیای (١٠٠) کتێبی لقی کـەرکووکی یـەکێتیی نووسـەرانی کورد، چاپخانەی ئارەبخا(٢٠٠٩) کەرکووك.

* ئافرەت و وەرزش، لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، ئـەم کردوویـە بـەکوردی و سـاڵی (٢٠٠٨) لەچـاپخانەی وەزارەتـی ڕۆشنبیریی/ هەولێر بەچاپ گەیشتووە.

* ١١١ نامەی عاشقانە، کۆمایەك نامەی عاشقانەی مـەم و زینـەکانی شـــاری کەرکووکـــە، ئـــەم ئـــەرکی کۆکردنـــەوە و هەڵـــەبڕی و پێداچوونەوەی دە ئەستۆ گرتووە، ساڵی (٢٠١١) بەچاپ گەیشتووە، لەچاپکراوەکانی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردە.جارێکی دی لە بەغدا چاپ و بڵاوبووەتەوە.

* حیبـزە فـرە جەماوەرەکـەی گوڵابـاخ، کۆچـیرۆك، سـاڵی (٢٠١٠) لـــەبڵاوکراوەکانی لقـــی کـــەرکووکی یـــەکێتیی نووســـەرانی کـــورد، چاپخانەی ئارەبخا. دواتر بەنێوی ( حزب گوڵەباخ الجماهیری) عـۆف عەبدلرەحمان بە عەرەبی کردووەو، سـاڵی ( ٢٠١٣) لقـی کـەرکووکی یەکێتییی نووسەرانی کورد، لەچاپخانەی کارۆ بەچاپی گەیاندووە.

* پـۆرترێتی کـەرکووکییان، بـەرگی یەگـەم، سـاڵی (٢٠١٣) لقـی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کورد، چاپخانەی کارۆ.

* خۆڵەمێشی تەرمی کتیبێك، ڕۆمان، سـاڵی (٢٠٢١) بڵاوبووەتـەوەو لە تاران چاپ بووە.

* سەرپەرشـتیی دەیـان ڤیسـتیفاڵ و کـۆڕی ئـەدەبی و، بەشـداریی دەیان فیستیفاڵی لە دەرەوەو ناوەوە کردووە.

* سەرپەرشتیی و پێداچـوونەوە و هەڵـەبڕیی زێـتر لـە (٥٠٠) کتـێبی نووسەرانی شاری کەرکووك و خورماتوو و بەغدای کردووە.

* سەتان گوتارو ڕاپۆرت و ڕێپۆرتاژ و بەدوادا چـوونی ڕۆژنامـەوانی، لـــەکۆوار و ڕۆژنامەکانـــدا بـــەنێوی خـــۆی و، نـــاوی خـــوازراوەوە بڵاوکردوونەتەوە.

* لەژمارە (١)ەوە چون ئەندامی دەستەی نووسەران و، بەڕێوەبەری نووسـین و، جێگـری سەرنووسـەری، کـۆواری نەوشـەفەق کـاری کردووە، تا زێتر لە (٧٠) ژمارە.

* لە ژمارە (٦٥_١٢٤) لەهەفتەنامەی باسەڕە، بەرێوەبەری نووسین بووە،

* لەژمارە (١٨_٨٥)ەوە وەکو بەرێوەبەرو، جێگـری سەرنووسـەری گۆڤاری گزنگی سەر، بـەلقی کـەرکووکی یـەکێتیی نووسـەرانی کـورد کاری کردووە.

* لـەژمارە (٢٤_٧٩) و دوومـاهی، سەرنووسـەری گۆڤـاری منـاڵانی باوەگوڕ گوڕ بووە.

* لەژمارە (١_٣٢) و وەسـتانی! سەرنووسـەری کۆواری حاجیلـەی مناڵان بووە، کە هەر ژمارەیەك زێتر.. لە سەت بابەتی مناڵانەی تێدا هاتووەتـە وەشـان و، مناڵانـانی زۆربـەی شـارو شارۆچـکە و.. گوندەکانی کورستان، پشکدارییان تێدا کردوون.

* لـەژمارە (١_٣٣) تاوەسـتانی سەرنووسـەری مانگنامـەی سـێبەر بووە، لەکۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی.

* سەرنووسـەری گۆڤـاری نوگرەسـەلمان، سـەر بـەلقی کـەرکووکی ڕێکخراوی چاودێریی کوردۆساید(چاك).

* جێگری بەڕێوەبەری هەیڤنامەی ئافریدە، بەنێوی خوازراوی کۆژان کـەرکووکی، کـە ئەنجوومـەنی پارێزگـەی کـەرکووکی.. یـەکێتیی ئافرەتانی کوردستان دەریکردووە.

* ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤـاری تـۆپزاوە، لقـی کـەرکووکی ڕێکخراوی (چاك) لەکەرکووك دەری دەکرد.
* سکرتێری گۆڤاری (الادیب الکوردی) بەغدا.
* بەڕێوەبەری گۆڤاری ڕۆژی کەرکووك.
* بەڕێوەبەری سایتی خۆری کەرکووك.
* سکرتێری کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی، لقی کەرکووك.
* جێگری سەرۆکی لقی کەرکووك بۆ دوو خول.
* ئەنـــدامی دەســـتەی کـــارگێڕیی ڕیکخـــراوی چـــاودێریی کوردۆساید،چاك.
* بەرپرسی ڕێکخـراوی یەسـنا بـۆ بـە دیکۆمێنـت کردنـی گـەلکوژیی کوردان.
* ئەندامی ئەنجوومەنی دەزگەی ڕۆشەنبیریی شەفەق.

* لەساڵی (٢٠٠٣) وێڕای نووسەرو وەرگێڕ حەمـە کـەریم عـارف، کـە ئەو دەم سەرۆکی لقـی کـەرکووکی یـەکێتی نووسـەرانی کوردبـووە.. بەڕاوێژ لەگەڵ دکتۆر عیـزەدین مسـتەفا ڕەسـووڵ سـەرۆکی یـەکێتی نووسەرانی کورد. جارێکی دی لقی کـەرکووکی یـەکێتیی نووسـەرانی کورد.. نۆژەن و هەموار دەکەنەوەو، گش نووسەرانی ئاکنجیی شاری کەرکووك، کە پێشتر لەیەکێتیی ئەدیبان و نووسەرانی عێـراق ئانـدام بوونــە! جـارێکی دی لەیــەکێتیی نووســەرانی کــورد، بەئەنـدامیان دەکەنـــەوە. تاکـــە کـــەس بـــووە! نووســـەرانی کـــەرکووکی کۆکردووەتەوەو، بارەگـای بـۆ گرتـوون و، کەرەسـەو کەلوپەلـەکانی

بــــۆدابین و، کۆنفرانســــی ئــــازادی لەکــــەرکووك ئەنجامــــداوەو.. سەرکەوتنێکی مەزنی بەدەستهێناوە. هەروەسا تاکە نووسەر بووە، هەمی نووسەرانی نێو شاری کەرکووك و، خورماتووی لەیەك نزیك کردووەتەوەو، بە یەکدی ئاشنا کردوون.

* زێــتر لەچــل خــەڵات و چــل ڕێــز لێنــانی لەلایــەن، وەزارەتــی ڕۆشــەنبیریی حکوومــەتی کوردســتان و، دەزگــەی ڕوونــاکبیریی و، کۆمەڵەو ڕیکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەبوارە جیاجیاکاندا پــێ بەخشراوە.

* یارمەتییەکی فرەی گەنجانی داوە لە ناسین و وەشانی بەرهەم و بابەتەکانیان. لاوێکی زۆر! بەهاندان و دنەدانی ئەم هاتوونەتە بواری ڕۆژنامەوانی و نووسینەوە.

* ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی جیهانیی.

* ئەندامی یەکێتیی ئەدیبان ونووسەرانی عێراق.

* ئەندامی دەستەی کارگێڕیی یەکێتیی نووسەرانی کورد.

* ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.

* ئەندامی دەستەی کارگێڕیی کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی.

* ئەندامی دەستەی کارگێڕیی ئەنجوومەنی ئەدیبانی کەرکووك.

* ئەندامی دەستەی کارگێڕی ڕێکخراوی چاودێریی کوردۆسایدـ چاك.

* بەم ناوانە، بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە:

حەمە سەعید زەنگنە ، م. س زەنگنە ، حەمەتاڵ ، شوان محەمەد زەنگنە ، زەردەشتی ، عەلی زەردەشتی ، قشڵاخی ، دڵگوڵ ، شەن ، دلۆڤان گەرمیانی ، کۆژان کەرکووکی.

## سوپاس و پێزانیین!

* پڕ بە دڵ، سوپاسی برا و هاوڕێم! نزار محەمەد سابیر، خودانی کتێبی( ڕەخنە گرتن لە عەقڵی کورد) دەکەم، کە وەکوو خۆی دەیکوت: شەش جارانی ئەم نوقڵە چیرۆکانە! خوێندووەتەوەو، ئەوجار پێداچوونەوەو، هەڵەگریی بۆ کردوون. منەتبارییم! چونکە سەرەڕای ئەو ماندووبونەی، کۆمایە تێبینیی جوانی وێدام.